تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5776) چوارشەمە 26ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

کەمال کەرکووکی بۆ خەبات:

پارتی بەشێوەیەک دەگەڕێتەوە کە کەرکووکییەکان پێی سەربەرز بن

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک – گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان تەئکیدی کردەوە کە پارتی هێشتا بڕچوونی پێشووی لەبارەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک هەیە. دکتۆر کەمال کەرکووکی، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک – گەرمیانی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: پارتی ئێستاش هەمان بڕچوونی پێشووی بۆ ئاساییکردنەوەی کەرکووک هەیە، دۆسیەکانی سەربازیی، ئەمنی، سیاسی و کارگێڕی دەبێت وابێت کە پێشمەرگە و سوپا لەدەرەوەی شاری کەرکووک و قەزا و ناحییەکان بن بۆ پاراستنی ناوچەکە لە تیرۆر، ناوەندێکی هەماهەنگیشیان هەبێت. ڕوونیشی کردەوە کە پێویستە دۆسیەی ئەمنی ڕادەستی پۆلیس و دەزگا ئەمنییە خۆجێییەکانی کەرکووک بکرێن کە لە پێکهاتەکانی کەرکووک پێکهاتبن، ئەو هێزانەی لە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017ـەوە هێنراونەتە ناو کەرکووک، ببرێنە دەرەوەی شارەکە.

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە

مەسرور بارزانی و شاندێکی یەکێتیی ژووری بازرگانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆبوونەوە



دوێنێ سێشەمە 2019/6/25 مەسرور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە شاندێکی فراوانی یەکێتیی ژووری بازرگانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی ستیڤ لوتەس جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کرد.



محەمەدی حاجی مەحموود:

کورد دەبێت مەلەفی ئەمنییش لە کەرکووک وەربگرێتەوە



قایمقامی شنگال بۆ خەبات:

لەو ڕەوشەی ئێستای شنگال ئاوارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە

دادگای دهۆک بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ بکوژی دلین دەرکرد



وەزارەتی دەرەوەی ئێران: سزاکانی سەر خامنەیی و زەریف ڕێگای دیپلۆماسیی داخست

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی ڕایگەیاند کە ئەمەریکا بەو سزایانەی ڕێبەری ئێران، عەلی خامنەیی و وەزیری دەرەوە، محەمەد جەواد زەریفی کردووەتە ئامانج، دەرگاکانی دیپلۆماسی بەتەواوی داخستووە. عەباس موسەوی لە هەڵمارى خۆی لە تویتەر باسی لە سزا نوێیەکانی ئەمەریکا کرد کە عەلی خامنەییش دەگرێتەوە. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە ڕووناکردنەوەکەیدا ڕایگەیاندووە: سزا بێ سوودەکانی سەر ڕێبەری ئێران و فەرماندەی دیپلۆماسی "زەریف"، بەتەواوی ڕێگای دیپلۆماسی لەگەڵ حکومەتی بێ ئومێدی ئەمەریکا داخستووە. عەباس موسەوی ئەوەشی خستووەتەڕوو کە حکوومەتی ئەمەریکا هەوڵی لەناوبردنی هەموو ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە دەدات کە بۆ پاراستنی ئاشتیی و ئاسایشی جیهانی دامەزراون.

زیاتر لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە

نوری حەمەعەلی: تەنیا پێشمەرگە دەتوانێت کۆتایی بە مەترسیی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کەرکووک بهێنێت

ڕۆژانە تیرۆریستانی داعش لە کەرکووک و دەوروبەری کاری تیرۆریستی دەکەن و سەرانە لە هاووڵاتیان وەردەگرن، هێزە عێراقییەکان ناتوانن کۆنترۆڵی ئەمنیی ناوچەکە بکەن. فەرماندەی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک دەڵێ، تەنیا پێشمەرگە دەتوانێت کۆتایی بە مەترسیی داعش بۆ سەر کەرکووک و دەوروبەری بهێنێت. نوری حەمە عەلی، فەرماندەی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: لە سنووری سەنگەرەکانی پێشمەرگە داعش ناتوانێت هیچ جوڵەیەکی چەکداری بکات، جوڵەی داعش دە کیلۆمەتر دووەر لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە، داعش لەژێر دەسەلاتی هێزەکانی عێراق سەربان هەڵداوەتەوە، بەشی زۆری ناوچەکە بە شەو بەدەست تیرۆریستانی داعشەوەیە. هاووڵاتیان و فەرماندەکانی پێشمەرگە دەڵێن: "تەنیا هێزی پێشمەرگە دەتوانێت جارێکی تر ئاسایش و ئارامی بۆ کەرکووک و تەواوی ناوچەکە بگەڕێنێتەوە. "

زیاتر لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە



ئایا لە ئایندەدا ژمارەی گەشتیاران بەردەوام زیاد دەکات؟



زیاتر لە 16 کانژمێر کارەبای نیشتیمانی بە هاووڵاتیان دەدرێت



ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ خەبات:

پرۆسەی بەشیعەکردنی پارێزگای مووسڵ گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار

کەمال کەرکووکی بۆ خەبات:

پارتی بەشێوەیەک دەگەڕێتەوە کە کەرکووکییەکان پێی سەربەرز بن



سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک – گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان تەئکیدی کردەوە کە پارتی هێشتا بۆچوونی پێشووی لەبارەی ئاسایبکردنەوەی دۆخی کەرکووک هەیە. دکتۆر کەمال کەرکووکی، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک – گەرمیانی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: پارتی ئێستاش هەمان بۆچوونی پێشووی بۆ ئاسایی کردنەوەی بابەتی پارێزگار. کەرکوکی تەئکیدیشی کردەوە: ئەمانە بۆچوونەکانی ئێمەن کە لە گفتوگۆکانمان وەک پارتی هەوڵی بۆ دەدەین تا جێگیر بن، هەرچەندە لێدوانی جۆراوجۆر لێرە و لەوێ دەدرێن، بەڵام دوورن لە ڕاستییەوە، ئەوەی باس لەوە دەکات گوایە من وەک کەمال کەرکووکی بە قایمقام و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگام ڕاگەیاندووە کە بگەڕێینەوە کەرکووک، ڕاست نییە و شتی وام نەگوتووە، ئەوەش ڕاست نییە کە حکوومەتی عێراق بۆ گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک مەرجی دانابێت.“ گوتیشی ”چوونەوەمان پەیوەندی بە ڕێککەوتنەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ لەسەر بۆچوونەکانمان هەیە، پارتی بەشێوەیەک دەگەڕێتەوە کە کەرکووکییەکان پێی سەربەرز بن .“

هێزانەی لە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017ەوە هێنراونەتە ناو کەرکووک، ببڕێنە دەرەوەی شارەکە.

هەروەها بە پێویستی زانی، بارەگاکانی پارتی و پارتی گەلی تورکمانی چۆڵ بکرێن کە پێشتر داگیرکراون، بەربەست لە پێش ئالای کوردستان لابببرێت، دۆسیەی کارگێڕی لە دوای ڕێککەوتن لەسەر سێ دۆسیەکەی دیکە، پێشتر دەست پێ دەکات، ئەویش بە دەستبەکاربوونی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لە شوێنی خۆی و کەرکووک ئێستا لە دەستی کورد نییە، بەڵکو لە دەستی عێراقە، هەتا ئەگەر سبەی پارێزگارێک یا دوو پارێزگاری کوردیشی بۆ دابنێین، کە مەلەفی ئەمنی لە دەستی کورد نەبێت، چیمان پێدەکرێت؟ بۆیە ئێمە پێویستە مەلەفی ئەمنی وەربگرینەوە، چونکە دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووک لەم کاتەدا هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕێت، سبەی هەر جێگرەکەی کە عەرەب یا تورکمان دەبێت دەسەڵاتی دەبێت، دەبێت داوا لەوە بکرێت کارێک بکرێت، لەبەر ئەوەی پێمواننییە هێزێکی سەربازی عێراقی بێت گوێرایەڵی پارێزگارێکی کورد بێت لە کەرکووک. سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، ڕاشیگەیاند: تەنها چارەسەر بۆ دۆخی کەرکووک ڕێککەوتنە لەگەڵ بەغدا لەسەر هەموو ئەو ناوچانەی ماددەی 140ی دەستووری عێراقی بە کەرکووک و خانەقین و شنگال و هەموو ناوچە دابڕێندراوەکان.

محەمەدی حاجی مەحمود سەبارەت بە گرنگی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی و کاریگەری ڕێککەوتنەکەش لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان، گوتی: لە ڕاستیدا ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی لە 70%ی کێشەکان چارەسەر دەکات، بەڵام ڕێکنەکەوتنیان لە 70%ی کێشەکان زیاد دەکات.

محەمەدی حاجی مەحمود گوتیشی: بۆ من گرنگ نییە پارێزگاری کەرکووک دابندرێت یا نا، گرنگ ئەوەیە ئەو دوو هێزە، واتە پارتی و یەکێتی واقیعیانە ببر بکەنەوە و حکوومەتیش پێکبهێنن، کورد ئێستا پێویستی بە ڕێکخستنی نێومالّی خۆیەتی بۆ ئەوەی خۆی ڕێکبخاتەوە، یەکهەڵوێستی سیاسی لەنێو مالّی خۆی. محەمەدی حاجی مەحمود، دەشڵێت: پێمواییە دەبێت پارتی و یەکێتی بگەنە ئەنجام، خۆ ئەگەر حکوومەتیش پێکبێت، پارتی دەتوانێت، چونکە بەپێی یاسا و دەستوور 45 کورسی هێناوە و پێویستی بە 11 کورسی تر بۆ ئەوەی حکوومەت پێکبهێنێت.

محەمەدی حاجی مەحمود: کورد دەبێت مەلەفی ئەمنییش لە کەرکووک وەربگرێتەوە

پێمواننییە هێزێکی سەربازیی عێراقی گوێڕایەڵی پارێزگارێکی کورد بێت لە کەرکووک



سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە سەرۆکی پارتی سەوزی ئەڵمانیا دەکات



سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی پارتی سەوزی ئەڵمانیا دواین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و کوردستان و ناوچەکە تاوتوێ دەکەن.

دوێنێ سێشەممە 25ی حوزەیرانی 2019د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە ئانالینا بییەر بۆک، سەرۆکی پارتی سەوزی ئەڵمانیاو ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیا و باربارا شوماخەر، بەرپرسی دیسکی سیاسی و ئابووری و مرۆیی لە کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەریان کرد.

لەدیدارێکدا سەرەتا ئانالینا بییەر بۆک، سەرۆکی پارتی سەوزی ئەڵمانیا و ئەندمی پەرلەمانی ئەڵمانیا، خۆشحاڵیی خۆی بەسەردانەکەی بۆ پەرلەمانی کوردستان دەربڕی و مەبەستی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان روونکردەوە کە بۆ بەسەرکرنەوەی کەمپەکانی سنووری پارێزگای دهۆکە و ئامانجیانە لەنزیکەوە ئاگاداری دۆخی سیاسی و ئابووری و ژیانی ئاوارەکان بن و هەر شتێکیش بۆ ئەم مەبەستە پێویست بێت هاوکارو هەماهەنگ بن.

لای خۆیەوە د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان، پوختەیەکی سەبارەت بە ڕۆڵی پەرلەمان و ڕێکارە یاساییەکان و ڕۆژەی ئافرەتان لەکایەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باس کرد و تەئکیدی لەسەر پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کردەوە و ڕایگەیاند: لە ئێستادا هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیّ قۆناغی باشی بڕیوە و چاوەڕێ دەکەین پێش پشووی پەرلەمان، پێکهاتەی کابینەکە بخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی متمانە پێدانیان.

پاشان شاندی میوان خوشحاڵیی خۆیان بەو بەرەوپێشچوونەی هەرێمی کوردستان لەسەرجەم بوارەکان دەربڕی و ستایشی ئەو هەنگاوە یاسایانەی هەرێمی کوردستانی کرد کە بۆ پێدانی ڕۆڵی زیاتر بە ئافرەتان لەدامەزراوە گرنکەکانی هەرێمی کوردستان بەرزنرخاند و ڕایگەیاند: ئەم ڕێژە یاساییە کە بۆ کۆتای ئافرەت لەهەرێمی کوردستان دانراوە لای ئێمە لەپەرلەمانی ئەڵمانیا نییە و بەو کارەش ئێوە هەنگاوێک لەپێش ئێمەن.

لەکۆتایی دیدارەکەدا هەردوولا جەختیان لەسەر بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان پەرلەمانی کوردستان وپەرلەمانی ئەڵمانیا کردەوە و هیواشیان خواست کە ئەو پشتگیری و هەماهەنگییەی نێوان هەردوولا بەردەوام بێت و پەرەی زیاری پێبدرێت.

ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ خەبات:

پرۆسەی بەشیعەکردنی پارێزگای مووسڵ گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار



خەبات: مەریوان ندقشەندی

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای مووسڵ لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات هۆشداری سەرهەڵدانی کێشەیەکی گەورەی تائیفی لەپارێزگای مووسڵ دەدات و دەڵێ بەشێوەیەکی بەرنامەدارێژراو و بەبەرچاوی حکوومەتی عێراقەوە پرۆسەی بەشیعەکردن و دەستبەسەراگرتنی پارێزگای مووسڵ لەلایەن گروپە چەکدارە شیعەکانی ناو پارێزگای نەینەوا دەستپێکردووە.

عەبدولڕەحیم شەمەری ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر پارێزگای مووسڵ لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەندێ هێزی شیعەی دەسەڵاتدار کە بەهۆی شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵ لە تیرۆرستانی داعش هاتوونەتە پارێزگاکە دەستیان بەسەر موقەدەراتی پارێزگای مووسڵدا گرتووە و بەشێوەیەکی بەرنامەدارێژراو مووسڵ و پارێزگای نەینەوا داگیردەکەن و بەناوی مەرجەعیەت و حکوومەتی عێراقیشەوە ئەم کارە دەکەن، بۆ ئەوەش چەندین بەڵگەنامەی لەسەر ئەم ئیدیعایەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات ناردووە.

عەبدولڕەحیم شەمەری کە سونەمەزهەبە و لەسەر پارێزگای مووسڵ زۆر گلەیی لە حکوومەتی عادل عەبدولمەهدی و هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی عێراق هەیە لە دێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: خەریکە مزگەوتی نەبی یونس و زۆر مۆلکی دیکەی وەقفی سوننی عێراقی داگیردەکەن و ئەگەر ئەم پرۆسەیە ڕانەگیرێ و ئەوا کارەسات دەقەومێ و شەڕی تائیفی دەبێتە کێشەی داهاتووی عێراق: ئەم ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەران داواش لە سەرۆک مەسعود بارزانی دەکات وەک پێشەی هەمیشەیی کە ڕۆڵی هەبووە لەیەکلاییکردنەوەی کێشەکانی عێراق و ناوچەکە لەم مەسەلەیەدا تەدەخول بکات.

سەرکۆماری ئێران بۆ تەرەمپ: ئێوە بەدوای دانوستانەوە نین



سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ڕایگەیاند کە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالّد تەرەمپ لێدوانی داوە لەبارەی دانوستان و لە هەمان کاتدا وەزیری دەرەوە، مەحەمەد جەواد زەریفی خستووەتە لیستی سزاکانەوە و گوتی: ئێوە بەدوای دانوستانەوە نین.

حەسەن ڕوحانی لە میانی کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی تەندروستی لە تارانی پایتەخت گوتارێکی پێشکەش کرد و باسی لە سزاکانی ئەمەریکا کرد.

سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ڕەخنەی لە دواینین سزای ئەمەریکا گرت و گوتی: ئەنجامدانی کارێک وەک ئەوەی ڕێبەری وڵاتێک بخەیتە لیستی سزاکانەوە دەبێت ژیریت لەدەستدا بێت.

ئەوەیش نیشانی دەدات کە دوژمن لە دۆخێکی نائاسایی دایە. حەسەن ڕوحانی ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە وەزیری دەرەوە، مەحەمەد جەواد زەریف لەگەڵ وەزیری پێشووی ئەمەریکا، ڕێکس تیللەرسن لە نیویۆرک کۆبوونەوە و گوتی: لە لایەک دەڵێن دانوستان دەکەین هاوکاتی ئەوە وەزیری دەرەوە دەخەنە لیستی سزاکانەوە. ئاشکرایە کە درۆ دەکەن. ئێوە بەدوای دانوستانەوە نین.

بەوەش دا کە دوای ئەوەی بەڵێنەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمییان کەمکردۆتەوە، ئەمەریکییەکان تووڕەبوون و گوتی: باشە بۆ نارەحەت دەبن، باشە بۆ ئەوەی بۆ ئێمە باشە بۆ ئێوە خراپ دەبێت؟ کەواتە بە دووفاقی کاروبار ناڕوات بەڕێوە. کۆشکی سپی ڕووبەڕووی کەم ئەقڵێک بوونەتەوە. بێ ئومێد بوون، چونکە هەرچییەک دەکەن ناگەن بە ئەنجام، ئەوان وایان زانی لە دوو تا سێ مانگدا ئێران ڕووبەڕووی کارەسات دەکەنەوە. ڕوحانی داواشی لە میدیاکانی وڵاتەکەی کرد هیوا بە خەڵک ببەخشن و بەختەوەری و ژیانی مرۆڤەکان بۆ خۆیان گرنگە و گوتی: نابێ زۆر دەستووبردێتە ژیانی خەڵک. با بەپێی یاساکان لەگەڵیان بجوڵێینەوە. هەوڵدان بۆ دەستوەردانە ژیانی خەڵک لە هەموو شوێنێک و لە هەر بابەتێکدا ڕەوشێکی ناڵەبارە.

مەسرور بارزانی و شاندێکی یەکێتیی ژووری بازرگانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆبوونەوە



دوێنێ سێشەممە 2019/6/25 مەسرور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە شاندێکی ژووری بازرگانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی ستیڤ لوتەس جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد.

مەسرور بارزانی خۆشحاڵی خۆی بە هاتنی ئەم شاندە فراوانەی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا دەربڕی و بە ئاماژەیەکی گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندیی ئابووریی نێوان هەردوولای هەژمار کرد. ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم تیشکی خستە سەر زەمینەی لەبارى وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و ڕایگەیاند کە بەرنامەیەکی سەرەکیی کابینەی داهاتووی هەرێم، ڕاکێشانی هەرچی زیاتری وەبەرهێنانی دەرەکی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت و بێگومان کۆمپانیاکانی ئەمەریکاش دەتوانن سوود لەو هەلومەرجە ئابووریيەی ناو هەرێم وەرگرن. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە ئەمە سەرەتای هەنگاوی کردەیی کابینەی داهاتوو دەبێت بۆ ئەوەی ئابووری کوردستان فرەسەرچاوە بێت و تەنیا پشت بە کەرتی نەوت نەبەستێت.

لەلای خۆیەوە سەرۆکی ژووری بازرگانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد: "تەنیا هێزی پێشمەرگە دەتوانێت جارێکی تر ئاسایش و ئارامی بۆ کەرکووک و تەواوی ناوچەکە بگەڕێنێتەوە. "

نوری حەمە عەلی، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: ئێمە بەدڵنیاییەوە گوتوومانە، تەنیا پێشمەرگە دەتوانێت ئاسایش و ئارامی بۆ هاووڵاتیان و فەرماندەکانی پێشمەرگە دەڵێن: "تەنیا هێزی پێشمەرگە دەتوانێت جارێکی تر ئاسایش و ئارامی بۆ کەرکووک و تەواوی ناوچەکە بگەڕێنێتەوە. "

نوری حەمە عەلی، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: ئێمە بەدڵنیاییەوە گوتوومانە، تەنیا پێشمەرگە دەتوانێت ئاسایش و ئارامی بۆ کەرکووک و تەواوی ناوچەکە بگەڕێنێتەوە.

مەسرور بارزانی خۆشحاڵی خۆی بە هاتنی ئەم شاندە فراوانەی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا دەربڕی و بە ئاماژەیەکی گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندیی ئابووریی نێوان هەردوولای سەرکەوتن بۆ مەسرور بارزانی لە سەرۆکایەتی کابینەی داهاتووی هەرێم، جەختیان لە سەر نیازی یەکێتی ژووری بازرگانیی ئەمەریکا کرد لە هاندانی کۆمپانیاکانیان بۆ کارکردن و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا. لە میانەی گفتوگۆکاندا تیشک خرایە سەر گرنگیدان بە وەبەرهێنان لە بواری جۆراوجۆرەکان، بە تایبەت لە پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی هەرێم و وەبەرهێنان لە کەرتەکانی تەندروستی و تەکنەلۆژیا و پیشەسازی و پێشخستنی سیستەمی دارایی و کەرتی پەروەردە لە هەرێم.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
کۆمپانیاکانی ئەمەریکا دەتوانن هاوبەشی ئێمە بن بۆ پەرەپێدانی ئابووریی کوردستان



جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، هێمن هەورامی، ڕۆژی دووشەممە 2019/6/24 لە وتارێکدا لەبەردەم شاندێکی ژووری بازرگانیی کۆنگرێسی ئەمەریکا ڕایگەیان، کۆمپانیاکانی ئەمەریکا دەتوانن هاوبەشی ئێمە بن بۆ پەرەپێدانی ئابووریی کوردستان.

هێمن هەورامی، ئاماژەی بەوە دا کە قەیرانی ئەم دواییە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی جارێکی تر بەخۆماندا بچینەوەو لە کەموکورتییەکانی ڕابردووماندا شت فێربین، ئێوە وەکو کۆمپانیا پیشەنگەکان دەتوانن هاوبەشی ئێمە بن، ئێوە دەتوانن یارمەتیدەری ئێمە بن بۆئەوەی گەشە بەئابووریی خۆمان بدەین و کاریگەرییمان پەرەبستێنێت.

هەر لە وتەکەیدا هێمن هەورامی، ئاماژەی بەدەسپێکی قۆناغی گەڕانەوە بۆ کەرتی کشتوکاڵ کرد و ڕایگەیاند: بۆ یەکەمجار لەماوەی دەیەکانی ڕابردوودا لەنێوان سالی 2014 بۆ 2016 بەرهەمی گەنمی ئێمە دوو بەرامبەر بوو، چونکە خەڵک لە ناوچە شارییەکان گەڕانەوە بۆ گوندەکان بۆئەوەی خەریکی کشتوکاڵ بن، ئەوان لە نێو جەرگەی قەیرانەوە دەرفەتیان خولقاند. گوتیشی: ئەرکی لەپێشینەی پەرلەمانی کوردستان کارکردنە لەگەڵ حکوومەت بۆ چاکسازییە هەرە پێویستەکان لەگەڵێک بواردا، بۆ ڕێکخستنی لایەنی دارایی و کارگێڕی و کەمکردنەوەی ڕۆتینایی بێکەڵک. لە کۆتایی وتارەکەیدا هێمن هەورامی، گوتی: پێشوازی لە کۆمپانیاکانی ئێوە دەکەین بۆئەوەی بێن لێرە بازرگانی بکەن و کوردستان وەکو پێگەیەکی سەقامگیر و جێگیر بۆ بازرگانیی خۆتان لە عێراق بەکاربێنن.

جێی باسە ژووری بازرگانیی ئەمەریکا گەورەترین ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانە کە زیاتر لە سێ ملیۆن ئەندامی هەیە، سەرۆکی شاندی نوێنەرانی ژووری بازرگانی و کۆمپانیاکانی ئەمەریکا ستیڤ لووتس، جێگری سەرۆک بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. سەردانی ئەم شاندەش بۆ کوردستان لەلایەن نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا ڕێکخرابوو.

نوری حەمەعەلی: تەنیا پێشمەرگە دەتوانێت کۆتایی بە مەترسیی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کەرکووک بهێنێت



ڕۆژانە تیرۆریستانی داعش لە کەرکووک و دەوروبەری کاری تیرۆریستی دەکەن و سەرانە لە هاووڵاتیان وەردەگرن، هێزە عێراقییەکان ناتوانن کۆنترۆڵی ئەمنیی ناوچەکە بکەن. فەرماندەی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک دەڵێ، تەنها پێشمەرگە دەتوانێت کۆتایی بە مەترسیی داعش بۆ سەر کەرکووک و دەوروبەری بهێنێت. نووری حەمە عەلی، فەرماندەی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: لە سنوری سەنگەرەکانی پێشمەرگە داعش ناتوانێت هیچ جوواڵەیەکی چەکداری بکات، جوواڵەی داعش دە کیلۆمەتر دوورە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە، داعش لەڕێی دەستەلاتی هێزەکانی عێراق سەربان هەڵداوەتەوە، بەشی زۆری ناوچەکە بە شەو بەدەست تیرۆریستانی داعشەوەیە.

تەواوی پێکهاتەکانی کەرکووک بێ جیاوازی دابین بکات و مەترسیی تیرۆریستانی داعش لەسەر ناوچەکە نەهێڵێت. گوتیشی: چەکدارانی داعش بە شەو چەک هەڵدەگرن و ئەو کارانەی مەبەستیانە دەیکەن، بە ڕژێشدا جلوبەرگی مەدەنی دەپۆشن و خۆیان بە هاووڵاتی نیشان دەدەن، بۆیە پێویستی بە هێزێکی سەربازیی بەهێز هەیە کە سنووردێک بۆ کردارەکانی داعش دابنێت.

فەرماندەی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک ئاماژە بەوەش دەکات: داعش لە کەرکووک و دەوروبەری چەندین شانەی نووستوویان ڕێکخستووەتەوە و بەردەوامیشن لە خۆڕێکخستنەوە. دەشڵێ: هێزێکی سەربازیی بەهێز پێویستی بە هاوبەشی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری داعش ببێتەوە.

وەزارەتی دەرەوەی عومان:
پەیامی ئەمەریکامان نەگەیاندووەتە ئێران

وەزارەتی دەرەوەی عومان ئاشکرایکرد ئەو دەنگۆیانەی باس لە "گەیاندنی پەیامی ئەمەریکا لە لایەن ئەوانەوە بۆ ئێران دەکەن" دوورن لە ڕاستییەوە. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە لایەن وەزارەتەکەوە بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوەکراوە ئەو هەواڵانەی باس لەوە دەکەن لە دوای خستنە خوارەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەی ئەمەریکا لە لایەن ئێرانەوە، پەیامی واشنتۆنیان گەیاندووەتە تاران، بێ بنەمان.

جەخت لەوەش کراوەتەوە بە وردیی چاودێریی پێشهاتەکانی ناوچەکە دەکەن و لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە: هیوادارین ئێران و ئەمەریکا بە هێمنی مامەڵە بکەن و بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی نێوانیان ڕێگای دیالۆگ بگرنە بەر.

یاریدەدەرێکی ئەیاد عەلاوی بۆ «خەبات»:
خەڵکی عێراق بە قەد خەڵکی کوردستان بەگرنگییەوە دەڕوانێ کابینە نوێیەکەی مەسرور بارزانی

مەسرور بارزانی دەتوانێ هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە ئاستێکی بەرزی سەقامگیریی ئەمنی و گەشەی ئابووری



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

لەلێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات عارف کامل ئەلبهاش کەسایەتی سیاسی ناسراوی عێراق و یەکێک لەیاریدەدەرە نزیکەکانی د. ئەیاد عەلاوی ئاماژە بەدەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان لەسایەی حیکمەتی سەرۆک بارزانی و خانەوادەی بارزانی دەکات و دەڵێت مەسرور بارزانی دەتوانێ هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە ئاستێکی بەرزی سەقامگیریی ئەمنی و گەشەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و چاکسازیی هەمەلایەنە.

لەدرێژەی لێدوانە تایبەتەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات یاریدەدەرەکەی د. ئەیاد عەلاوی گوتی: گرنگی پێکهێنانی ئەم کابینە نوێیەی حکوومەتی هەرێم لەوەدایە کە بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکایەتی دەکات کە کوڕی کەسایەتی و مەرجەعی گەورە سەرۆک مەسعود بارزانی یە و هیچ گومانی تێدا نییە بەڕێز مەسرور بارزانی بەو ئەزموونەی کە سااڵنێک لەژێر سایەی بارزانییی باوکدا کۆیکردۆتەوە و لەهەمان کاتیشدا سەرپەرشتی گرنگترین و هەستیارترین دامەزراوەی ئاسایشی کردووە لەهەرێمی کوردستان، دەتوانێ گۆڕانکاری و چاکسازیی گەورە لە ڕووی ئیداری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زۆربەی بوارەکاندا بکات و بۆ خەڵکی عێراقیش زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان حکوومەتێکی بەهێز و هێمنی و سەقامگیری هەبێت بۆیە لایەنە عێراقییەکان بەهەمان شێوەی دانیشتوانی هەرێم چاوەڕێی دەستبەکاربوونی کاک مەسرور و کابینە وەزارییەکەی دەکەن.

ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا:
ترەمپ دەرگا بە کراوەیی بەجێدەهێڵێت بۆ دانوستانی ڕاستەقینە لەگەڵ ئێران



ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، جۆن بۆڵتن ڕایگەیاند، سەرۆک دۆناڵد ترەمپ کراوەیە بەڕووی "دانوستانی ڕاستەقینەدا "و گوتی: ئەو شتەی پێویستە ئێران ئەنجامی بدات، لەو دەرگایەوە ڕێ بکات کە کراوەیە. جۆن بۆڵتن لە گوتارێکیدا لە کۆبوونەوەی سێقۆڵی ئەمەریکا، ڕووسیا، ئیسرائیل لە ئۆرشەلیم، باسی لە گرژییەکانی نێوان واشنتۆن و تاران کرد. ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا باسی لەوە کرد کە دیپلۆماتکارانی ئەمەریکا بەهیوای دۆزینەوەی ڕێگایەکی دەرچوون لەو گرژییەی کە لە نێوان واشنتۆن و تاران دەگوزەرێت لە ناوچەکەدا لە هەوڵدان، هاوکات ئێرانی تۆمەتبارکرد بە بێدەنگی بەرامبەر ئەو پێشهاتانە و گوتی: "ئێران تاکە بەڵگەیەکی نییە کە نیشانی بدات بە بڕیاری ستراتیجی وازی لە چەکی ئەتۆمی هێناوە.

جۆن بۆڵتن لەبارەی دەستپێکردنی دانوستانەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران تۆپەکەی هەڵدایە گۆڕەپانی ئێران و گوتی: سەرۆک ترەمپ دەرگا بە کراوەیی بەجێ دەهێڵێت بۆ دانوستانی ڕاستەقینە. ئەوەی پێویستە ئێران بیکات ئەوەیە بەڕەو دەرگا کراوەکە بڕوات.

غەفوور مەخموورى بۆ خەبات:

کەسایەتى و ئەزموونى کاک نێچیرڤان بارزانى دەتوانێت سەرۆکایەتیى هەرێم بکاتە ماڵێکى گەورە بۆ هەموو کوردستانیان

ئومێد دەکەین کاک مەسرور بارزانى لە سەرۆکایەتیى حکوومەتدا بتوانێت ئاستەنگ و گرفتەکانى پێشوو نەهێڵێت



خەبات: تریفە ئازاد

غەفوور مەخموورى سکرتێرى گشتیى یەکێتیى نەتەوەیى دیموکراتى کوردستان (YNDK) لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەى خەبات سەبارەت بە پرسى کاراکردنەوەى دامەزراوەى سەرۆکایەتیى هەرێمى کوردستان و پێکهێنانى کابینەى نۆیەمى حکوومەتى هەرێمى کوردستان و پەیوەندى نێوان لایەنە سیاسییەکانى کوردستان و ڕەوشى ناوچەکانى دەرەوەى هەرێمى کوردستان و پەیوەندى نێوان هەولێر و بەغدا، ڕوانینى خۆى خستەڕوو.

خەبات: بڕچوونى بەڕێزتان لەسەر کاراکردنەوەى دامەزراوەى سەرۆکایەتى هەرێم و هەڵبژاردنى ڕێزدار نێچیرڤان بارزانى چییە؟

غەفوور مەخموورى: کارکراکردنەوەى دامەزراوەى سەرۆکایەتیى هەرێمى کوردستان پێویست بوو، بۆ ئەوەى بتوانێت لەسەر ئاستى ناوخۆ و ناوچەکە و جیهانى دەرەوەدا پەیوەندییەکانى کوردستان ڕێکبخاتەوە و هەوڵبدات پارێزگارى لە پێگەى کوردستان بکات و زیاتر بەهێزى بکات، کەسایەتى و ئەزموونى بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانى لەو پێگەیەدا دەتوانێت وا بکات، کەوا سەرۆکایەتیى هەرێمى کوردستان ببێتە ماڵێکى گەورە بۆ هەموو کوردستانیان، بۆ ئەمەش پێویستە بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانى بە یەک چاو سەیرى هاوواڵتیانى کوردستان و لایەنە سیاسییەکان بکات و لە خەمى چارەسەرکردنى گرفتەکانیان و چۆنییەتى پێشخستنى پرۆسەى سیاسیى کوردستاندا بێت.

خەبات: پێتوایە حکوومەتى داهاتوو چۆن دەبێت؟

غەفوور مەخموورى: ئومێدمان زۆرە کە کابینەى نۆیەمى حکوومەتى کوردستان بتوانێت کار بکات بۆ سیستماتیکردنى دەزگا و دامەزراوەکانى کوردستان و ڕێکخستنەوەى سەرلەنوێى ئیشوکارەکانى حکوومەت، ئومێد دەکەین، کەوا بەڕێز کاک مەسرور بارزانى وەک سەرۆکى حکوومەتى کوردستان بتوانێت ئاستەنگ و گرفتەکانى کابینەکانى پێشوو دەرباز بکات، پێویستە کابینەى نۆیەمى حکوومەتى کوردستان ڕەنگدانەوەى واقیعى سیاسى و نەتەوەیى و ئایینى و کولتوورى کوردستان بێت، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە حکوومەت کار لەسەر ئەوە بکات، کە نوێنەرى زۆربەى لایەنە سیاسییەکان و ئاشوورییەکان و تورکمانەکان و ئێزیدییەکان لە حکوومەتدا بەشداربن، ئەمە وادەکات حکوومەت بەهێزتر بێت، بەڵام ئەگەر حکوومەت بوو بە حکوومەتى چەند لایەنێکى سیاسیى دیاریکراو، توانای چارەسەرى کێشەکانى کەمتر دەبێت، باوەڕ دەکەین کەسایەتى و ئەزموونى بەڕێز کاک مەسرور بارزانى لەو پێگەیەدا فاکتەر دەبێت بۆ کارى باشتر نەک کۆپیکردنەوەى ڕابردوو.

خەبات: ئایا ئێستا پەیوەندى لایەنەکان چۆن دەبینى؟

غەفوور مەخموورى: بەداخەوە بارودۆخى ناوخۆیى کوردستان باش نییە و پەیوەندى نێوان پارچەکانى کوردستان و حزبەکان لە ئاستێکى خراپدایە، باشوورى کوردستان لە دواى ڕاپەڕینى بەهارى 1991 بە کۆمەڵێ هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە، وەکو ئەزموونى حکومدارى گەلى کوردستان بێ کێشەو بێ گرفت نەبووە، بەڵام سەرەڕاى ئاستەنگەکان توانیویەتى لەسەر پێى خۆى بوەستێت، بێگومان لە تەواوى جیهاندا حکوومەت نییە بێ گرفت و بێ کێشە بێت، بەڵام کێشە و گرفتەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکى دیکە جیان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستى تێگەشتن لە سیستەمى حکومدارى لە هەر کۆمەڵگایەکدا. پێویستە لایەنە سیاسییە ناکۆکەکان بە دیدگایەکى سەردەمییانە سیاسەتى نوێى جیهان بخوێننەوە و ڕەچاوى بەڕژەوەندى نەتەوەیى و نیشتمانى بکەن. پێویستە لایەنە ناکۆکەکانى باشوورى کوردستان، ڕەچاوى هەستیارى بارودۆخى کوردستان بکەن و وەکو ڕێزگرتن لە خوێنى پاکى شەهیدان و قارەمانێتى پێشمەرگە و خۆڕاگرى گەلى کوردستان، ناکۆکییەکانیان بخەنە لاوە و بگەڕێنەوە سەرمێزى دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن، لەبەر ئەوەى سەردەم سەردەمى دیالۆگ و لە یەکترگەیشتن و لەهەڤاتنە، بۆ ڕێکخستنەوەى ناوەندى سیاسیى کوردستان، پێویستە بەزووترین کات (ئەنجوومەنى سیاسیى کوردستان) لە تەواوى هێز و لایەنە سیاسییەکانى باشوورى کوردستان پێکبهێندرێت و ئەم ئەنجوومەنە وەکو پاڵپشتێکى سیاسى بۆ دەسەڵاتى سیاسیى کوردستان لە کار دابێت و ڕۆڵى ڕاوێژکارى بەبێنێت و لەکاتى هاتنەپێشى قەیرانەکاندا بە پرۆژە و کارنامەى هاوبەشى سیاسى هاوکارێت.

خەبات: کێشە زۆرە لە ناوچە کوردستانییەکانى دەرەوەى هەرێم، چى بکرێت بۆ چارەسەرکردنى ئەو کێشانە؟

غەفوور مەخموورى: چارەسەرنەبوونى کێشەى ناوچە کێشەلەسەرەکانى دەرەوەى ئێدارەى هەرێمى کوردستان، بەشێکى دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکى نێوان لایەنە سیاسییەکانى کوردستان و بەشێکى دیکەشى دەگەڕێتەوە بۆ بێ بەڵێنى حکوومەتى عێراق و جێبەجێنەکردنى مادەى 140ى دەستوورى عێراق، ئێستاش ئەو ناوچانە لە ڕەوشێکى زۆر خراپدان بە تایبەت دواى ڕووداوەکانى 16ى ئۆکتۆبەرى 2017 ڕەوشى کەرکووک و مەخموور و خانەقین و شنگال و شوێنەکانى دیکە زۆر ئاڵۆز خراپ بووە، تاکە چارەسەریش بۆ کێشەى ئەو ناوچانە یەکدەنگى و هاوهەڵوێستى و هاوکارى نێوان لایەنە سیاسییەکانى کوردستانە.

خەبات: ئایا دەتواندرێت کێشەکانى نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکرێن؟

غەفوور مەخموورى: گەڕانەوەى کورد بۆ بەغدا و بەشداربوونەوەى لە پرۆسەى سیاسیى عێراق بەو ڕەوشەى ئێستاى، کەوا زۆربەى لایەنە کوردستانییەکان لەگەڵ یەک ناکۆک و سازانى کوردستانى وەک جاران نەماوە، ئەوە وایکردووە کورد لە بەغدا بە لاوازى سەیر بکرێت، ئەمە لە لایەک لە لایەکى دیکەوە ڕووداوەکانى 16ى ئۆکتۆبەرى 2017 درزى خستە یەکڕیزى کوردستانى و سازانى کوردستانى نەهێشت، ئەمەش وایکردووە بەغدا بە چاوى کاراکتەرێکى لاواز و پێکناکۆک لە کورد بڕوانێت، بۆیە پێویستە سەرکردایەتیى سیاسیى کوردستان هەڵوەستەى جددى لەسەر ئەم خاڵانە بکات.

لەبەر ئەوەى سەرکردایەتیى کورد لە کاتى ڕووخانى ڕژێمى پێشووى عێراق لە 2003ەوە تا ئێستا لە حکوومەتە یەک لەدواى یەکەکانى عێراقدا بەشدار دەبێت و بەردەوام لە دانوستان و گفتوگۆدایە بۆ وەدەستهێنانى خواستەکانى گەلى کوردستان، کەچى تائێستا پرسەکان بە هەڵواسراوى ماونەتەوە و چارەسەرنەکراون، عەلاوى چارەسەرى دۆسیەى کوردى بۆ جەعفەرى بەجێهێشت، جەعفەرى دۆسیەى کوردى بۆ مالیکى بەجێهێشت، هەموو لایەکیش دەزانین مالیکى لە جیاتى چارەسەر دۆسیەکەى پرکێشە و ئاڵۆزتر کرد و بۆ عەبادى جێهێشت، عەبادیش گۆڵمەزێکى ناوەتەوە کێشەکانى قوولترکردووەتەوە و بۆ عادل عەبدولمەهدیش بۆ ئەوەى دواى خۆى جێدەهێڵێت، بۆیە پێویستە سەرکردایەتیى سیاسیى کوردستان بەو دەستییە ڕازى نەبێت و بەڕاوێژ لەگەڵ تەواوى لایەنە سیاسییەکانى باشوورى کوردستان بڕیارى نەتەوەیى و نیشتمانى و یەکلاییکەرەوەى خۆى بدات و بە زووترین کات ئەنجوومەنێکى سیاسى لە تەواوى لایەنە سیاسییەکانى کوردستان پێکبهێنێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق، ئەو ئەنجوومەنە بڕیار بدات.

ئەو ڕەوشەى ئێستا کەوا کوردى تێدایە لە سەرکردایەتى سیاسیى کوردستان دەخوازێت سوودى لێوەربگرێت و لەدەستى نەدات و بە هاوکارى و پشتیوانى لایەنە سیاسییەکانى کوردستان وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا ئەنجوومەنى سیاسى یا بەردیەکى فراوانى کوردستانى پێکبهێنێت و هیچ لایەنێک پەراوێز نەخات، لەبەر ئەوەى هەموو لایەکمان دڵسۆزى بەشێکى زۆرى لایەنە سیاسییەکانى کوردستان دەبینین کەوا چۆن بەرەڤانى لەدەستکەوتەکانى گەلى کوردستان دەکەن و پشتیوانى سەرکردایەتیى سیاسى کوردستانن، لەم ڕەوشەدا پێویستە بە گیانێکى کوردستانییانە کار بکەین و ڕاوێژى تەواو لەنێوان هەموو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکاندا هەبێت، بێگومان ئەگەر بەو ئاراستەیە کار نەکەین لە ناوخۆى کوردستان و لەسەر ئاستى عێراق و ناوچەکەش بە لاوازى سەیر دەکرێین، بۆیە تەنها و تەنها یەکڕیزى و یەکدەنگى و هاوهەڵوێستى نێوانمان دەتوانێت کێشە و ناکۆکییەکانى نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکات.

قایمقامى شنگال بۆ خەبات:

لەو ڕەوشەى ئێستاى شنگال ئاوارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە



قایمقامى شنگال ئاشکراى کرد کە بەغدا هەوڵ دەدات قۆناغ بە قۆناغ کەمپى ئاوارەکان داببڕێت و خەڵک بگەڕێنێتەوە شوێنەکانى خۆیان. بەڵام ئێمە داوامانکردووە ڕەوشى شنگال باشبکرێت وئاوەدانکردنەوە دەست پێبکات دواتر هەنگاوەکانى گێڕانەوەى ئاوارەکان دەست پێبکات.

مەحما خەلیل، قایمقامى قەزاى شنگال بە خەباتى ڕاگەیاند: حکوومەتى عێراق هەوڵ دەدات قۆناغ بە قۆناغ کەمپى ئاوارەکان داببڕێت و خەڵک بگەڕێنێتەوە شنگال. بەڵام ئێمە داوامانکردووە کە ڕەوشى ئەمنى لە شنگال باش بکرێت و زەرەرمەندانى کارەساتى شنگال قەرەبوو بکرێنەوە، دواتر هەنگاوەکانى گێڕانەوەى ئاوارەکان دەستپێبکات. لەبەرئەوەى کەس ناتوانێت بێ خزمەتگوزارى لە شنگال ژیان بەسەربەبات. هەروەها گوتى کە ئێستا ئاو و کارەبا و جادە و نەخۆشخانە و قوتابخانە لە شنگال هەمووى وێران بوونەو هەتا ئاوەدانکردنەوەش دەست پێنەکات ئاوارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە.

مەحما خەلیل، قایمقامى قەزاى شنگال هەروەها ئاشکراى کرد کە ئەمساڵ لە بوودجەى ئاوەدانکردنەوەى مووسڵ تەنیا بڕى ملیارەک و 700ملیۆن دینار بۆ چاکردنەوەى هەندێک پرۆژەى وەکو ئاو و جادە لە شنگال تەرخانکراوە کە ئەمەش پارەیەکى زۆر کەمە و ئێمە داوا دەکەین کە بودجەیەکى تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوەى شنگال تەرخان بکرێت.



بەرگرى شارستانیى عێراق: 328 ڕووداوى ئاگرکەوتنەوە لە ژمارەیەک پارێزگا ڕوویانداوە

بەڕێوەبەرایەتى بەرگرى شارستانیى گشتى لە ڕاگەیەندراوێکدا، نوێترین ئاماڕى لە بارەى ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە بڵاوکردەوە کە تا ئێستا بە هۆکارى جیاجیا و نادیار سووتاون.

بەپێى ڕاگەیەندراوەکە لە هەشتى مانگى ئایارى ڕابردووە تا 24ى ئەم مانگە، 328 ڕووداوى ئاگرکەوتنەوە لە ژمارەیەک پارێزگا ڕوویداوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش هاتووە کە لە ئاکامى ئەو ئاگرکەوتنەوەکاندا، 54 هەزارو 380 دۆنم زەوى کشتوکاڵى سووتاوە. هەر لە ڕاگەیەندراوەکە ئەوەش خراوەتەڕوو کە تا ئێستا، دوو ملیۆن دۆنم زەوى لە سووتان ڕزگارکراوە. جێى باسە لە چەند هەفتەى ڕابردوودا، ئاگر لە ڕووبەرێکى بەرفراوانى زەوییە کشتوکاڵییەکان لە چەند ناوچەیەکى عێراق بە هۆکارى جیاجیا و نادیار کەوتووەتەوە کە بە هۆیەوە بەروبومێکى زۆر سووتا.

تایبەت بە سۆراخی ونبوونی شەڕی هەشتاکانی سەدەی رابردووی نێوان عێراق و ئێران

دووەم کۆبوونەوەی سێقۆڵیی نێوان هەرێمی کوردستان، عێراق و ئێران بەڕێوەچوو

سەید محەمەد باقرزادە: تا ئێستا ڕووفاتی 20 هەزار سەربازی عێراقیمان رادەستی عێراقییەکان کردۆتەوە



ڕۆژی دووشەممە 2019/6/24 لایەنە تایبەتمەندەکان لە عێراق و ئێران بە سەرپەرشتی خاچی سووری نێودەوڵەتی، دووەم کۆبوونەوەی تایبەت بە سۆراخی ونبووانی شەڕی هەشتاکانی سەدەی رابردووی نێوان عێراق و ئێران لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدا. لە کۆبوونەوەکەدا هەرێەک لە بریکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەڕێز حەمدی و نوێنەری وەزارەتی بەرگریی عێراق، لیوا حازم قاسم و فەرماندەی کۆمیتەی بەدواداگەڕانی ونبووان لە کۆماری ئیسلامی ئێران، لیوا سەید محەمەد باقرزادە بەشداربوون کە دواتر کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازکرا.

بەڕێز حەمدی گوتی: ئەمڕۆ هەر سێ لایەن ئێران، عێراق و هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەی دووەمی ئاسایی خۆیان ئەنجامدا سەبارەت بەهەماهەنگی و ڕێکارەکانی تایبەت بە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە ناوچەی پێنجوێن، ماوەت و حاجی ئۆمەران بەسەرپەرشتی و چاودێری خاچی سووری نێودەوڵەتی و ئەم کارە بە بڕیاری یوئێن ئەنجام دەدرێت و لەناو خاکی ئێرانیش کار بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەکان کراوە.

بەڕێز حەمدی گوتیشی: ئەمڕۆ بڕیارماندا لەسەر چۆنیەتی هەڵدانەوەی گۆڕەکان و لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە لە داهاتوودا هەردوو شانە دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و دواتر دەست بە ئالوگۆڕی نووسراوەکان دەکەین و بڕیاری ئەوەشماندا کە گۆڕی بەکۆمەڵ لە شنگال و سەماوەش دۆزراوەتەوە و لێژنەی سێقۆلیش ئامادەیی ئەوەیان نیشانداوە کە هاوکاری و هەماهەنگ بن لە ڕووی ناسینەوەی و بابەتی لۆجستی.

بریکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان گوتیشی: بڕیاردرا کە لێژنەیەکی دووقۆڵی لە نێوان عێراق و ئێران دروست بکرێت کە تایبەت بێت بە منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە و هەروەها سوود لە تاقیگەی ناسانەوەی ئەو منداڵانەی کە لە کیمیابارانی هەڵەبجە هاتبوونە ئێران و لە ناو خێزانەکانی ئێرانیدا پەروەردە کراون و بەشێک لەوانە بۆ باوەشی خێزانەکانی لە کوردستان بگەڕێنینەوە و توانراوە هەندێکیان بدۆزینەوە و بیانگەڕێنینەوە.

هەر لە میانی قسەکانیدا، فەرماندەی کۆمیتەی بەدواداگەڕانی ونبووان لە کۆماری ئیسلامی گوتیشی: سالی ڕابردوو کە ئێمە هاتینە ئێرە و هەنگاوی گرنگمان لە پارێزگای سلێمانی نا، ئەو کارە بە هێزە و بەردەوامە بە هاوکاری وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان و یارمەتیدانی لیوا حازم (نوێنەری وەزارەتی بەرگری عێراق) ئێمە کارمان لە پارێزگای هەولێر و ناوچەی حاجی ئۆمەران و سیدەکان دریژە پێدەدەین. وەک دەزانن پرسی مرۆڤایەتی جەنگ لێکەوتەیەکی ڕەوانی و کۆمەڵایەتی هەیە کە دەبێت لە چوارچێوەی کاری هەموو دەوڵەتانەدا بێت. بە خۆشییەوە دوای ڕووخانی سەدام ئەو پرسە بە شێوەیەکی جددی لە پلانی کاری دەوڵەتی عێراق و هەروەها دۆستانی ئێمە لە هەرێمی کوردستان دایە و بە هاوکاری و هاوبەشی دوولایەنە و سێ لایەنە و تەنانەت چوارلایەنە و بە یارمەتی کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور، ئێمە توانیمان بەشێکی زۆر ونبووانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەشێک لە کوژراوانی عێراقی و بەشێک لە شەهیدانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی سالانی ڕابردوو بدۆزینەوە. لە پاڵ ئەو چالاکیانە هەروەها دۆزینەوە و ناساندنی ئەو منداڵانەی کە لە کیمیابارانی هەڵەبجە هاتبوونە ئێران و لە ناو خێزانەکانی ئێرانیدا پەروەردە کراون و بەشێک لەوانە بۆ باوەشی خێزانەکانی لە کوردستان بگەڕێنینەوە و توانراوە هەندێکیان بدۆزینەوە و بیانگەڕێنینەوە.

هەر لە میانی قسەکانیدا، فەرماندەی کۆمیتەی بەدواداگەڕانی ونبووان لە کۆماری ئیسلامی گوتیشی: سالی ڕابردوو کە ئێمە هاتینە ئێرە و هەنگاوی گرنگمان لە پارێزگای سلێمانی نا، ئەو کارە بە هێزە و بەردەوامە بە هاوکاری وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان و یارمەتیدانی لیوا حازم (نوێنەری وەزارەتی بەرگری عێراق) ئێمە کارمان لە پارێزگای هەولێر و ناوچەی حاجی ئۆمەران و سیدەکان دریژە پێدەدەین. وەک پێشتر ڕامانگەیاندووە دوو هەزار و 500 ڕووفاتمان لەو ناوچەیە هەیە و بە گشتی لە هەموو عێراق، 43 هەزار شەهیدی ئێرانیمان دۆزییەوە و 20 هەزار ڕووفاتی سەربازانی عێراقییەکان کردووە لە سەردەمی سەدام و دوای ڕووخانی سەدامیش. سەبارەت بە شوێنی کارکردنی ئەو لێژنەیەی کە بڕیارە بەدوای گۆڕەبەکۆمەڵەکانیشدا بگەڕێت، سەید محەمەد باقرزادە گوتی: لە بارەی ئێستاوە ئێمە لە پێنج ناوچەی کوردستان کار دەکەین کە بریتین لە ناوچەکانی پێنجوێن، دەربەندیخان، ماوەت، حاجی عومەران و هەندێک ناوچەی خانەقین.

کەوسەر وەربگیرێت تایبەت بە ناسینەوەیان. ناوبراو ئاشکرایشی کرد کە کارەکان لە ناوچەی پێنجوێن و ماوەت دەستیپێکردووە و بە هۆی کەشوهەواوەشەوە مانگی هەشت لە سنووری حاجی ئۆمەران دەست بەکارەکان دەکەن.

لای خۆیەوە نوێنەری وەزارەتی بەرگریی عێراق، لیوا حازم قاسم گوتی: بە پێویستمان زانی کە پرۆسەی گەڕان بەدوای ونبووەکان ئەنجام بدرێت و بۆ ئەم مەبەستەش هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان لایەنەکاندا هەیە و لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕێکارەکان تەواودەبن. دواتر فەرماندەی کۆمیتەی



سەرکۆماری فەڕەنسا: پێویستە تەمپ هەڵوێستی خۆی لەبارەی ئەوروپاوە ڕوونبکاتەوە

سەرکۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن داوای لە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەمپ کرد، هەڵوێستی لەبەرامبەر ئەوروپادا ڕوون بکاتەوە. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرکەر، ماکرون ڕوونکردنەوەی لەبارەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەمپ و چەندین بابەتی دیکە دا.

ماکرۆن جەختی لەوەکردەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان تەمپ و یەکێتیی ئەوروپادا ناڕوونی هەیە و گوتی: بەتایبەت ئەگەر تەماشای هەڵوێستی تەمپ لەبارەی بڕیکسیت بکەن، ئەوە دەبینن کە پشتیوانیی لە بڕیکسیتێکی پڕ ئاریشە دەکات. بە بڕوای من پێویستە تەمپ هەڵوێستی خۆی لەبارەی ئەوروپاوە ڕوونبکاتەوە.

لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپاشەوە ڕایگەیاند: ڕەهەندی نوێ لە ئەوروپا، تووندئاژۆیی بە تایبەت ڕاستڕەویی تووندئاژۆ لە هەموو شوێنێک ڕوو لە هەڵکشانە. چەند مانگێک لەمەوبەر مرۆڤ بەشێوەیەک بیری دەکردەوە کە هاوپەیمانیی نوێی ڕاستڕەوی تووندئاژۆ زۆرینەی پەرلەمانی ئەوروپا دەباتەوە. بەڵام ئەمە بەوشێوەیە نەبوو. بە بڕوای من ئەمە ئەرێنییترین لایەنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپایە.

سەرکۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن، سەبارەت بە گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێرانیشەوە، ڕایگەیاندووە: ئەم گرژییانە لە ماوەی هەفتەکانی ڕابردوودا هەڵکشان. ئیدانەی هەموو پەلامار و هەڵکشانێک لە گرژییەکاندا دەکەین. (لەگەڵ هەردوولادا) هەوڵدەدەین لە دیالۆگدا بین.

سەرکۆماری فەڕەنسا باسی لەوەش کردووە هەفتەی ڕابردوو ڕاوێژکارەکەی بۆ ئێران نارددووە و لەمیانی لووتکەی G20یشدا کە لە ژاپۆن سازدەکرێت، لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەمپ کۆدەبێتەوە.



وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ 984 ملیار دۆلار خەرجیی بەرگریی دابین دەکەن

وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ لە ساڵی 2019دا، تێکڕا 984 ملیار و 234 ملیۆن دۆلار سەرچاوە بۆ بەرگریی تەرخان دەکەن. بەپێی زانیارییەکان، تێکڕای خەرجییەکانی بەرگریی وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ لە ساڵی 2019 بەراورد بە ساڵی پێشووتر بە ڕێژەی لەسەدا 3 و پۆینت 9 زیادیکردووە و دەبێتە 984 ملیار و 234 ملیۆن دۆلار.

لەو قۆناغەدا ئەمەریکا لە نێوان وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ، زۆرترین خەرجی بەرگریی دابین دەکات کە 685ملیار و 99ملیۆن دۆلارە و دەکاتە نزیکەی لەسەدا 70ی تێکڕای خەرجی بەرگریی ناتۆ و بە تەنیا دابینی دەکات. دوای ئەمەریکا، بەریتانیا بە 65ملیار و 527 ملیۆن دۆلار خەرجی بەرگریی دابین دەکات، ئەڵمانیا 49 ملیار و 132 ملیۆن دۆلار، فەڕەنسا 47ملیار و 705 ملیۆن دۆلار، ئیتاڵیا 23 ملیار و 281 دۆلار و کەنەدا 21 ملیار و 277 ملیۆن دۆلار. تورکیا بە بڕی 18 ملیار دۆلار خەرجی بەرگریی دابین دەکات. ئەمەریکا لە 2019دا لە کۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆییدا بە ڕێژەی لەسەدا 3 و پۆینت 42 بۆ خەرجییەکانی بەرگریی تەرخان دەکات. لەدوای ئەو ڕێژەیە یۆنان دێت بە ڕێژەی لەسەدا 2 و پۆینت 24 ئەستۆنیا و بەریتانیا بە ڕێژەی لەسەدا 2 و پۆینت 13 پاشان ڕۆمانیا بە ڕێژەی لەسەدا 2 و پۆینت 04 پۆڵۆنیا و لیتوانیا بە ڕێژەی لەسەدا 2 و پۆینت 01 دێت. ئەندامانی ناتۆ کە کەمترین بەشی بەرگرییان بەردەکەوێت؛ لۆکسەمبۆرگ بە ڕێژەی لەسەدا 0 و پۆینت 55 ئیسپانیا لەسەدا 0 و پۆینت 92 بەلجیکا بە ڕێژەی لەسەدا 0 و پۆینت 93.

ئەمەریکا سزای زیاتر دەخاتە سەر بەرپرسە باڵاکانی ئێران

دۆنالد تەمپ: ناتوانین ڕێگە بدەین ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەمپ بڕیارنامەیەکی سەرۆکایەتی واژووکرد کە سزای نوێ بەسەر ئێراندا دەسەپێنێت و سزاکان ڕێبەری ئێران، عەلی خامنەیی دەگرێتەوە. فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی ئێران، عەباس چۆلامشاهی، ڕەمیزان زیراهی، یەدوڵا بادین، مەنسوور ڕاقانکار و عەلی ئۆزما بە هەمان شێوە خرانە لیستی سزاکانی ئەمەریکاوە.

ڕۆژی دووشەمە دۆنالد تەمپ لە کۆشکی سپی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی سازکرد و سزا نوێیەکانی وڵاتەکەی لە دژی ئێران ڕاگەیاند. تەمپ وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانە ئەمەریکییەکە لە لایەن ئێرانەوە، سەپاندنی ئەم سزایانە کارێکی حەتمییە و ڕایگەیاند: بڕیارنامەی سەرۆکایەتی واژووەدەکەم کە سزای زۆر توند لەخۆدەگرن لە دژی ژمارەیەک کەس و لەنێویشیاندا دژی ڕێبەری ئێران. هەنگاوی ئەمڕۆمان، دەرەنجامی ژمارەیەکی زۆر هەڵوێستی شەڕانگێزانەی ماوەی چەند هەفتەی ڕابردووی ڕژێمی ئێرانە، بە خستنە خوارەوە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەشمانەوە. سەرۆکی ئەمەریکا تیشکیشی خستەسەر ئەوەی بەرپرسیاریی سەرەکی جموجۆڵەکانی ئێران، ڕێبەری ئەو وڵاتە، خامنەیی و هەر لەبەر ئەوەشە کە سزاکان ئەویش دەگرێتەوە.

تەمپ ڕاشیگەیاند کە ئەمەریکا نایەوێت نە لەگەڵ ئێران نە لەگەڵ وڵاتێکی دیکەش جەنگ هەڵبگیرسێنێت و گوتیشی: دەتوانم ئەوە بڵێم ناتوانین ڕێگە بدەین ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی. تەمپ ئاشکراشی کرد کە خامنەیی و ژمارەیەک لە بەرپرسە باڵاکانی سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە نێو لیستی سزاکانەوە.

لە دوای لێدوانەکانی تەمپ، وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا، ستیڤن منوشین لە کۆشکی سپی لێدوانی بە ڕۆژنامەنووسان دا و ڕایگەیاند لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیە وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریفیش لە لایەن ئەمەریکا دەخرێتە لیستی سزاکانەوە. منوشین ئاماژەی بەوەشدا لەو بڕیارنامەیەی تەمپ واژووی کردووە، نەوی هەشت بەرپرسی باڵای سوپای پاسدارانی ئێران خرایە لیستی سزاکانی ئەمەریکا.

منوشین ئاشکراشی کرد کە ناوی فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران، عەلی ڕەزا تەنگسیری کە بەرپرسیار دادەنرێت لە هێرشکردنە سەر کەشتی نەوت هەڵگر لە کەنداوی عومان، هەروەها فەرماندەی هێزەکانی ئاسمانی سوپای پاسداران، ئەمیرال حاجیزادە و فەرماندەی هێزەکانی وشکایی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران، محەمەد پاکپور بە هۆی پشتیوانیکردنی هێزی قودس لە سووریا، خراونەتە لیستی سزاکانی ئەمەریکاوە.

لە پاڵ ئەمەش، فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی ئێران، عەباس چۆلامشاهی، ڕەمیزان زیراهی، یەدوڵا بادین، مەنسوور ڕاقانکار و عەلی ئۆزما بە هەمان شێوە خرانە لیستی سزاکانی ئەمەریکاوە. جێی باسە ئەو کەسانەی ناویان خراوەتە لیستی سزاکانەوە، لە سیستەمی دارایی ئەمەریکا گۆشەگیر دەکرێن و ئەو کەس و دامەزراوانەی کار لەگەڵ ئەم کەسە سزادراوەتەی ئەمەریکا بکەن بە هەمان شێوە ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە.

کەرکووک.. کوژرانی 14 تیرۆریستی داعش و دەستگیرکردنی گەورە تیرۆریستێکی ڕێکخراوەکە

وەزارەتی بەرگریی عێراق، کوژرانی 14 تیرۆریستیی ڕێکخراوی داعش و دەستگیرکردنی گەورە تیرۆریستێکی ڕێکخراوەکەی لە کەرکووک ڕاگەیاند. دەزگای دژە تیرۆری سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەداوە کە هێزە عێراقییەکان بە پشتیوانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش بەڕایەڕایەتی ئەمەریکا، ئۆپەراسیۆنێکیان بۆسەر پاشماوەکانی داعش لە باشووری کەرکووک ئەنجامداوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی ئۆپەراسیۆنەکەدا کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو، 14 تیرۆریستی داعش کوژراون. لە لایەکی دیکەوە شانەی ڕایگەیاندنی ئەمنی سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند کە گەورە تیرۆریستێکی داعش لە گەڕەکی وەحدەی ناوەڕاستی کەرکووک لە لایەن هێزەکانی دژە تیرۆرەوە دەستگیرکراوە. شانەی ڕایگەیاندنی ئەمنی سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکیدا ئاماژەی بەوەداوە کە لە میانی دەستگیرکردنی تیرۆریستییەکەدا، دەست بەسەر ژمارەیەک پارچە چەک و بەڵگەی گرنگدا گیراوە، بێ ئەوەی زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بخاتەڕوو. ئاماژە بەوە دەکرێت کە بەم دواییانە پەلامارەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆسەر هێزە ئەمنییەکان زیادی کردووە بەتایبەتیش لە ناوچەکانی نێوان پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و کەرکووک.



دادگای دهۆک بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ بکوژی دلین دەرکرد

دوێنێ سێشەممە بکوژی دلین دادگایی کراو لەلایەن دادگای دهۆکەوە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکرا.شایانی باسە رۆژی شەممە 8ی حوزەیرانی 2019 تەرمی دلین وڵید تەمەن 10 ساڵ، لە نزیک یاریگەی دهۆک دۆزرایەوە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ رۆژ ونبوون بوو.

پاشان رۆژی یەکشەممە 9ی حوزەیرانی 2019 تارق ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی دهۆک لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا، زانیاری لەسەر دۆسییەی کوژرانی دلین وەلید کچە تەمەن 10 ساڵانەکەی شاری دهۆک خستەڕوو.بەڕێوەبەری پۆلیسی شاری دهۆک گوتی: دوو کەس بەتۆمەتی کوشتنی دلین دەستگیرکراون و یەکێکیان دانی بەتاوانەکەیدا ناوەو ئاماژەی بەوەکردووە، پێشتر ئاشنایەتی لەگەڵ باوکی دلین-دا هەبووەو، کاژێر 6ی ئێوارەی 6ی حوزەیران ، دوای ڕفاندنی دلین، هەوڵیداوە دەستدرێژی بکاتە سەر، بەڵام ئەو منداڵە خۆی نەداوە بەدەستەوە و قیژاندوویەتی، ئەویش لقی دارێکی شکاندووەو چەند جارێک قوربانییەکەی پێ بریندار کردووە، ئەوەش هۆکاری گیان لەدەستدانی بووە.

دوێنێش بکوژەکە بە ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراق لەلایەن دادگای دهۆک بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا.

بەرپرسی لقی 16:

بەوپەڕی پەرۆشییەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هاوواڵتیان دەدەین



لەسۆنگەی پەرۆشی و خەمخۆرییان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفت و ناکۆکیەکانی نێوان هاوڵاتیانی سنوورەکەو بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەکێشەی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو بنەماڵەی مەلا یاسین مستەفا ڕەسول زێڕینگر و ڕەفیق تۆفیق حەمەد , لەبارەگای لق بەئامادەبوونی بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و کارگێڕانی لق و چاکەخوازان و خانەوادە و ژمارەیەکی زۆر لەخزمان و دۆستانی هەردوو بنەماڵە کۆتایی هێنرا بەکێشەی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوولا .

لەدەسپێکی دانیشتنی ئاشتەواییەکەدا بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و کارگێڕانی لق و چاکەخوازان و خانەوادە و ژمارەیەکی زۆر لەخزمان و دۆستانی هەردوو بنەماڵەی ناوبراو کرد بۆ بەدەنگەوە هاتنیان و کۆتایی هێنان بەکێشەی نێوانیان و دەستخۆشیی ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە کرد کە ڕۆڵیان هەبوو لەنزیککردنەوەو ئاشتکردنەوەی نێوان ئەو دوو بنەماڵە بەڕێزە ,هەروەها هیوای خست ئەم ئاشتەواییە ببێتە بناغەیەکی بەهێزی پەیوندی نێوانیان و ڕێگە نەدەن جارێکی دیکە هیچ جۆرە کێشەو گرفتێک لەنێوانیاندا دووبارە ببێتەوە چونکە ئارامی کۆمەڵگاو خانەوادەکان بەندە بەتەبایی و لێبوردەیی نێوان تاکەکانی ئەم نیشتمانە .


دواتر هەردوو بنەماڵەی ڕەفیق تۆفیق حەمەد و مەلا یاسین مستەفا ڕەسول زێڕینگر واژوویان لەسەر ڕێکەوتنامەی نێوانیان کرد و ئاشتبوونەوە و سوپاس و پێزانینی خۆیشیان ئاراستەی لقی16 و تەواوی ئەو کەسانە کرد کە بەوپەڕی خەمخۆری و پەرۆشیانەوە ڕۆڵیان بینی لەچارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان و بەڵێنیاندا کە پابەندی ڕێکەوتنەکە دەبن و ڕێگە نادەن جارێکی ئەو کێشانە دووبارە ببنەوە .

قایمقامی مێرگەسۆر: کارکردن لە پڕۆژەی ڕێگەی نێودەوڵەتیی مێرگەسۆر تورکیا بەردەوامە



کارکردن لە پڕۆژەی ڕێگەی نێودەوڵەتیی مێرگەسۆر تورکیا بەردەوامە و قایمقامی مێرگەسۆریش دەڵێ، دەروازەیەکی نێودەوڵەتیی گرینگ دەبێت بۆ بزاوتی بازرگانی و گەشتیاری و یەکەم ڕێگای نێودەوڵەتیی نێوان پارێزگای هەولێر و وڵاتی تورکیایە.غەفور ئەحمەد مالەسواری، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "کارکردن لە ڕێگای نێودەوڵەتیی مێرگەسۆر ژ تورکیا بەردەوامە، ئەمەش دوای ئەوەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە هۆی تەقینەوەی بۆمبێک لەسەر ڕێگاکە، کارکردن لە پڕۆژەکەدا ڕاگیرابوو، بەڵام لە ئێستادا هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕووی ئەمنییەوە ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کردووە و تیمەکانی کارکردن دەستیان بە کار کردووەتەوە، هەر ئەمڕۆش سەردانی پڕۆژەکە دەکەین بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە بەڕێوەچوونی پڕۆژەی ڕێگای مێرگەسۆر تورکیا". قایقامی مێرگەسۆر ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: "ڕێگاکە دەکرێتە دەروازەیەکی نێودەوڵەتی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ، کە چەندین سوودی بۆ هەردوو وڵات هەیە ، لەوانەش ژمارەیەکی زۆر هەلی کار بۆ خەڵکی ناوچەکە دەڕەخسێنێت و قەبارەی جوولەی بازرگانیی نێوان هەرێم و تورکیا زیاتر دەبێت، چونکە ئەمە یەکەم ڕێگا دەبێت لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕاستەوخۆ بچێتە نێو خاکی تورکیاوە". غەفور ئەحمەد گوتیشی: "ڕێگاکە لە سەنتەری ناحیەی شێروان مەزن دەست پێدەکات بۆ دەڤەری گەردی لە باکووری کوردستان و بە گەلی زێت دەڕباز دەبێت، لە ماوەی یەک مانگی داهاتووشدا چاوەڕێ دەکەین کردنەوەی ڕێگاکە بگاتە نێو خاکی باکووری کوردستان و دواتر کار بۆ کردنەوەی دەروازە نێودەوڵەتییەکە دەکرێت و ڕێوشوێنی یاسایی و بازرگانی دەگرینە بەر.

شاندێکی زانکۆی سەلاحەددین سەردانی چەند زانکۆییەکی وڵاتی تورکیان کرد



بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیەکان لەگەڵ زانکۆکانی وڵاتانی دەرەوە بەتایبەتی زانکۆکانی وڵاتە هاوسێیەکانی هەرێمی کوردستان، شاندێکی زانکۆی سەلاحەددین ژ هەولێر بەسەرۆکایەتی پ.د.ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆ و بەیاوەری د.حازم بورهان سەرۆکی بەشی زمانی تورکی کۆلێژی زمان، سەردانی چەند زانکۆیەکی وڵاتی تورکیان کرد. وەک زانکۆی دیجلە لەشاری دیار بەکر، زانکۆی بینگول، زانکۆی ئینۆنۆ لەشاری مەلاتیا، زانکۆی بولەند ئەجەوید، زانکۆی کەرەبووک، ئەمەو لەنێوەندی هەر سەردانێکدا بۆ زانکۆکانی وڵاتی تورکیا ، سەرۆک و یاریدەرانی سەرۆکی هەریەک لەو زانکۆیانە لەپێشوازی شاندی زانکۆی سەلاحەددیندا بوون. لەدوای ئەوەی سەردانی هەر یەک لەو زانکۆیانەیان کردووە و لەنزیکەوە لەگەڵ مامۆستایانی کۆلێژ و بەش و تاقیگەکان دواون و گفتوگۆیان سەبارەت بەدوا پێشهاتی زانستی تیوری و کردەیی کردووە کە لەم سەردەمەدا لەزانکۆکان پەیڕەو دەکرێ، تا کۆمەڵگە لەنزیکەوە سوود لەهەموو هەوڵ و تەقەلایەکی زانکۆ وەربگرێ، لەدواتردا بەیاوەری هەریەک لەو سەرۆک زانکۆیانە ڕێککەوتنیان واژوو کردووە، بەپێی هەر ڕێکەوتنێکیش هەریەک لەو زانکۆیانە بتوانن سوود لە ئەزموونی یەکتر وەربگرن و لەڕێگەی ئالوگۆڕکردنی قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا و ئالوگۆڕکردنی بیر و ڕاکان و پتەو کردنی پەیوەندیەکان، بێگومان هەموو ئەو سەردانانە لەچوارچێوەی پڕۆگرامی ئیراسمۆس پلاس ژمەولانا خراوەتە ڕوو تا هەموو زانکۆکان سوود لەئەزموون و پێشکەوتنەکانی یەکتر وەربگرن و بتواندرێ خاڵی پەرەپێدان لەهەموو ڕوویەکەوە بگاتە ئاستی پێویست، قوتابیانی خوێندی باڵای هەرێمی کوردستان بتوانن سوود لەو زانکۆیانە وەربگرن و ئەزموونی زانستی هەریەک لەو بوارانە بگوازنەوە بۆ پەرەپێدانی بواری خوێندن و پەروەردە.

باندێکی دزی لە گەرمیان دەستگیرکرا

خەبات /سەبریە یوسف:

ئاسایشی گەرمیان، دوێنێ سێ شەمە 25ی حوزیرانی 2019 گرتنی باندێکی دزی ترسناکی لە سنوری ئیدارەی گەرمیان ڕاگەیاند کە لە شەش کەس پێکهاتوون و تەنیا یەکێکیان نیشتەجێی شارۆچکەی کەلارە.

ڕائید عوسمان عەبدولکەریم، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان، دوێنێ بە خەباتی ڕاگەیاند" ، پاش ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا توانرا لە لایەن هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیانەوە باندێکی دزیکردن و هەڵکوتانە سەر ماڵان دەستگیر بکەن کە پێک هاتبوون لە 6شەش تاوانبار کە بە دەمامک و بە ناوی ئاسایشەوە هەڵیان کوتابووە سەر ماڵی هاوڵاتییەک لە گوندی وەلی ئاغای شارەدێی قۆرەتوو و بڕێکی زۆر ئالتون و پارە و مۆبایل و ناسنامەی ئەندامانی خێزانەکەیان بردبوو ,پاش ڕووبەڕوو کردنەوەیان بە دادگا و دوای چەندین دانیشتنی دادگا و دانپێدانانی تاوانباران بە تاوانەکەیاندا سەرەنجام ڕۆژی 2019/6/24 لە لایەن دادگای تاوانەکانی کەرکووک/گەرمیان بە پێی هێزشبەرەکان بڕیاری سزادان بە 3 سێ ساڵ زیندانی بۆ تاوانبار نەجەدت عەبدولوەهاب عەبدولقادر لە دایک بووی 1991 و دانیشتووی گەڕەکی قولە ڕەیسی شاری سلێمانی .

– دیار وەهاب احمد لە دایک بووی 1990 و دانیشتووی گەڕەکی کوردسات ی شاری سلێمانی.

– سیامەند رشید سعید لە دایک بووی 1996 و دانیشتووی گەڕەکی شێروانە ی قەزای کەلار.

ووتیشی،" لە لایەکی ترەوە لە لایەن دادگای تاوانەکانی کەرکووک /گەرمیان بە تۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە ڕۆژی 2019/6/24 بە پێی ماددەی 440ی س بۆ هەر یەک لەو تاوانبارانەی کە لە خوارەوە ئاماژە بەناوەکانیان دراوە بە 15 پازدە ساڵ زیندانی سزا دران .

هێرش محمد مستەفا لە دایک بووی 1981 و دانیشتووی گەڕەکی ابراهیم پاشا ی شاری سلێمانی.

هاوبەش لەتیف محمد لە دایک بووی 1994 دانیشتووی شاری سلێمانی.

– حیدر عباس نەریمان لە دایک بووی 1996 و دانیشتووی گەڕەکی قولە ڕەیسی شاری سلێمانی.


– حمزە عباس نەریمان لە دایک بووی 1991 و دانیشتووی گەڕەکی قولە ڕەیسی شاری سلێمانی .

– دیار وەهاب احمد لە دایک بووی 1990 و دانیشتووی گەڕەکی کوردسات ی شاری سلێمانی.

– سیامەند رشید سعید لە دایک بووی 1996 و دانیشتووی گەڕەکی شێروانە ی قەزای کەلار.

ووتیشی،" لە لایەکی ترەوە لە لایەن دادگای تاوانەکانی کەرکووک /گەرمیان بە تۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە ڕۆژی 2019/6/24 بە پێی ماددەی 14ی ماددە دانیشتووی شارۆکەی کفری دەرکرد کە تاوانباری ناوبراو لە لایەن هێزەکانی یاریدەدەرێتی ئاسایشی کفری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان لە ڕۆژی 2019/4/7 دەستگیرکرابوو.

بەرپرسەکەی ئاسایشی گەرمیان، باسی لەوەشکرد " دواتر بۆ بەرسەربردنی ماوەی سزاکەیان هەر 7 حەوت تاوانباری ناوبراو ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی کران.



www.xebat.net
چوار شەممە 2019/6/26 ژمارە (5776)



رانیە.. بەرپرسی لقی11و شاندی یاوەری سەردانی لقی راپەرینی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیان کرد

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەمە 2019/6/24 هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەریی ستافی دەستەی کارگێڕیی لقی 11و بەرپرس و ستافی لیژنەی ناوچەی رانیە، سەردانی لقی راپەرینی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەرپرس و ستافی لقی راپەڕینی مامۆستایانەوە پێشوازییان لێکرا.لە دانیشتن و گفتوگۆیەکی کراوە دا باسیان لە ڕەوشی پەروەردە و ، ڕۆڵ و گرنگی و پێگەی تۆڕێژی مامۆستایان لە ناو کۆمەڵگادا کرد.هەردوولایان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و سەردەمیانە ، پێویستە پەروەردەیەکی تەندروستمان هەبێت .



هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران خانۆ جوج ژاژۆکی کۆچی دوایی کرد

خەبات:دەڤەری بارزان- سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران خانۆ جوج ژاژۆکی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تورکیا کۆچی دوایی کرد، بریار ئەمڕۆ بەیانی دوای گەرانەوەی تەرمی خوالێخۆشبوو لە گۆڕستانی ژاژۆک سەربەدەڤەری بارزان لە ڕێورەسمێکی شایستەدا بە خاک بسپێرین.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی تێکۆشەر خانۆ جوج ژاژۆکی لە ساڵی 1927 لە گوندی ژاژۆکی سەربەدەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایکبووە، لە تەمەنی 5 ساڵی دابووە کە ساڵی 1932 لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەی تورکیا بووە، لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی دووەمی بارزان 1943-1945 چەک لە شان دەکات و لە تەمەنی لاویەتی خزمەت بە شۆڕش دەکات و ڕۆڵی لە داستانەکان هەبووە، یەکێک لەو تێکۆشەرانە بووە کەبەشداری لە بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد کردووە و یەکێک لەو هەڤاڵانە بووە لەگەڵ بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانی بەرێگای مان و نەمان لە پێناو کوردستان رێگای سەختی هەڵبژاردوە و لە ڕووباری ئاراس پەرێتەوە و چوینە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، لەماوەی ژیان لە سۆڤیەتی جاران لەویدا ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی ڕوسیا ئەلفیا پێکهێناوە لەوێشدا بروانامەی خوێندن بەدەستهێناوە، ساڵی 1959 دوای 12 ساڵ ئاوارەیی لەگەڵ هەڤاڵەکانی بە کوردستان شاد دەبنەوە، یەکێک بووە لەوانەی کەوا بەشداری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کردووە، پێشمەرگەی دڵسۆز خانۆ جوج ژاژۆکی هەموو تەمەنی پڕە لە خەبات و کەسێکی ڕۆشنبیر و کەسایەتی کۆمەڵایەتی دەڤەری بارزان بووە، لەبەر خەبات و ماندووبوونی لە کۆنگرەی 13 پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن جەنابی سەرۆک بارزانی مەدالیای بارزانیی نەمری پێ بەخشرا. ماوەی چەندساڵ لەبەر خەبات و تێکۆشانی تووشی نەخۆشی بووە، لە تەمەنی 92 ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

پرسەکە لە هۆڵی بژێنەکان لە ناحیەی گۆڕەتوویە.

هەزاران خانوو لە دهۆک تاپۆ دەکرێن



بەرپرسێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای دهۆک ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، بەپێی بڕیار و ڕێنماییەکان، ئەو خانوانەی تا ئێستا تاپۆ نەکراون بڕیاری تاپۆکردنیان بۆ دەرچووە و دەڵێ، لە قەزا و ناحیەکانی سەر بە پارێزگای دهۆک 27 هەزار کەس فەرمانی وەرگرتنی زەوییان هەیە و سوودمەند نەبوونە. دیار بەحری، بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکانی دهۆک بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "بە هۆکاری جیاجیا بە هەزار خانوو لە سەنتەری شاری دهۆک و قەزا و ناحیەکان هەن کە هێشتا تاپۆ نەکراون، بەڵام بڕیاری تاپۆکردنیان بۆ دەرچووە و لیژنەیەک لە دیوانی پارێزگای دهۆک خەریکی دانانی پلانی تاپۆکردنی خانووەکانە، دەمانەوێ بە ڕێگای یاساوە هەر خانوویەک کێشەی تێدا نەبێت و تا ئێستا تاپۆ نەکرابێت، لە سەر خاوەنەکەی تاپۆ بکرێت."

بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکانی دهۆک گوتیشی: "بەشێک لەو خانووانە سالانی پێشتر بە زێدەڕۆیی دروست کراون، بەڵام هەرێمی کوردستان بە قۆناغی جیاجیادا دەرباز بووە و سالانێکی زۆر بەسەر دروستکردنیاندا تێپەڕیوە، دەمانەوێ هەم حکوومەت و هەمیش هاوواڵتیان لەو کێشەیە ڕزگاریان بێت، ئەوەش مانای ئەوە ناگەیەنێ هاوواڵتی زێدەڕۆیی بکەنە سەر موڵکی گشتی و لەسەریان تاپۆ بکرێت."دیار بەحری ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: "بە فەرمانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران دابەشکردنی زەوی ڕاگیراوە، بەڵام بەر لەوەی فەرمانەکە دەربچێت 27 هەزار فەرمانی دابەشکردنی زەوی لە سنووری شارەوانییەکانی دهۆک هەبووە و مافی سوودمەندبوونیان هەیە، کە لە مامۆستا و پێشمەرگە و هەموو چینەکان پێک هاتوون، دەمانەوێ ئەوانە سوودمەند بن لە وەرگرتنی زەوی، بەڵام کێشەی بەردەمی دابەشکردنی زەوی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ژمارە زۆرە زەویییەمان لەبەردەست نییە."

ئەمساڵ 4880 حاجیی کوردستان زیاتر لە 45 ملیۆن دۆلار دەبەنە سعودیە

بڕیارە لە دوو هەفتەی داهاتوودا یەکەمین کاروانی حاجیانی هەرێمی کوردستان بەرەو سعودیە بەڕێبکەوێت و هەر حاجییەک بڕی 4200 دۆلاری لێوەرگیراو ئەمە جگە لەو کەسانەی کە بەنیازن لەو زیادەیەی ئەمساڵ بەر عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەوێت ئەگەر هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو بێت، دەبێ بە 8هەزار دۆلار گەشت بکەن کە کۆی گشتی پارەکە دەکاتە 17 ملیۆن و 56 هەزار دۆلار.

شێخ قاسم بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتی حەج و عومرەی وەزارەتی ئەوقاف بە کوردستان دەڵێ: "ئەمساڵ 4880 کەس بۆ بەجێگەیاندنی فەریزەی حەج دەچنە سعودیە کە بۆ هەر کەسێک 4200 دۆلار وەرگیراوە، کۆی گشتی پارەکە دەکاتە 20 ملیۆن و 496 هەزار دۆلار.

هەروەها جگە لەو حاجییانەی کە بە تیرو پشک ناوبان دەرچووە، ئەمساڵ لەڕێژەی حاجیانی عێراق 10 هەزار کەس زیادکراوە و 2132یان پشکی هەرێمی کوردستانە.

ئاماژەی بەوەشدا "ئەو بڕەی کە زیادکراوە، بڕی پارەکەیان جیاوازە و زیاترە ئەگەر بکرێتە بازرگانی.

کۆی داهاتی پارەی حاجیانی ئەمساڵ لەگەڵ ئەو حاجیانەشی کە بەشێوەی بازرگانی حەج دەکەن، نزیکەی 38ملیۆن دۆلارە.

ئەگەر هەر حاجییەک بڕی هەزار دۆلار خەرج بکات بۆ کڕینی دیاری و خەرجی ڕۆژانەی، ئەوا 7 ملیۆن و 12 هەزار دۆلار خەرجدەکرێت، کەواتە کۆی خەرجی حەجی ئەمساڵ دەگاتە زیاتر لە 45 ملیۆن دۆلار.

زیاتر لە 16 کاتژمێر کارەبای نیشتیمانی بە هاوواڵتیان دەدرێت

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوبەری گشتی کارەبای هەولێر لە نێستادا زیاتر لە 16 کاتژمێر کارەبای نیشتیمانی بە هاوواڵتیان دەدرێت.بەهۆی زیادبوونی بەرهەمهێنانی کارەبا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو سێ کاتژمێر کارەبای نیشتیمانی بۆ هاوواڵتیان زیادی کردووە بەڵام لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و زیادبوونی خواست لەسەر کارەبا ئەم بڕە ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات. بەڕێوبەری گشتی کارەبای هەولێر ڕاشیگەیاند: وەزارەتی کارەبا بۆ چارەسەرکردنی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی کارەبا دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی پێوەری زیرەک وەک پڕۆژەیەک لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن.

د. شەونم ئەحمەد پسپۆری نەخوشی ژنان و لە دایک بوون کۆچی دوایی کرد

خەبات-ئالان شەهاب: لە ولاتی نەمسا دکتۆر شەونم ئەحمەد وەیس دکتۆری تایبەتمەندی نەخۆشی ژنان و لە دایک بوون کۆچی دوایی کرد ، دکتۆر شەنم ئەحمەد وەیس لە ساڵا 1965ی لە شاری بەغدا لە دایکبووە و لە ساڵی 1988 بڕوانامەی بەکالوریوسی پزیشکی گشتی لە زانکۆی مووسڵ بە دەست هێناوە.

یەکەم جار کە دامەزراوە وەکو پزیشک لە سەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کەرکوک بووە، و دوای ساڵی 1997 هاتۆتە پارێزگای دهۆک وەکو مامۆستا لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی دهۆک و پزیشکی تایبەتمەندی نەخۆشیەکانی ژنان و لە دایک بوون لە نەخۆشخانەی ئازادی گشتی فێرکاری نەخۆشی ژنان و لە دایک بوون دریژەی بە خزمەتی خۆی داوە و خزمەتێکی گەورەی پارێزگای دهۆکی کردووە.

شانی باشە لەکۆنفرانسێکدا کەلە لایەن کۆمەڵەی جیهانی نەخۆشی ژنان و لە دایک بوون لە ولاتی نەمسا بەسترابوو داوەت کرابوو. کەچی بە داخەوە هەر لەو کۆنفرانسەدا بە جەڵدەی دڵ گیانی لە دەست دا .

بەشێکی دیکەی شەقامی 100 مەتری قیرتاو

خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی: هاتوچۆی هەولێر سەرجەم شوفێران ئاگادار دەکاتەوە قۆناخێکی دیکەی نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنی شەقامی 100 مەتری لە هەولێر دەست پێدەکاتەوە. بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر ئاگاداری شوفێران دەکاتەوە کەوا لەڕۆژی 2019/6/25 لەکاتژمێر 10ی بەیانیەوە شەقامی 100 مەتری ئەم بەشەی کە دەکەوێتە نێوان مزگەوتی خەدیجە کوبرا تاکو نەخۆشخانەی رزگاری سایدی دیوی دەرەوەی شەقامەکە دادەخرێت بەهۆی دووبارە قیرکردنەوەی. لە ئاگاداریەکەدا هاتووە شوفێران لە کاتی داخستنەوە تاوەکو تەواوبوونی پڕۆژەکە دەتوانن شەقامی 40 مەتری هەروەها شەقامی 120 مەتری وەکو ڕێگای بەدیل بەکار بێنن، بەهیوای هاوکاری و پابەند بوونی هەموو لایەکین.



بڕیکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەردانی مەزۆ لەشکری دەکات

مەزۆ لەشکری، ئەو یاریزانە دێرین و بەنێوبانگەی، کە هەموو تەمەنی خستۆتە خزمەت بواری وەرزش، ڕۆژی 21 ی مانگ دووچاری ڕووداوی هاتووچۆ بووە و ئێستا لەژێر چاودێریی پزیشکیدایە. د.سالار عوسمان بڕیکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە نەخۆشخانە سەردانی کرد و ویڕای هاوخەمی، پشتگیریی وەزارەتی دەربڕی و هیوای زوو چاکبوونەوەیشی بۆ خواست.

هەڵەبجە.. لەوەڕاندنی مەڕومااڵت لە وەرزی هاویندا

باران بارینی زۆری ئەمساڵی هەرێمی کوردستان، لەوەڕێکی باشی لە وەرزی بەهار و هاویندا بۆ شوانەکان سازکردووە، شوانێک دەڵێت تا سەرەتای وەرزی پاییز مەڕ و مااڵتەکانیان بێ لەوەڕ نابن بەڵام گەرمای وەرزی هاوین ژیانی ئەوانی سەختتر کردووە.

ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستان بۆ باران بارین ساڵێکی جیاواز بوو، باران بارینی زۆری ئەمساڵ ڕێژەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد و لە زۆربەی ناوچەکان گەیشتە سەروو هەزار ملم، ئەوەش کاریگەری گەورەی لەسەر ڕێژەی سەوزایی هەبوو.

لەئێستادا جگە لە پووش و پاوانی زۆری دەشت و شاخەکان، ئەو زەوییانەشی کە دروێنەی دانەوێڵەیان تیادا کراوە، بوونەتە لەوەڕگایەکی باش بۆ مەڕومااڵت و بۆ شوانەکان جێگایەکی لەبارە تاوەکو بەشێکی ڕۆژەکەیان ئاژەڵەکانیان لەو زەوییانەدا بلەوەڕێنن.

محەمەد عەزیز شوانێکی گەنجی گوندی بەکرئاوایە لە خواروو هەڵەبجە، ئەو سەردەڕای بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لەم وەرزەدا کە لەو سنووردا گەیشتووەتە زیاتر لە 40 پلەی سەدی، لەبەر تیشکی هەتاودا بەدیار مەڕ و مااڵتەکەیەوە وەستاوە لە کاتی لەوەڕاندنا.

محەمەد بۆ ئاژانسی ئانادۆلۆ گوتی:"ئەمساڵ بە هۆی باران بارینی زۆرەوە لەوەڕ زۆر باشە و بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو زۆر باشترە، پێشبینی دەکەین تا مانگی نۆی داهاتوو کە دەکاتە سەرەتای وەرزی پاییز لەوەڕی ئاژەڵەکانمان بەو شێوەیە بمێنێتەوە".

ئەو کە بەگەرمای هاوین و سەرمای زستان بەردەوام لە دەرەوەیە و ناچارە بەو شێوەیە ژیان بکات لە پێناو دابینکردنی لەوەڕێکی باش بۆ مەڕ و مااڵتەکەی لە بارەی پلەکانی گەرما و کارەکەیەوە گوتی: "لەم ڕۆژانەدا گەرمایەکی زۆر هەیە و پلەکانی گەرما بەرزبووەتەوە ئەوەش ژیانی ئێمەی زەحمەتتر کردووە، بەڵام ناچارین لە پێناو مەڕ و مااڵتەکەم لەبەر ئەو گەرمایە بمێنمەوە و چاودێریان بکەم لە کاتی لەوەڕاندنیان".



د. ڤالا فەرید یەکەم ئافرەت لە پێگەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستاندا



یونس حەمەد/ ئۆسلۆ

دوای سەرکەوتنە مەزنەکەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتیە پەرلەمانییەکەی 2018کە تیایدا بە زۆرینەیەکی بێوێنە پارتی توانی ببێتە خاوەن زۆرترین کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان. گومانی تێدا نییە بەوەی هەر کارێکی سەرکەوتوو کەسانی بە ئەزموون و خاوەن ئەقڵێتێکی کراوە لە پشتیەتی نەخاسمە بۆ ئێمەی کورد، ئەگەر چی لە سەرەتای نەوەتەکانەوە لە نێو پرۆسەیەکی ئازادی و پەرلەمانیدا هەنگاوەکانی حوکمڕانی دەهاوژین، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بەهۆی ڕێڕەو و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە لە بنەما سەرەکییەکانی ژیانی پەرلەمانی و دیمۆکراتیداین.

جا لێرەدا بە هۆی متمانە پێکردنی جەماوەر بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان کە لەسەر ڕێبازی بارزانی نەمر هەنگاوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکانی دەهاوێژێت، بە کەسانی لێهاتوو و خاوەن ئیراده و ئەزموون دێنێتە پێشەوە مەبەستیشی زیاتر شارەزایی و متمانەی جەماوەر بۆ خۆی ڕابکێشێت، بە تایبەت ئەگەر ئەو کەسایەتییانە لە ڕەگەزی ئافرەت بن. پارتی هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی بانگەشە گەرموگوڕەکانی هەڵبژاردنی دروشمی کوردستانێکی بەهێزی کرده ئامانج و بەم دروشمە کورد و کوردستانیانە چووە نێو ڕەکابەری هەڵبژاردن، ئەوەبوو بە دەنگێکی بێوێنە متمانەی جەماوەری بەدەستهێنا. لە ناوچەکەشدا، بەمەش د.ڤالا بووە هێمایەکی تەندروست بۆ تەواوی ئافرەتانی ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی. لە ماوەی دانیشتنی ئەم خولەی پەرلەمان سەرۆکی پەرلەمان زۆر زیرەک و لێهاتووییەوە متمانەی جەماوەر بەدەستبێنێت، دواتر ڕەوانگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیانەدا دەبینین ئافرەت لەم پرۆسەیەدا دەنگێکی زۆڵالی بوو. د. ڤالا فەرید کە لە خانەوادەیەکی خانەدانی دەشتی هەولێرە نمونەیەکی بەهێز و بەرچاوی ئافرەتی کورده لەم پرۆسە دیمۆکراتییەی گەلی کوردستاندا کە توانی بە لێهاتوویی و متمانەی جەماوەر بەدەستبێنێت، دواتر دەیانەوێ حکومەت پێکبێنن و یان ئەو لایەنانەی لە ئێستاوە ئۆپۆزسیۆنیان هەڵبژاردووە مامەڵە دەکات، لە چوارچێوەیەکی پتەوی یاسایی و سیاسیانە وێڕای پشت بەستن بە ناوەڕۆک و بنچینەکانی پەرلەمانی هاوچەرخدا کارەکانی پێشەیانە ڕایی دەکات، ئەمەش وایکردووە ببێتە ئەستێرەیەکی پرشنگدار و دەرەوشاوە لە مێژووی گەلی کوردستاندا. کوردستانێکی بەهێز بە توانای کەسانی بەهێز دێتە بنیاتنان. لە ماوەی دەنگدان لەسەر هەڵبژاردنی هەر دوو سەرۆکایەتی هەرێم و وەزیراندا، دواتر سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێورەسمێکی شایستە و مۆدێرندا سەرۆکی پەرلەمان زۆر ژیرانە توانای ئیدارەدانی دانیشتنەکانی هەبوو، بەمەش سەرنجێکی زۆری جەماوەری لەسەر بوو، تواناکەی وایکرد بە سەرکەوتوویی لێی دەربچێت و ببێتە نموونەی ئافرەتی بەهێز لە کوردستانێکی بەهێزدا.

یادەوەری شۆڕشەکانی کوردستان لە بیرەوەری کچێکی کوردپەروەردا



ساسان دەروێش/ سوید

ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی پڕ سەروەریەکی پێشمەرگەیەکی گومناوی نیشتیمان پەروەری شاری سلێمانی لە شۆڕشی ئەیلولی مەزنداء خوالیخۆشبوو جەمال ردفعەت کە 78ساڵ ژیا و لە 1912لەدایک بووە ولە 1990کۆچی دوایی کردوە. لە پێش 9ی حوزەیرانی ساڵی 1963لە ڕەشبگیرەکەی سلێمانییدا داواکاربوو بۆ دەستگیرکردنی لەسەر جموجوڵی سیاسی و خزمەتکردن بە شۆڕش و کوردایەتی، بۆیە پەیوەندی بە شۆڕش دەکات و چەکی شەرەف دەکاتە شانی و دەبێتە پێشمەرگە.



لە سەرەتای لاوێتیدا ئەندامی حزبی هیوا بووە و دواتر بۆتە ئەندامی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، هەموو یاد و بیرەوەرییەکانی ئەم کەڵە پیاوە لە لایەن کچەکەی خاتوو خەبات جەمال ڕەفعەت پارێزراون، کە خۆشی وەک چالاکوانێک لە ولاتی سوید لە زۆربەی چالاکیەکانی پرسی نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئافرەتان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕیت کە لە ڕابردوودا مامۆستا بووە و چۆتە شاخ و دواتر بۆ تاراوگە هاتووە و لە ئێستادا هەمان کاری مامۆستایی دەکات لە ولاتی سوید. هەروەک خۆیی دەڵێت: خۆشەویستی باوکم و دایکی نیشتیمان ئاوێتەی خوێنم بوون لەسەر هەمان ڕێبار وبەرەوپێی باوکم کە پارتی و بارزانی و کوردایەتی بووە ئێمەشی لەسەر هەمان ڕێبار پەروەردە کردووە، بۆیە لە دەرگای ڕۆژنامەی خەباتم دا لە ڕێی نووسینگەی هۆڵەندا تا لاپەڕەیەک لە دەفتەری بیرەوەری و سەروەری باوکم بۆ میژوو هەڵبدەمەوە و لە خەباتی ئازیز تۆمار بێت کە ناوی خۆشمی هەر بە ناوی خەبات ناوە لە خۆشەویستی ئەم ڕۆژنامەیە.

وەفای کچێک لە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەک لە میژووی باوکی

سەرەتا خاتوو خەبات جەمال ردفعەت گوتی: من سوپاسی نووسینگەی خەبات لە هۆڵەندا دەکەم بۆ ئەوەی لاپەڕەیەک لە میژووی خەرمانی باوکم تۆمار بکەم کە تا ئێستا نەمتوانیوە و دەرفەت نەبووە باسی لێوە بکەم. ئەمساڵ 29ساڵە باوکم جەمال ردفعەت گوتیهێشتوین کە کەسێکی نەتەوەیی و کوردپەروەر بووە، یەکێک بووە لە ئەندامانی حزبی هیوا و دواتر پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە چەند پەرتوکێکدا باسی ئازایەتی و کوردایەتی وسەروەڵبڵاشی کراوە وەک پەرتوکی شەڕی بەردەقارەمان و چێشتی مجەوری مام هەژاری شاعیر. زۆرجار کە پێکەوە دادەنیشتن و لە دەرگای یاد و بیرەوەریەکانیمان دەدا زۆر شتی گرنگ و مێژوویی بۆ دەگێڕاینەوە دەربارەی شۆڕش و بەسەرهاتەکانی خۆی هەر لە پێشوازیکردنی سەرۆک بارزانی لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان و پێشمەرگایەتی و شۆڕش و زۆر شتی تر لە دەرفەتێکی تر بە دڕێژی باسی لێوە دەکەم. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیخەمەڕوو بەسەرهاتێکی مێژوویە بۆ ئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراق. یادەوریەک بۆ ئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراق ئەمەی بۆتان دەگێڕمەوە لە ئەندامانی حزبی هیوا و دواتر پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە چەند پەرتوکێکدا باسی ئازایەتی و کوردایەتی وسەروەڵبڵاشی کراوە وەک پەرتوکی شەڕی بەردەقارەمان و چێشتی مجەوری مام هەژاری شاعیر. زۆرجار کە پێکەوە دادەنیشتن و لە دەرگای یاد و بیرەوەریەکانیمان دەدا زۆر شتی گرنگ و مێژوویی بۆ دەگێڕاینەوە دەربارەی شۆڕش و بەسەرهاتەکانی خۆی هەر لە پێشوازیکردنی سەرۆک بارزانی لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان و شۆڕش و زۆر شتی تر لە دەرفەتێکی تر بە دڕێژی باسی لێوە دەکەم. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیخەمەڕوو بەسەرهاتێکی مێژوویە بۆ ئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراق. من هەر لە منالیمەوە لە نێو خێزانێکی کوردپەروەردا گەورە بووم ئەوەش لە باوکمانەوە بۆمان ماوەتەوە کە هەمیشە پەروەردەیەکی نیشانی سۆر لێبدەن. کاتێک ئەو خواردنانە لە بەفرگردا ڕێکدەخەن ئەوانەی نیشانی کەسکیان پێویە لە پێشەوە و ئەو خواردنانەی ڕەنگی سۆریان لەسەرە تا ئەو جێیەی بۆتان دەکرێت لە پشتەوە دابنێن تا بە ئاسانی نەتوانن بەکاری بهێنن. ئەو کارە هۆکارە تا ئێوە کەمتر ئەو خۆراکە ناتەندروستانە بەکاربێنن. جیاوازی لە ڕەنگەکان ئیشتیا کۆنترۆڵ دەکات: هاوڕەنگ بوونی خواردن و قاپەکان وادەکات ئێوە زیاتر نان بخۆن. بۆ وێنە لە کافەتریای زانکۆی کۆرنێل مەعکەڕۆنیان لە قاپی سپیدا پێشکەش دەکرد و دواتر کە ڕەنگی قاپەکەیان گۆڕی قوتابیان 20%خواردنی کەمتریان دەخوارد.جیاوازی نێوان ڕەنگی قاپ و خواردن هۆکارە تا مێشک ساناتر ڕادەی خواردنەکە پێوەر بکات. ڕەنگی شین هۆکارێکە تا کەمتر نان بخۆن. بە بڕوای زانایان ئەو زانیاریە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی کۆن، کاتێک کە زۆربەی خواردنە ژەهراوییەکانی نێو سروشت بە ڕەنگی شین دەبینران بە شێوەیەکی سروشتی مرۆڤ مەیلی بۆ خواردنی شین کەمتر بووە. هەوڵ بدەن چێشتخانە، میزی نانخواردن و قاپ و قاچاختان لە ڕەنگی شین هەڵبژێرن.

ئافرەتان سەرنجی ڕەنگی قاپ و قاچاخەکانتان بدەن

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت



چاوەکانی ئێوە بەر لە دەمتان نان دەخوات. واتا سەرەتا کاریگەری ڕەنگ و ڕواڵەتی خواردن لەسەر ئێوە دەردەکەوێت. پسپۆڕانی خۆراک پێیانوایە ئەگەر هەموو ڕێگەیەکتان بۆ لاواز بوون تاقیکردۆتەوە و نەگەیشتوونەتە ئەنجام باشتر وایە سەرنجێک بخەنە سەر کاریگەری ڕەنگەکان:

خواردنەکان لە ڕووی ڕەنگەوە هەڵبگرن: لەسەر خواردنە تەندروستەکان نیشانی کەسک، خواردنە مامناوەندەکان زەرد و لەسەر ئەو خواردنانەی لە ڕووی بەهای خواردنەوە لە خوارەوەن

ڕۆڵی ئافرەت لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا



بنار قەرەنی جەلال مەنتک

دەمەوێت لەسەر پرسی ئافرەتان بدوێم و پێموایە نابێت چوارچێوەی قسەکانمان تەنیا لەبارەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان و داواکاری بێت بۆ پێدانی دەرفەتی زیاتر بە ئافرەتان. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باسکردن لە سەرکردە بە زۆری لە بواری سیاسیدا چڕ کراوەتەوە بە تایبەتی لە پیاوانی سیاسی دا، لە کاتێکدا دەشێ سەرکردە لە بواری جۆراوجۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردە و ئیداریدا ... هتد بوون و ڕۆڵی هەبێت و هەر کات باس لە پرسی بە سەرکردە بوونی ئافرەت دەکرێ چەندین سەرنج و گفتوگۆی لێدەکەوێتەوە. زۆرجاریش دوچاری بەرهەڵستی و بەرەنگاری دەبنەوە. هۆکارێکی گرنگ بوونی کلتور و ژینگە و سۆسیۆلۆژەکەیە کە ئافرەت قبول ناکات، بۆیە پرسی بەسەرکردە بوونی ئافرەت پرسێکە پێویستی بە هۆشیارییەکی قوڵ و ئامادەییەکی تەواو هەیە لەلایەن خودی ئافرەتانەوە. پرسی بەسەرکردە بوون بریتیە لە باوەڕبەخۆبوونی ئافرەت و سوربوون و باوەڕهێنانی کۆمەڵگە بەوەیکە ئافرەتانیش هاوشانی پیاوان دەتوانن ببنە سەرکردە و پێشڕەو لە کۆمەڵگەدا. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێشتا بەربەست و لەمپەر لەبەردەم ئافرەتان هەن بۆ گەیشتن بە ناوەندە باڵاکانی بڕیاردان و بەسەرکردەبوونیان. باوەڕێکی پتەو لە نێو پارتەکانی کوردستان و کۆمەڵگەدا بە بوونی ئافرەتان نییە لەو پێگەیەدا. ئەمەش بە پێچەوانەی سیستەمە دیموکراسی و شارستانییەتەکان کە تەنیا توانا و لێهاتوویی مرۆڤەکان دەبنە پێوەر بۆ هەڵبژاردنی کەسەکان بۆ جومگەکانی حوکمرانی. ئافرەت پێویستە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەنگاوی گەورە بنێت بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا ببێتە پێوەرێکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر گۆی زەوی و دەبێت مافەکەی بدرێت و نابێت هەرگیز بسەنرێت، چونکە پایەیەکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردییە، مرۆڤایەتی پێویستە لە ژیان و ئافرەتیش پێویستە، چونکە پێوەرەکانی ژیان بەشێکی زۆری پەیوەست کراوە بە ڕۆڵی ئافرەت لە نێو کۆمەڵگەدا. ئافرەتێکی زۆرمان هەیە کە شان بە شانی پیاوان ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە بواری سیاسی و میدیا و هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە بە هێزی چەکداریشەوە، لەبواری کارکردنیش ئافرەتان هاتونەتە پێش بونەتە سیمبولی ئازایەتی و بەرخودان بۆ هەموو میللەتی کورد و جیهانیش. ئەمڕۆ چۆن ئازادی ماف و یەکسانی ئافرەتان لە جیهان شان بە شانی پیاوان کاردەکەن بە هەمان شێوە ئافرەتانی کورد توانیویانە لەئێستادا میژوویێکی پڕ سەروەریی بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان تۆمار بکەن، لێردا دڵخۆشین بە دەسکەوتەکانی بزوتنەوەی ئافرەتان و کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێشکەوتنی بەرچاو لە پرسی ئافرەت بەدیهاتووە. لە ئێستاشدا کە لە سەروبەندی دانوستانەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتین، بە هیوایەکی زۆرەوە چاوەڕێین کە کابینەی نوێ کارنامەکەی گشتگیر و کراوە بێت بە ڕووی پرسە جیاوازەکان بە تایبەت پرسی ئافرەت و ئەم پرسە وەک پرسێکی ستراتیژیی دابنێ و لە کارنامەکەیدا خاوەن جێگە و پلانی تایبەتمەند بێت. لێردا مەبەستی من وەک ئافرەتێکی کوردستان لەم بابەتە دروستکردنی پردی پەیوەندییە لە نێوان ڕێکخراوەکان وکۆمەڵکە و حکومەت و کاری سیاسی بە تایبەت و یەکێتی ئافرەتان بە گشتی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ دارشتنی هاوسەنگ و پشتیوانی پرسی ئافرەت بە ئامانجی گۆڕینی دیفاکتۆی کۆمەڵایەتی و جێگیرکردنی بەهای نوێی کۆمەڵایەتی وەک شوێنگرەوە بۆ ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتیانەی بەربەستن لە بەردەم پێشکەوتنی ئافرەتان. لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی بەسەر ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتوون کە بەشێکی زۆری ولاتە عەرەبییەکانی گرتەوە و عێراقیش لە پێشووی هەمویانەوە بوو، بێگومان کاریگەری نێگەتیڤی هەبووە لەسەر ڕەوشی کوردستان لە ڕووی ئەمن و ئاسایش و دواتریش شەڕی تیرۆر دژی چەکدارە تونددڕەوەکانی داعش کە هەموو پلان و پێوەرەکانی ناوچەکەی گۆڕی و ئافرەتێکی زۆر لە کوردستان بوونە قوربانی ئەو شەڕە و خەبات و تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئافرەتان لەسەر ئاستی حکومی و حزبی پاشەکشێی بەخۆوە بینی و پێویستەوە دیسان لە سەرەتاوە دەستپێبکەینەوە.

حاجی دێلۆیی.. مرۆڤێک بە بەرزی ژیا، بە مەزنیش مانۆاوایی کرد

ئا: سامان زاهیر

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول گەورەترین شۆڕشی کوردستان بوو کە بە ڕێبەرایەتیی باوکی ڕۆحی نەتەوەیی کورد مستەفا بارزانیی نەمر لە یازدەی ئەیلوولی ساڵی هەزار و نۆسەد و شەست و یەک هەڵگیرسا و بوو بە شۆڕشی گەورەی سەرتاسەری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا..

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شۆڕشێک بوو کە لەژێر ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان تێیدا بەشدار بوون و بۆ بەدیهێنانی ماف و ئامانجە ڕەواکانی گەلی کوردستان تێدەکۆشان و گیان و مالی خۆیان لەو پێناوەدا کردە قوربانی و داری ئازادییان بە خۆێن و گیانی خۆیان ئاو دا . لە میانی بەردەوامیی ئەو شۆڕشەدا گەنجێک هاوشێوەی گەنجە خۆنەویستەکانی دیکەی شۆڕش دەبێتە پێشمەرگە و لە تەمەنی لاویدا دەست بە خەبات دەکات ، خەباتێک کە هەموو قۆناغ و کایەکانی پێشمەرگایەتی و کاری سیاسی لە شۆڕشی ئەیلول و دواتریش لە شۆڕشی گوڵان و ڕێکخستەکانی کاری پارتایەتی و دواتریش لە ڕاپەڕیندا دەبینێت و وەکو ئەستێرەکی درەوشاوە لە دەقەری پشدەرەوە ناو و ناوبانگی دەگاتە هەموو کوردستان .. ئەو کەڵە پێشمەرگە و کادیرە هەڵکەوتووە حاجی خدر بایز ناسراو بە (مەلا حاجی دیلۆیە) کە سەرراستانە و ماندوو نەناسانە هەر لە تەمەنی لاوییەوە تا کۆچی دوایی، لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی کوردستان خەبات دەکات.بە بۆنەی ساڵیادی کۆچی دوایی حاجی دێلۆیی لقی 11ی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێورەسمێکی شایستەیان بە شداری بەرپرسانی ئیداری و سیاسی و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی سازکرد و تاجەگوڵینەی ڕێز و وەفایان لە سەر گلکۆی خوالێخۆشبوو دانا.

ژیاننامەی مەلاحاجی دێلۆیی

حاجی خدر بایز ناسراو بە حاجی دێلۆیی لە ساڵی 1953لە گوندی دێلۆی سەر بە قەزای پشدەر هاتۆتە دونیا. لە سەرتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە و تا ساڵی 1968 بەردەوام بووە و پلەی موستەعیدی بەدەست هێناوە. لە ساڵی 1968لە سنووری هێزی کاوە پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە و بۆتە پێشمەرگە و کادیرە هەڵکەوتووە حاجی خدر بایز ناسراو بە (مەلا حاجی دیلۆیە) کە سەرراستانە و ماندوو نەناسانە هەر لە پلەی ئامر فەسیلی پێدراوە، کە ئەو کات بارەگای فەوجی 12لە گوندی چۆمخرکەی نزیک قەڵادزی بووە و تا ساڵی 1974بەردەوام بووە. لە ساڵی 1974لە لایەن هێزی کاوە نێردراوە بۆ دەورەی تۆپخانەی شۆرش (مدفعی) و دواتر کراوە بە بەرپرسی تۆپخانە ، کە ئەو کات بارەگایەکی لە گوندی دەرگەڵە بووە و تا ساڵی 1975بەردەوام بووە و بەشداری لە شەڕەکانی (کەپکی حەمەئاغا و سەفین و زەردک) و چەندین شەڕی دیکەی کردووە.لە دوای نسکۆی شۆرش لە ساڵی 1975لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵانی ئاوارەی ئێران بووە و دوای دابەشکردنی ئاوارەکان لە لایەن ڕژێمی ئەوسای ئێرانەوە، لەگەڵ خانەوادەکەی لە شاری ئەهواز نیشتەجێ دەبێت. لە ساڵی 1979و دوای دیداری لەگەڵ ئیدریس بارزانی بڕیاری گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدات و سەرتا لە گوندێکی نزیک مەهاباد و دواتر لە شاری نەغەدە جێگیر دەبێت. هەر لە هەمان ساڵدا(1979) دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان چەکی شەڕف و بەرگری کردەوە شان و لە سنووری هێزی حسۆ میرخان ژاژۆکی بۆتە پێشمەرگە و پلەی ئامر بەتالیۆنی پێدرا. لە ساڵی 1982کرا بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئەوکات سەر بە لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستان 1984 بوو و تا ساڵی بەردەوام بوو و بەشداری لە شەڕەکانی حاجی ئۆمەران و کەپکی حەمەئاغا و سەفین کردووە. لە ساڵی 1984کرا بە ئەندامی قاتعی 4و بە بەرپرسی ڕێکخستنی قاتع لە ئالوەتان دەستنیشانکرا. لە ساڵی 1985کرا بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی خەبات و بارەگای ناوچەکە لە شاری نەغەدە بوو. لە ساڵی 1986هەردوو ناوچەی خەبات لە نەغەدە و ناوچەی ئازادی لە زێوە دەمج کران و حاجی دێلۆیی کرابە بەرپرسی ناوچەی ئازادی کە بارەگاکەی لە ئۆردوگای زێوە بوو. لە ساڵی 1987گواستراییەوە بۆ لقی 4ی پارتی و کرا بە کارگێڕی لقی 4ی پارتی و بەرپرسی دارایی و تا ساڵی 1989بەردەوام بوو و بەشداری لە شەڕەکانی قەرەداخ و گەرمیان کردووە. لە ساڵی 1989کرا بە ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کونگرەی 10یەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەوکات نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بوو و ئەندامانی لیژنەکە پێک هاتبوون لە عەبدولعەزیز تەیب و حاجی دێلۆیی و قادر قادر و مەحمود محەمەد و تەمەڕ کۆچەر. لە دوای کۆنگرەی 10ی پارتی لە ساڵی 1989کرا بە بەرپرسی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی بەشی ڕێکخستنی مەکتەبی سیاسی پارتی. لە ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی 1991دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک حەمید ئەفەندی وەک بەرپرسی میحوەری 9ی پارتی دیاریکرابوو و دواتر بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی نقل کرا، حاجی دێلۆیی لە لایەن مەکتەبی سیاسی پارتی کرا بە بەرپرسی میحوەری 9ی پارتی . لە ساڵی 2001بوو بە ئەندامی مەکتەبی ناوندی ڕێکخستن و دڕێژەی بە کارەکانی دەدا، بەڵام بەداخەوە لە ماوەی دووساڵی ڕابردوو دووچاری نەخۆشیەکی کوشندە بوو و بە هۆی سەختی نەخۆشیەکەوە لە 20/6/2018لە شارۆچکەی سەلاحەددین کۆچی دوایی کرد و لە زێدی خۆی لە گوندی دێلۆی سەر بە قەزای پشدەر بەخاکسپێردرا.

هەزار سڵاو لەگیانی پاکی شۆڕشگێڕ(مەلا حاجی دێلۆی)ای و هەموو شەهید و شۆڕشگێرانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، لەسەرووبان مستەفا بارزانی و کاکە ئیدریسی هەردەم لەیاد.





هەڵبژاردنەکانی یەکێتی ئەورووپا و پرسی ناسنامە



2

هەڵێ بەرزنجەیی

پرسی ناسنامە، لە جیهانی ئیمڕۆشدا و لەم ژینگە بارگاوییە بە گلۆبالیزەیشن ، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و داهێنانی ڕۆبۆتی زیرەک، هەڵگرتنی سنوور، کۆسپی لێک نزیکبوونەوە و تێکەڵاوی یەکجارەکی گەلان ، نەعرەتەی دژە دەوڵەتی نەتەوەیی و شتگەلێکی تر، هێشتا سەنگ و بایەخی خۆی نەک هەر لەدەست نەداوە، بگرە گەر سەرنجێکی وردی بەدیقەت بدەین لە پێشهات و ڕووداوەکان و بیروڕای خەڵک، لەسەرتاسەری جیهاندا بەگشتی و لە وڵاتانی ئەورووپای سەرتۆپی وڵات و کیشوەری هەرە پێشکەوتووە لە جیهاندا بەتایبەت، ئەوە دەبینین کە ئەم پرسە، شووناس گەلێ زیاتر لەجاران گرنگی و بایەخی خۆی بەسەر هەنگاوەکانی ژیان و بەرەو پێشوەچوونەکاندا دەسەپێنێ. هەروەها تا تێستا لە پلەی یەکەم دا دێت و هێشتا بزوێنەری گەلێ باس و خواست و بیرکردنەوە و تێڕامانی تاک و نەتەوەکانە.

هەڵبژاردنەکانی یەکێتی ئەورووپا و پرسی ناسنامە

لە هەڵبژاردنەکانی ئەم ساڵدا ٢٠١٩ ، لە کۆی ٧٥١ کورسی پەرلەمانی ئەورووپا، کریست دیموکراتەکان و هاوشێوەکانیان ٢١٦ نوێنەریان هەیە و سۆسیال دیموکراتەکان ١٨٤ و سەوز و چەپەکانیش هەر یەکە ٥٢...

پەنابەران و دیاریکردنی سنووری ئەورووپا و دەرچوون و کشانەوەی Brexit بەریتانیای مەزن لەم یەکێتییە ناکۆکی گەورەی خستۆتە نێوان وڵاتانی وەک پۆڵۆنیا و هەنگاریا و نەمسا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیتالیاوە. پەرلەمانی بروکسلی پایتەختی یەکێتی ئەورووپا نەبۆتە ئەلتەرناتیڤی دروستی پەرلەمانی دەوڵەتەکان .

هەڵبەتە ڕوون و ئاشکرایە، کەوا وڵاتە بەهێز و گەورەکان لەم یانەیەدا بااڵدەست و خاوەنی بڕیاری سەرەکین و کەموزۆر ئەڵمانیا لە ڕووی ئابووریی و تەکنەلۆژیاوە و فەرەنسا ، وەک زلهێزێکی سیاسی، دایمەزێ هەڵسوڕێنەری ئەم یەکێتییە.

ئەم یەکێتییە، لە ڕاستی جگە لە سەنگینکردنی پێگە و بایەخی ئەورووپا وەک قەوارەیەک لە نێوان ڕۆژهەڵات بەسەرۆکایەتی ڕووسیا و ڕۆژئاوا بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا و لە ئێستادا چینیشیان بۆ قووت بۆتەوە. هەڕەشەی ئەم بەرە دەرەکییانە وای کردووە، ئەم دەوڵەتانە زیاتر لێک نزیک ببنەوە. هەر ئەم یەکێتییە وای کردووە پاش ئەمەریکا ،لەئێستادا ئەورووپا بێتە دووەم بەهێزترین هێزی ئابووری لەجیهان دا.



سەباح بەیتوللا

ریفراندۆم تاجا سەرێ هەمی سەرکەفتنایە

دوو ساڵ بسەر ئەنجام دانا پرسا ریفراندۆمێ و سەرکەفتنا وێ دەرباز بوون ، کو یا خویا و ئاشکرایە مەزنترین دەسکەفتا گەلێ کوردستانێ یە ل سەد سالێت بوری دا و ب هەمی تەخ و توێژێن خوڤە ، بەلێ ریفراندۆم سەرکەفت و ریفراندۆم ئەرکەکێ ئەخلاقی و نەتەوی و نیشتیمانی و ئایینی بوو و بۆ هندێ چێ دی کارەسات و ئەنفال و کیمیاباران و جینوساید و دەر ب دەری و ئاوارەیی ب سەر مەدا نەهێنەڤە ، دیسان رزگاریا نەتەوەیەکێ یە لبن دەستێ زولم و زوریێ و ستەمکاریێ ، بۆ جارا ئێکێ یە د دیرۆکێ دا سنورێ تە بێتە دیارکرن و وەلاتێ تە دکەڤیتە سەر نەخشەیێ جیهانێ ، وچێ دیکە مزگەفت و دێر و پەرستگەھ نەهێنە کاڤلکرن و وێرانکرن و پەرتوکێت پیرۆز تێدا نەهێتە سووتاندن و هەمی ئاییێن ژی د ئازاد بن . ریفراندۆم دەنگێ مەزلومیەتا مللەتەکێ بوو و دەنگێ (**100**)سالێت خەبات و تێکوشین و بەرخودان و قوربانیدان و فیداکاریێ بوو ، دهەمان دەم دا بەرسڤەک بوو بۆ ڕێکەفتنا سایکس ژ بیکو بوو ، دەنگێ هەوار و نالێ نالا کەس وکارێت شەهیدێن سەربلند بوو ، چ وەلاتەک یێ ئازاد نیە ، ئەگەر خەلکێ وێ یێ ئازاد نەبێت ، گەلەک جوانە مرۆڤ بۆ وەلاتێ خو بمریت ، بەلێ یا ژ وێ جوانتر وهەژی تر ئەوە تۆ ب ئازادی لسەر بژی ، ئەگەر مرۆڤی کەرامەتا خۆ ل دەست دا چ نامینیت کو ل دەست بدەت .

لەوا مرۆڤ خەبات و شورش و سەرهلدانێ دکەت تاکو لسەر ئاخا خۆ ب سەربەستی و کەرامەت و ب سەربلندی و ب سەرفیرازی بژیت . بێگومان بۆ بدەستڤە ئینانا سەربەستیێ و سەرخوبوونێ مللەت پێدڤی ب ڕێبەر و سەرکردێت قەهرەمان و شارەزا و بوێر هەیە و پێنگاڤا ئێکێ بەرەڤ قەهرەمانیێ هزر نەکرنە ب مرنێ چونکە مرن ل پێناڤ قی ئارمانجێ ئەو ژی ژیانە .

جوانیا سەرخوبونێ خەملاندنا وێ یە ب خوێنێ و خوراگریێ و ئێک کاتژمێرا ئازادیێ بەرامبەر ب سەد سالێت بن دەستیێ یە . سەرکردەیێ قەهرەمان ژی ئەوە ل ڕۆژێت دژوار و بەرتەنگ دا سەرێ خۆ بلند ڕاکەت ، لەوا بۆ ریفراندۆمێ مە باش دزانی پێدڤی ب دوو کەرەستا هەبوو :

1- ڕێبەر وسەرکردەیەکێ بهێز

2- مللەتەکێ خۆڕاگر

لێ ئەڤ هەردوو کەرەستەیێن مە ئامارژە پێکری مللەتێ هەبوون ، سەرۆک مەسعود بارزانی سەرکێشیا ریفراندۆمێ کر و سەرێ خۆ بلند و بلند ڕاکر و گازیا مەزلومیەتا مللەتەکێ هەژارو بەلنگاز گەهاند و بوو دەسکەفتەکا دیروکیا مەزن و بوو سەنەدەکا فەرمی و بناغێ دەولەتا کوردستانێ دانا و جەنابێ سەرۆک بارزانی بۆ ئەندازیارێ ئاڤاکرنا دەولەتا کوردستانێ .

بەلێ جەنابێ سەرۆک بارزانی هژیانەکا مەزن ل رۆژ هەلاتا ناڤین دروست کر و ئەو چەند خویا کر کۆ ڕێبازا بارزانی نە تەسلیم بوون و نە هەرفین تێدا نیە و بۆ رزگاریا گەلێ خۆ قوربانی چەندا گران بیت دێ پێشکێش کەتن کۆ ئەڤە ژی ل فەرهەنگا پارتی و ڕێبازا پیرۆزا بارزانی یا دیارو ئاشکرایە.

ڕێبەرێ کاریزما ، ڕێبەرایەتییێ دکەتن بێکو کەس نەچار بکەت ، ڕێبەرێ کاریزما مەدح و سەنا و سوپاس و پێزانین بۆ خۆ نەڤێت بەلکی مللەتێ خۆ لڤێ چەندێ دکەتە هەڤالبەند و بۆ وی حساب دکەتن ، ڕێبەرێ کاریزما پتر کۆ حوکمرانییێ بکەت ڕێبەرایەتییێ دکەت و ژلایێ خەلکیڤە هیڤی و ئومێدە و هەمی ژیانا خۆ تەرخان دکەتن بۆ خزمەتا مللەتێ خۆ و دۆزا رەوایا وی .دیسان ڕێبەرێ کاریزما ل تەکتیکێ یێ نەرم و سەرخۆیە و ل ستراتیژیەتێ موکم و خۆڕاگر و فیداکار .

لێ ریفراندۆمێ ئەڤ ڕێبەرێ کاریزما هەبوو لەوا مەزنترین سەرکەفتن ل دیرۆکا (**100**)سەد سالێت مللەتێ کورد بدەستڤە ئینا و (**93%**)خەلکێ دلسوز هەلگرێ هەستا نەتەوی ونیشتیمانپەروەر و وەلاتپارێز گوتێ : بەلێ بۆ سەرخۆبونێ ، بەلێ بۆ ئاڤاکرنا دەولەتا کوردستانێ ، ئەو ڕێبەرێ کاریزما هێژا سەرۆک مەسعود بارزانی بوو .

لەوا ئەو نەفام و نەحەز و نەیار و دوژمن و داگیرکەر و خوفرۆش کۆ دبێژن ریفراندۆم شکەست ... هزار جارا دبێژینێ نەخێر و نەخێر ریفراندۆم گەلەک ب باشی سەرکەفت و مەزنترین دەسکەفتێ گەلێ کوردستانێ بوو وفەرە ژی هەر کوردەکێ دلسوز وهاولاتیەکێ کوردستانی شانازیێ بڤی دەسکەفتێ مەزن بکەن .

لەوا حەتا دونیا هەیە دێ شانازیێ ب سەرۆک مەسعود بارزانی کەت کو ئیرادا مللەتێ خۆ بسەر ئێخست و بۆ جارا ئێکێ ل دیروکا گەلێ کوردستانێ و سەرەرای گەف وگوریێن دوژمن و نەحەزو داگیرکەرێن کوردستانێ ، ریفراندۆم هاتە کرن و حساب بۆ دوژمن و داگیرکەرا نەکر ... بەلێ ریفراندۆم بەرسڤەک بوو بۆ وان دوژمن و نەحەزا کو مەبەستا وان ژناڤبرنا گەلێ کوردستانێ بوو و بەرسڤەک بوو بۆ هەمی دونیایێ کو مللەتێ کورد بۆ حەتا حەتا زولم وستەم لێکرنێ قەبیل ناکەت ومافێ وی یە ژی وەکو هەمی گەلێت دونیایێ ب سەربەستی لسەر ئاخا خۆ بژیت و ل هیچ گەلەکێ ڤێ دونیایێ ژی کێمتر نیە.

لەورا ب شانازیڤە دبێژین ئەڤرۆ جەنابێ سەرۆک بارزانی ب مەرجەعێ نەتەوا کوردە و هەر چوار پارچێت کوردستانێ شانازیێ پێ دکەن ... ولەوا ب جورئەتڤە دبێژین ریفراندۆم تاجا سەرێ هەمی سەرکەفتنایە....

ون بوون

ناسنامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکووک بە پلەی ریگەپێدراوی ٧ بەناوی نیاز صدیق رشید مولود وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

مەنەفیست بەناوی کۆمپانیای حکیم صابر یعقوب جۆری ئۆتۆمبیل مقطورە تریلە فلات مزود بجادر متحرکە رەنگ نەفتی ژمارە شاصی WSM٠٠٠٠٠٠٣٠٤٢٩٧٥ وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهشتی هەولێر

ژمارەی دۆسیە ١٧/ئانیایە/٢٠١٩

ڕێکەوت ٢٠١٩/٦/٢٤/

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهشتی هەولێر مولکی ژمارە ١٣٢/١/٥١ گرد مەلا کە کەوتۆتە گرد مەلا دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار عائیشە حسین احمد کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لە جیاتی قەرزی رسول عبدالله رسول بەبری ٧٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ی ترخەقرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارەی ١/٥١ك ١٣٢ گردەملا

ی- ڕەگەز و جۆری زەوی کشتوکالییە

٣- سنوورو ئاگاداری لە تۆماری هەمیشەیی هاتووە

٤- پێکهاتەکەی زەوی کشتوکالیە بیرێکی ئیرتیوازی لەسەرە لەگەڵ مورەشەیەکی ئاو لەگەڵ خانووەکی مەکشوف لە ژووریەک و حەمام و مرافق پێک دێت

٥- ڕووبەرەکەی ١٦,١١,٦٩ دۆنم

٦- نیشتەجێکەی زەوی کشتوکالیە

٧- ترخی قرساو ٤٢٨,٠١٠,٥٦٠چوارسەد و بیست و هەشت ملیۆن و دە هەزارو پێنج سەد و شەست دینار.

جێبەجێکاری داد

پێشرەو فریق باوەمەردەیی

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/١٦٨٨

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٩

ئاگاداری

بۆ قەرزار عمر جمال عبدالعزیز شوێنی نیشتەجێ نادیار

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەجێی هەمیشەیی یان کاتی یان هەلبژاردراوتان نیە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان هەر بۆیە بەپێی مادەی ٢٧ی یاسای جێبەجێ کردن بردراوە لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆییەوە ئاگادارتکرێنەوە بە بریاری جیابەندی جێ بەجێ کردن (الحجز التنفیذی) لەسەر عمر جمال عبدالعزیز لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئاماەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی ١٠ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بری پارە ٣٦,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ خاوەن قەرز (سالم خمیس نجم الدین).

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقوده : بيلاف نافخوش موسو

قدم السيد / نافخوش موسو خضر طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

***

فەرمانگەی دادنووسی خەبات

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٨

ئاگاداری

بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن ئرشد رشاد بابکە لە بەرواری ٢٠١٩/٦/١٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و ئێستا دانراوە لە قەزای خەبات ناحیەی کەورگۆسک و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە بڕیە ئەو کەسەی پەیوەندی بەمە و بە کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتە بەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لە ماوەی پازدە ڕۆژدا واتە ڕۆژێک لەدوای بڵاوکردنەوەکە تۆمارکردنەکە بە دواکەوتوو دادەنرێت تا کاتی یەکلاکردنەوەی داواکە و نارازیبوون بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووس ژمارە ٣٣ی سالی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

ئامێرەکان:

١- ئامێری هزاز غربیل لەگەل ١٢ متر قایش ژمارە ٢٠١٩/٠٠٤٠ دروستکراوی خۆمالی مۆدیل دیارنییە جۆری سوتەمەنی کارەبا و توانای کارەبایی دیار نییە بەبری ١٢,٠٠٠,٠٠٠ دوانزە ملیۆن دینار.

- ئامێری بەرد شکاندن لەگەل ١٢ متر قایش ژمارە ٢٠١٩/٠٠٤١ دروستکراوی ئیرانی مۆدیل دیار نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا و توانای کارەبایی دیار نییە بەبری ١٤,٠٠٠,٠٠٠ چواردە ملیۆن دینار.

٣- ئامێری بەرد شکاندن لەگەل ٨ متر قایش ژمارە TK٠١٩٢٠٥٤٧ دروستکراوی ئیرانی مۆدیل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانا ٩٠ K.W بری ١٤,٠٠٠,٠٠٠ چواردە ملیۆن دینار.

٤- ئامێری هزاز غربیل جیاکردنەوەی چگل و بحس و قوم لەگەل سێ قایش ٧ متر، ٧ متر، ١٤ متر ژمارە ٢٠١٩/٠٠٤٢ دروستکراوی خۆمالی مۆدیل دیار نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی دیار نییە بری ١٦,٠٠٠,٠٠٠ شانزە ملیۆن.

٥- ئامێری بەرد شکاندن بەردی بچووک لەگەل ١٣ متر قایش ژمارە ٢٠١٩/٠٠٤٣ دروستکراوی ئیرانی مۆدیل دیار نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی دیار نییە بری ١,٠٠٠,٠٠٠ یەک ملیۆن دینار.

دادنووس/ دلزار نجات یاسین نجار

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١١

ئاگاداری

بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن ئومید سیامند هەزە ٥٠٪ و بارزان کامل کریم ٥٠٪ لە بەرواری ٢٠١٩/٦/١٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و ئێستا دانراوە لە پ. باشوور و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە بڕیە ئەو کەسەی پەیوەندی بەمە و بە کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتە بەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لە ماوەی پازدە ڕۆژدا واتە ڕۆژێک لەدوای بڵاوکردنەوەکە تۆمارکردنەکە بە دواکەوتوو دادەنرێت تا کاتی یەکلاکردنەوەی داواکە و نارازیبوون بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووس ژمارە ٣٣ی سالی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

ئامێرەکان:

١- دوو دانە ئامێری نەعمەی صاف و لوس کردن ژمارەی ئامێر ٢٥٢٠٧ و دروستکراوی ئیتالی و مۆدیلی دیار نییە و جۆری سوتەمەنی کارەبا و توانای کارەبایی K.W ٧,٥X٢.

٢- ئامێری جەلایەی کاشی شەش سەرکی ژمارەی ٩٠٨/٦٠٣ دروستکراوی ئیتالی مۆدیلی دیار نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی ٩٠ K.W.

٣- ئامێری مشاری برینی بەردی مەڕ مەڕ ژمارەی ئامێر ٨٠٢٢٥ دروستکراوی خۆمالی مۆدیلی دیار نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبای ٧,٥ K.W.

٤- سێ دانە ئامێری کابیسەی کاشی ٧٩٤٨٣٥ و ٧٩٤٨٣٤و ٢٥٦٢٠ دروستکراوی ئیتالین و مۆدیلی دیار نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی K.W٣X٧,٥.

دادنووس/ مریوان قرنی ابراهیم

***

زانستی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

کۆلیژی کشتوکال

هۆبەی سەرچاوە مرزییەکان

ژمارە/ ١٦٢٦

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٤

بۆ بەڕێز م. عمار عماد علی کسرە مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی خاک و ئاوی کۆلیژەکەمان

ب/ ئاگادارکردنەوە اخطار

لەبەر ئەوەی دەست بەکارنەبوویتەوە لە کۆلیژەکەمان پاش تەواو بوونی دڕێژکردنەوەی مۆلەتی خوێندن لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٥ بەپێویستان زانی ئاگادارکردنەوە اخطار ئاراستەتان بکەین بۆ ئەوەی دەستبەکاربیتەوە لە شوێنی کارەکەتان لەماوەی ١٥ پازدە ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بێ و ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت ئەگەرنا بە پێچەوانەوە سزای یاساییت بەرامبەر دەگرینەبەر.

پ.ی. کاوە عبدالکریم علی

ڕاگری کۆلیژ بەوەکالەت

***

ئاگاداری

بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان...

من پاریزەر سامان عبدالواحد عباس کە بەپێی کۆنووسی بریاری دامەزرێنەری کۆمپانیای بهمن رحمن علی بۆ بازرگانی گشتی/ پرۆژەی تاکەکەس کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١١دا بڕیاردراوە بە دانانم وەک پاکتاوکاری کۆمپانیا. ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێک پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.

پاکتاوکار/ پاریزەر/ سامان عبدالواحد عباس

٠٧٧٠١٥٨٩٧٥٣

***

ئاگاداری

بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان...

من پاریزەر سامان عبدالواحد عباس کە بەپێی کۆنووسی بریاری دامەزرێنەری کۆمپانیای بهمن رحمن علی بۆ بازرگانی گشتی/ پرۆژەی تاکەکەس کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١١دا بڕیاردراوە بە دانانم وەک پاکتاوکاری کۆمپانیا. ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێک پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.

پاکتاوکار/ پاریزەر/ سامان عبدالواحد عباس

٠٧٧٠١٥٨٩٧٥٣

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە/ ١٢٥٥/ب/ ٢٠١٩/١

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٥

جاردان

بۆ داواکێراو خلیل احمد حمد

داواکاران ابراهیم احمد حمد و هاوبەشەکانی داوای ژمارە/ ١٢٥٥/ب/٢٠١٩/١ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئاشکرا نیە و بەپێی ئیشعاری مختاری گەرەکی تەیراوە لە ٢٠١٩/٥/٢٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا ب پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٩ کات ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە/ ٦٥٧/ب/ ٢٠١٩/١

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٠

جاردان

بۆ داواڵێکراو بناز ادیب فتاح

داواکار سمیرە ابراهیم عباس داوای ژمارە/ ٦٥٧/ب/٢٠١٩/١ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی ڕۆشنبیری لە ٢٠١٩/٣/٢٧ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا ب پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی خۆمالی مۆدیلی دیار نییە جۆری سوتەمەنی گاز توانای کارەبایی دیار نییە بری ٨,٠٠٠,٠٠٠ هەشت ملیۆن دینار.

ی- ئامێری غەتاس بەرهەمهێنانی ئاو لە بیر ژمارە ٢٠١٩/٠٠٤٤ دروستکردنی دیار نییە مۆدیل دیار نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی دیار نییە بری ١,٠٠٠,٠٠٠ یەک ملیۆن دینار.

دادنووس/ دلزار نجات یاسین نجار

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١١

ئاگاداری

بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن ئومید سیامند هەزە ٥٠٪ و بارزان کامل کریم ٥٠٪ لە بەرواری ٢٠١٩/٦/١٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و ئێستا دانراوە لە پ. باشوور و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە بڕیە ئەو کەسەی پەیوەندی بەمە و بە کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتە بەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لە ماوەی پازدە ڕۆژدا واتە ڕۆژێک لەدوای بڵاوکردنەوەکە تۆمارکردنەکە بە دواکەوتوو دادەنرێت تا کاتی یەکلاکردنەوەی داواکە و نارازیبوون بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووس ژمارە ٣٣ی سالی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

ئامێرەکان:

١- دوو دانە ئامێری نەعمەی صاف و لوس کردن ژمارەی ئامێر ٢٥٢٠٧ و دروستکراوی ئیتالی و مۆدیلی دیار نییە و جۆری سوتەمەنی کارەبا و توانای کارەبایی K.W ٧,٥X٢.

٢- ئامێری جەلایەی کاشی شەش سەرکی ژمارەی ٩٠٨/٦٠٣ دروستکراوی ئیتالی مۆدیلی دیار نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی ٩٠ K.W.

٣- ئامێری مشاری برینی بەردی مەڕ مەڕ ژمارەی ئامێر ٨٠٢٢٥ دروستکراوی خۆمالی مۆدیلی دیار نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبای ٧,٥ K.W.

٤- سێ دانە ئامێری کابیسەی کاشی ٧٩٤٨٣٥ و ٧٩٤٨٣٤و ٢٥٦٢٠ دروستکراوی ئیتالین و مۆدیلی دیار نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی K.W٣X٧,٥.

دادنووس/ مریوان قرنی ابراهیم

***

زانستی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

کۆلیژی کشتوکال

هۆبەی سەرچاوە مرزییەکان

ژمارە/ ١٦٢٦

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٤

بۆ بەڕێز م. عمار عماد علی کسرە مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی خاک و ئاوی کۆلیژەکەمان

ب/ ئاگادارکردنەوە اخطار

لەبەر ئەوەی دەست بەکارنەبوویتەوە لە کۆلیژەکەمان پاش تەواو بوونی دڕێژکردنەوەی مۆلەتی خوێندن لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٥ بەپێویستان زانی ئاگادارکردنەوە اخطار ئاراستەتان بکەین بۆ ئەوەی دەستبەکاربیتەوە لە شوێنی کارەکەتان لەماوەی ١٥ پازدە ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بێ و ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت ئەگەرنا بە پێچەوانەوە سزای یاساییت بەرامبەر دەگرینەبەر.

پ.ی. کاوە عبدالکریم علی

ڕاگری کۆلیژ بەوەکالەت

***

ئاگاداری

بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان...

من پاریزەر سامان عبدالواحد عباس کە بەپێی کۆنووسی بریاری دامەزرێنەری کۆمپانیای بهمن رحمن علی بۆ بازرگانی گشتی/ پرۆژەی تاکەکەس کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١١دا بڕیاردراوە بە دانانم وەک پاکتاوکاری کۆمپانیا. ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێک پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.

پاکتاوکار/ پاریزەر/ سامان عبدالواحد عباس

٠٧٧٠١٥٨٩٧٥٣

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە/ ١٢٥٥/ب/ ٢٠١٩/١

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٥

جاردان

بۆ داواڵێکراو خلیل احمد حمد

داواکاران ابراهیم احمد حمد و هاوبەشەکانی داوای ژمارە/ ١٢٥٥/ب/٢٠١٩/١ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی تەیراوە لە ٢٠١٩/٥/٢٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا ب پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٩ کات ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە/ ٦٥٧/ب/ ٢٠١٩/١

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٠

جاردان

بۆ داواڵێکراو بناز ادیب فتاح

داواکار سمیرە ابراهیم عباس داوای ژمارە/ ٦٥٧/ب/٢٠١٩/١ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی ڕۆشنبیری لە ٢٠١٩/٣/٢٧ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا ب پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی

لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەوارى لەسەر گۆڕەستانى (کول تاریکە)ى پارێزگاى کوردستان (سنە)

وەرگێڕانى لە فارسیەوە: کەمال نورى مەعروف

2
کۆتایی

کۆکردنەوەو گرێدان:

ئەو مێژووەى گۆڕستانى "کول تاریکە" بۆى جێهێشتووین لەسەر کۆمەڵێک سواڵەتى شوێنەکەیەو کەوتووەتە بەردەستمان، لەئێستادا بەرەو شوێنى لێکۆڵینەوەچوون، بەڵام من ئەنجامەکانى وەکو سەرەتا دەبینم و خوێندنەوەى سەرەتایى بۆ دەکەم بەو شێوەیە:

کۆمەڵەى سواڵەت گۆڕستانى "کول تاریکە" کەژمارەیەکیان سواڵەتى ساغن، بەڵام زۆرینەیان لەتە سواڵەتن، ئەم کۆمەڵە لەرووى شێوەیان و پۆشینى رەنگییان، جۆرى بابەتیان تیادا نییە، لەرووى رەنگییانەوە بەنارنجى داپۆشراوبوون، سواڵەتەکانیش بەزۆرى لەسەر شێوەى کاسەو پەرداخ بوون، کەزۆر و بڵاوبوون، سواڵەتەکان کەبەرەنگى نارنجى داپۆشراون، لەجۆرى سواڵەتە زبرەکانن، لەقورێکى شێوە نارنجى دروستکراون و سافکراون، قورەکەى لەو جۆرانەیە کەملى وردە یان وردە چەوى لەناوداییەو لەجۆرى خراپەکانیدا لەسەر رووەکانیان دەرئەکەوێت.

جۆرى باشى ئەم سواڵەتە رەنگەکەى نارنجییەو بەچەرخ کراوەو رووەکەى بەجوانى سافکراوە، ئەوەى لەشێوەى ئەم سواڵەتە لەناو گۆڕەکاندا بەکارهێنراوە کاسەیە، هەمەجۆرە شێوەکانیش هەتاوەکو گۆزەى بچکۆلەو رەحەتى نووک تیژو تاسەى بچکۆلە کەگەردنێکى بڵندى هەیەو دەمى بۆ دەرەوە کراوەتەوەو پەیوەستە بەگەردنى گۆزەکەوە، لەو شێوانەش لەناو گۆڕەکاندا بەکارهێنراون، لەو جۆرانەى وەکو رەحەتى دەمکراوەى بچکۆلە کەلوولەیەکى ستوونى بەگەردنەکەیەوە پەیوەستە، لەگەڵ گۆزەى ورگدارى دەم بچکۆلە و پیالەى بچکۆلەى لووداریش لەناویاندا زۆرن و بەرچاو دەکەون.

لەناو سواڵەتەکاندا شێوە نارنجى تایبەتى خۆى هەیەو جوانکارى تیادا کراوە، کەلە هەندێکیاندا بەرچاو دەکەون، ئەم جوانکارییە لەسەر شێوەى نەخشى ئەندازیارییە، ئەویش بەدروستکردنى هێڵى باریک وکەمێک قوڵ لەسەر بەدنەکەى کراوە، وەکو دیمەنى شانە لەسەر سواڵەتەکە، بەشێوەى سێگۆشەو لەبزینەیى بەرچاو دەکەون، ئەمانەش بەشرێتێکى ئاسۆیى کراوە کەلە سەروە بۆ خوارەوە هاتونەتەوە، هەندێک جاریش وێنە نەخشێنراوەکان زۆرن، کەلەناویاندا نەخشى لەمجۆرە بەشێوەى قۆزى بۆ جوانکارى دەردەکەون.

ئەم جۆرە سواڵەتەش پێچەوانەى ئەوانەى پێشوەو، نموونەى نەخشەکانى و رەنگەکانى کە شێوە خاکیە، لەجۆرەکانى ترى ئەو سواڵەتانەى لەگۆڕستانى "کول تاریکە" بەکارهێنراوە، سواڵەتێکە رووەکەى بەشەرابى بۆیە کراوە، قورى ئەم سواڵەتە رەنگى نارنجییەو ورده لم یان وردە چەو لەناویدا دیارە.

شێوە دەرکەوتووەکانى ئەم سواڵەتە رەحەتى بچووکى گەردندار لەگەڵ کاسەى قوڵفدار کەدەمەکەى بەرەو ناوەوە چووەو کاسەى ترى کەمێک قوڵ کەقوڵفەکەى هەیەلەشێوەى "ئیسى" ئینگلیزى کەئاماژەیە بۆى.

لەناو ئەو کۆمەڵە سواڵەتەى گۆڕستانى "کول تاریکە"دا، دوو سواڵەتى بۆیەکراوى تریش دێن یەکێکیان لەگۆڕى 7و ئەوى تریان لەگۆڕى 10بەدەست گەیشتوون.

سواڵەتەکەى گۆڕى 7بەرزییەکەى 10 سانتیمەترەو لەشێوەى پەرداخى ئاودایەو گەردنى بەرزەو بەدەنێکى بازنەیى هەیە، سواڵەتەکەش بنەکەکەى بەرەنگى سەوز بۆیەکراوەو بەشەکانى تریشى بەرەنگى ئاوى.

جوانکردنى ئەم سواڵەتەش بەشێوەى 9 گەڵاى گوڵى رەنگاورەنگ بووە کە "5یان لەخوارەوەى گەردنەکەین، تاوەکو ناوەراستى بەدەنى سواڵەتەکەى گرتووەتەوە لێوارەکانیشى بەوێنەى گوڵ داپۆشراوەو رەنگى رەشى دڵرفێن کراوە، هەتاکو دەگاتەوە بەئەترافەکانى خوارەوەى رۆشتووە. سواڵەتى رەنگ کراوى گۆڕى "10 پێکهاتووە لەگۆزەى دەم بچکۆلە، بەبێ ئەوەى گرنگى پێدرابێت و بەرەنگى ئاویش داپۆشراوە.

لەپێشوودا رووى سواڵەتەکە، رەشى خاکەکەى لەسەر کۆبووەو دایپۆشیبوو، بەسەیرکردنى خراپى سواڵەتەکە لەدروستکردنیدا دەرئەکەوت.

لەنموونە جیاکانى تریى قاپ و قاچاخى "کول تاریکە"، سواڵەتێکى گەورەیت کە دیوارەکانى بەئاسۆیى هاتوونەتەوەو لەگۆڕى ژمارە (10)دۆزراوەتەوە، ئەم گلێنەیە بەئەندازەیەکى جوان هێڵکارى تیاداکراوە، ئەمەش بەهەڵکۆڵینى هێڵى قوڵ و پان لەڕووەکەیدا دەرکەوتووە، نەخشەکانیش بەشێوەى "زکزاگ" هاتوونەتەوەو هێڵەکانیش بۆیەى سپى کراون، خاڵێکى تریش کە شوێنى ورد بوونەوەیە لەگلێنەکەدا، بوونى هێڵى سپى گەورەیە لەڕووەکەیدا.

کۆمەڵە سواڵەتەکانى "کول تاریکە" بەزۆرى هاوشێوەى گلێنەکانى (زێوێە)ن، ئەم لەیەکچوونەش بەتایبەتى سەرچاوەى سواڵەتە نارنجییە سافکراوەکان دەگرێتەوە، کە نەخشى لەسەر هەڵکۆڵراوە، نموونەى لەبەرچاویش سافکراوەکان دەگرێتەوە، کە نەخشى لەسەر هەڵکۆڵراوە، نموونەى لەبەرچاویش بچووکى لوولەدارى گۆڕى ((9یە، لەو شێوە سواڵەتەش لە (زێوێە) بەدەستگەیشتووە، نەخشەى هەڵکۆڵراو بۆ جوانکارى بەشێوەى بۆ نیوەى یەکەمى هەزارەى یەکەمى پ.ز دەگەڕێتەوە، یان لەوانەیە بۆ سەردەمى (مانایى) بگەڕێنەوە، کە لەگۆڕستانى "کول تاریکە"دا بەرچاوم کەوتن.

قسەى تر:

لەدوو وەرزى کەنو پشکنیندا لەگۆڕستانى "کول تاریکە"و ناوچەى نیشتەجێبوونیدا بەڵگەو ئاسەوار بەدەستگەیشتن، کەردەسەى فەرهەنگى گۆڕەکان و هاوشێوەکانیان بەپەنابردن بۆ دروستکردنى بیناو کەردەسەى فەرهەنگییان لەخاڵەکانى ترى هەمان سەردەمدا سەردەمى گۆڕستانەکە دیارى دەکەن، ئەمانە دەریدەخەن ئەو پاشماوانەى کەدەورى دەشتى (کەرەفتوو)و (زێوێە)یان داوە، بۆ سەردەمى نیوەى یەکەمى هەزارەى یەکەمى پ.ز دەگەڕێنەوە، کەشوێنى ژیان و دانیشتن بووە، لەبنەماشدا بەڵگە هەیەو لەبەرچاوگیراوە کەناوچەى دانیشتنى "کول تاریکە" قەڵایەک بووەو شوورای ئەو خانوانەش تاوەکو دوور شوورەکەش کەردەسەى فەرهەنگى لەنموونەى سواڵەتى ساکارو درشت کە ورده چەو یان لمیان پێوە دیارىوو دەرکەوتن.


دیارە لەگوندەکانى "گوڵ تەپە"، کە قەڵاى زێوێەش هەر لەو شێوانەدا دروستکراوە، تیایدا شوێنى ماناوەیان بۆخۆیان دروستکردووە، نموونەى ئەو قەڵایەشم دیوە کەشوورەکەى بەخشتى قوڕ 50*50*10 دروستکراوەو بناغەکەشى، لاشەکەى بەبەرد دانراوە، نموونەى ئەمەش کە بۆ باسکردن بشێت قەڵاى (زێوێە)و قەڵاى (قاپلان تو)وە لەگوندى (قاپلان تو)، لەدووى 5 کیلۆمەترى (زێوێە)و 3کیلۆمەترى (قاپلان تو)، کەشوورەکەى بەخشت دروستکراوەو بناغەکەى بەبەرد.

هەڵبەتە دروستکردنى لەناوچەى دانیشتنى کۆیستانیدا، لەبەر بەرژەوەندییان بووە، بۆیە بناغەکەیان بەبەرد داناوە تاوەکو شوێنى نیشتەجێبوونى ئەم گەلانەش باشوورى دەریاچەى ورمێ بووە، تاوەکو دەگاتەوە بە (سنەندج) (کوردستان)، لەڕاستیدا هێرشى ئاشوورى بۆ سەر ئەو گەلانە جارجارێک رووبیداوەو گەلە بچکۆلەکانى ناوچەکەش پێویستبووە بەرگرى لەخۆیان بکەن و لەهێرشى گەلانى تریش خۆیان بپارێزن کەهێرشبەران بۆ سەر بەرزاییەکان لەهێرشکردندابوون، واتە بۆسەر گەلانى ناوچەکە، بۆیە شوورای بەرزو بەهێزیان بەبەردو خشت دروستکردووە بۆ پارێزگارى لەخۆیان، لەوانەشە "کول تاریکە" یەکێک بێت لەو شوێنە ناوخۆییانە کەگەلانى مانایى تیایدا دانیشتبن.


لێرەدا پرسێک دێتە پێشەوە کەپێویستى بەڕوونکردنەوە هەیەو بەو جۆرەیە:


دەسەلاتداران لەناوچەى (زێوێە)دا لەڕووى کۆمەڵایەتى و ئابووریییەوە چۆن توانیویانە فەرمانڕەوایەتى بکەن، لەگەڵ ئەوەى پێتەوبێت، ئەو سواڵەتانەش کە لەو ناوچانەدا کنەو پشکنینیان بۆکراوە بەسەیرکردنى شێوەو رەنگیان هاوشێوەى جۆرى سواڵەتەکانى گۆڕستانى "کول تاریکە"و شوێنى دانیشتنەکەیان لەدوو هاوشێوەى ئایینیدا دەردەکەون.

پرسێکى گرنگ لێرەدا خۆى دەنوێنێ، ئەویش ئامادەکردنى کەرەسەى پێویست بۆ دروستکردنى بینا بۆ نیشتەجێبوون لەقۆناغێکى میژوویىدا، بەپێى مەرجى رامیارى و کۆمەڵایەتى بووە، کەئەو خانووانە لەشوێنە بەرزەکاندا دروستکراون، ئەگەر ئەم شوورانە بەو قۆناغەدا تێپەڕبووبن، کە گەلانى مانایى لەسەدەکانى 6و 7و 8ى پ.ز لەو ناوچەیەدا ژیابن، لەبەر هێرشەکانى ئاشوورییەکان و بەردەوامى شەڕى نەتەوایەتییان لەگەڵیاندا دروستیان کردووە، بۆیە توانیم بەوە گبگەم، بۆچى ئەوانەیان دروستکردووە.









پاشماوەى شوێنەوارى تایبەت بەو قەڵایە بەدەستگەیشتووە، هەروەها لەو دەورووبەرەشدا بینای تایبەت بەو بۆنەیەوە هەبووە؟ بۆ وەڵامى ئەمەش دەڵێم: ناوچەکە شوێنى تایبەت بەگەلێک بووە کە فەرمانڕەوایەتى تیادا کردووەو خەڵکەکەشى بەگشتى لەژێر دەسەڵاتیاندا بوون، بەو خەڵکانەى تریش کەلەشوێنى ترى ناوچەکەدا ژیاون، ئەوەش ئاشکرایە هێرشبەرانى ئاشوورى و غەیرى ئەوان لەو رۆژگارەدا بەدواى تاڵانى زۆروگران نرخدا گەڕاون کەدەسەڵاتدارەکانى ناوچەکە لەقەڵاکانیاندا شاردوونەتەوەو پاسەوانیان بۆ داناوە.

بەوجۆرە گۆڕستانى "کول تاریکە"و شوورای نیشتەجێبوون تیایدا، مەرجەکانى ژیانى هەبووە کەدەورى ناوچەکەى داوە، ژیانى ئابووریشیان لەسەر کشتوکاڵى دێمى و ئاژەڵدارى بووە، کە لەوانەیە بەشێک لەمانەش کۆچەرى بووبن، هەر چۆنێک بێت لەم قۆناغەدا لەکۆمەڵگایەکى داخراودا لەو شوێنانەدا نیشتەجێبوون و تیایدا ژیانیان بەسەر بردووەو ئەوەى بۆ نیشتەجێبوونیش نەیان بووە دروستیان کردووە.

هاوشێوەى فەرهەنگى و پاشماوەى کۆنى گۆڕستانى "کول تاریکە"و خاڵەکانى تریش:

بەستنەوەى چینەکان و ناسینەوەى قاپ و قاچاخى سواڵەت و پارچە سواڵەتەکان و کەلوپەلى وەرشاوو مۆرى بەردینى بەدەستگەیشتوو لەگۆڕستانى "کول تاریکە"و ناوچەى دانیشتنیان، و پیوانەى کەلوپەلى فەرهەنگیان بەکەلوپەلى فەرهەنگى شوێنى تر، وەکو (زێوێە)و (قاپلان تووە)و قەڵاى (حاجى سۆفى) لەگوندەکانى (گوڵ تەپە)، وێنەیەکى رێژییمان لەسەر قەڵاى (زێوێە) ئەداتێ، یان لەوانەیە بۆ دروستبکات کەکارى کنەو پشکنینەکانى سالانى پێشووتر کەبۆیان دیاریکردووین لەنێوان سەدەکانى 6و 7ى پ.ز بەئەنجامى گەیاندووە، لەئێستادا بۆ مێژوو تەنیا توانیمان شوورای گۆڕستانى "کول تاریکە" و قەڵاى (زێوێە) لەڕێگاى پاشماوەى شوێنەوارى بەیەکترى بەراورد بکەین.

لێکۆڵینەوەکان لەسەر میراتى کوردستان لەگوندەکانى (گوڵ تەپە) لەدەشتى (زێوێە) کە(ساییر وەفایى) ئاخاوتنى لەسەرداوە، کە ئەشکەوتى (کەرەفتوو)و قەڵاى (زێوێە)و شووراکانى (قاپلان توو) و (حاجى سۆفى) لەدەشتى (زێوێە) نیشان دەدات ، دەریدەخات کەنیشتەجێبوون لەو دەشتەى (کەرەفتوو)و (زێوێە) لەسەردەمێکى قۆناغى مێژوویىدا هەبووە کە فەرهەنگى ئەو شوێنە تایبەت و فراوانانە پەیوەستبوون بەگەلانى مانایى، ئەمەش بەپەنابردن بۆ قەڵەمڕەوو فەرمانڕەوایان، وادیارە لەباشوورى دەریاچەى (ورمێ) وە تاوەکو ناوچەى (سنەندج) و هەمەدان لەژێر دەسەڵاتیاندا بووە.

یەکێک لەناوچە رەسەنەکانى ئەم قەومە گوندى (قەڵایچە) بووە، کە سەر بەناوچەى (بۆکانە) لەئازەربایجانى خۆرئاوا، ئەمەش بەپێى ئەو بەردە نووسراوە یادگارییەدێت، کە بە ئەلفبای ئارامى کۆن نووسراوە، لەکنەو پشکنینى گوندى (قەڵایچە) دۆزراوەتەوە کە بۆ (716پ.ز دەگەڕێتەوە، شوێنەکەش بە (زیرتو) دەخوێنرێتەوە، کە پایتەختى وڵاتى (مانا) بووەو نووسینەکەش پەیوەستە بەڕۆژگارى فەرمانڕەوایەتى (ئۆلۆسۆنۆ)ى پادشاى بەتوانا (مانا) کە ناوەڕۆکەکەى دەڵێ: بەڕەسمیى ناسینى (یانزى) دادەورى شارى "زیرتو"ى پایتەختى وڵاتى "مانا" کەلەبەردەم خواکانى پەرستگاى پادشایەتى و دادەورى خواى خالدى لەسەر خاکى (مانا) بەردەوامییان بەدەسەلاتى داوە.

سواڵەتەکانى ئەم ناوچەیە هاوشێوەى سواڵەتەکانى گۆڕستانى "کول تاریکە"یە، جگە لەوەش رەنگى خشتەکانى قەڵایچەى بۆکان زیاتر هاوشێوەى سواڵەتى گۆڕستانى "کول تاریکە"و کاشییەکانى قەڵاى (زێوێە)یە، لەنزیک (سەقز)یش شوورایەکى کۆن بەناوى (قەڵاى ساحیب) هەیە، کە بەهۆى وێنە دەستییەکانى ئەو شوورایەو ئەو لێکۆڵینەوەیە لەسەر سواڵەتەکانى کراوە، دەردەکەوێت کە هاوشێوەى دوو جۆر لەسواڵەتى گۆڕستان و ناوچەى نیشتەجێبوونى "کول تاریکە"ن، ئەم سواڵەتانەش لەدوو کۆمەڵدا بەرچاودەکەون، یەکێکیان رەنگى لۆبیاى تۆخى هەیە، سێگۆشەو لەبزینەیى ساکار کەپەیوەستن بە شرێتێکى ئاسۆیى، لەشێوەى شانەدا وێنەکراون، لەسەر سواڵەتەکە دەردەکەون، لەسواڵەتەکانى "کول تاریکە"شدا هەن، هەروەها لەسواڵەتەکانى (زێوێە)شدا جارێکیتر بەرچاودەکەون، گلێنەى بۆیەکراوى گۆڕى ((7جارێکیتر شێوەکەى (زێوێە)یەو سواڵەتەکەش بەرەنگى سوور داپۆشراوە، ئەوەى "کول تاریکە"ش هاوشێوەى سواڵەتێکى تر لەکۆمەڵەى رەسەنى (زێوێە).

سواڵەتەکانى گۆڕستانى "کول تاریکە" لەگەڵ سواڵەتەکانى زێوێە، نموونەیان لەزیندانى سلێمان بەرچاو دەکەوێت، نموونەى ئەمانەش کاسەى بچکۆلەى دووانەى ستوونییە کەکەمێک چەمانەوە لەبالاکەیدا هەیە، نموونەى هاوشێوەشى لە زیندانى سلێمان و (زێوێە)هەن، بەو جۆرە کە لەسەر سواڵەتەکان دواین، میژووەکانیان سێگۆشەو لەبزینەیى ساکار کەپەیوەستن بە شرێتێکى ئاسۆیى، لەشێوەى شانەدا وێنەکراون، لەسەر سواڵەتەکە دەردەکەون، لەسواڵەتەکانى "کول تاریکە"شدا هەن، هەروەها لەسواڵەتەکانى (زێوێە)شدا جارێکیتر بەرچاودەکەون، گلێنەى بۆیەکراوى گۆڕى ((7جارێکیتر شێوەکەى (زێوێە)یەو سواڵەتەکەش بەرەنگى سوور داپۆشراوە، ئەوەى "کول تاریکە"ش هاوشێوەى سواڵەتێکى تر لەکۆمەڵەى رەسەنى (زێوێە).

سواڵەتەکەش بەچەرخ سازکراوە، ئەوى تریشیان رەنگى سووری تریێیەو تاوەکو ئەندازەیەکیش ساکارەو پوخت نیە.

بەهەرحاڵ لەسەرچاوەى بەڵگەکانەوە توانیمان بوونى قەومى (مانا) لەم ناوچەیەدا دیارى بکەین، ئەوش لەڕێگاى قاپ و قاچاخى مەعدەنى (بۆکان)و کنەو پشکنینى دێرینناسى گۆڕستانى "کول تاریکە"وە بوون، بەپشتبەستن بەسەیرکردنمان بۆ وێنە جیاجیاکانى رەگەزو شێوەى کەلوپەلى فەرهەنگیان کەبەدەستگەیشتوون، ئەمانە بەگشتى دەریدەخەن کەقەڵاى (زێوێە)و ئەترافەکانى خاوەنى فەرهەنگى هاوبەشبوون.

یەکێک لەو سواڵەتانەى لە (زێوێە) بەدەستگەیشتوون، لەگۆڕستانى "کول تاریکە"ش جارێکیتر لە(2)گۆڕدا بەجیادەرکەوتوون، لەوانە گۆزەلەیەک یان گوڵدانێکە کەلاشەکەى و گەردنەکەى، بەنەخشى ئەندازیارى بەشێوەى سێگۆشەو بەڕەنگى ڕەش تەختەکەى و تەواوى بەدەنەکەى داپۆشیوە، جگەلەوەش بەڕەنگى پیرۆزەیى و سەوزى کەمڕەنگیش پشتێنەدراوە، ئەم سواڵەتە بۆیەکراوو نەخشێنراوە بەسەیرکردنى بەدەن و شێوەى تەواوى رەنگەکەى هاوشێوەى سواڵەتى (زێوێە)یەو جیاوازیشیان تەنیا لەبوونى نەخشى چەند پەڕەگوڵ و دیمەنى چەند ئاژەڵێکدا هەیە.

ئەم گوڵە چەند پەڕە لە"کول تاریکە"ش شێوەکەى لەسەر پارچە ئێسقان بەرچاو دەکەوێت، سواڵەتى تریش لەڕەنگى لۆبیاى تۆخ جارێکیتر لەهەردوو شوێنەکەدا بەرچاو دەکەون کە دەمەکانیان کراوەتەوەو دوو دەسکیان لەسەر شێوەى ئەلقەى پەنجە هەیە، کە ناوەڕاستى بەدەنەکەى گرتووە.

ئەم سواڵەتانە بەزۆرى لەشێوەدا جوانن و بەدەنەکانیان لەناوەڕاستدا دەرپۆقیون و نەخشى هەڵکۆڵراویان تیادایە کە لەخۆر دەچێت، تیشکەکانى لەشێوەى چەرخدا پەخش دەکات.

کەلوپەلى کانزایى زۆرى تریش وەکو سنجاق بۆ جوانى و شووژنى مەعدەنى و پارچە مەعدەنێک لەسەر شێوەى گەڵا لەو شتومەکانەن کە لەهەردوو شوێنەکە بەرچاودەکەون، جگە لەسەدان مۆرى لەبەرد دروستکراوى رەنگاورەنگى بچکۆلەو مۆرى یاقوت کە لەو دوو خاکەدا بەدەستگەیشتوون، ئەمانە تەواو لەڕووى رەنگ و پێوانەو توخمەوە هاوشێوەن، بەشى زۆرى مۆرە رەنگاو رەنگەکانیش کەشێوە خاکین و لەگۆڕستانى "کول تاریکە" و (زێوێە) دۆزراونەتەوە، هاوشێوە دەوەستنەوە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە لەسەر دروستکردنى ئەم کەلوپەلى فەرهەنگى و سواڵەتە مەعدەنییە کەبەو شێوەیەیە:

ئایا ئەم پیشەیە کەشێوەى خۆى وەرگرتووە ناوخۆییە، یان وەرگیراوەو لەشوێنى ترەوە هاتووە؟

بۆ وەڵامى ئەمە لەئێستادا ناتوانین قسە لەسەر ناوچەى دانیشتن و مانەوە لە"کول تاریکە"دا بکەین، تاوەکو بەپێى بەڵگەکان لێکۆڵینەوەى لەسەر نەکەین، وادیارە کەلوپەلى جوانسازى ناو گۆڕەکان و سواڵەتە بۆیەکراوەکانى، پێدەچێت لەناویاندا تەنیا سواڵەتە ساکارەکان رۆژانە دروستکرابن، بەبەڵگەى لاوازى ئەوەى لەم شوێنەدا تەنیا کورەى سووردانەوەیان بەدەستگەیشتووە، بەڵام تاکو ئێستاش بەڵگەى دروستکردنى سواڵەتى بریقەدار، یان قاڵبەکانى مەعدەنسازى بەدەست نەگەیشتوون.

سەرئەنجام مرۆڤى کۆمەڵگاى "کول تاریکە" کە ئابوورییەکەى لەسەر ئاژەڵدارى و کشتوکاڵى دێم بووە، لەڕێگایانەوە ژیانى گوزەراندووە، بۆچوونى پسپۆڕانیش لەسەر سواڵەت و قاپ و قاچاخە مەعدەنییەکان، لەبەکترەوە دوورە، بوونى ئەو بەڵگانەش یان نزیک بوونەتەوەى ڕاوبۆچوونەکان لەسەریان، کنەو پشکنینى ئایندە لەشوێنى مانەوەى جێگاى گۆڕستانى "کول تاریکە" دا، رەنگە کەمێک لەبەکترى نزیک بخاتەوە بۆ گەیشتن بەئەنجامى پرسەکان.

سەرچاوە:
مجموعه مقالات همایش بین المللی باستان شناسی ایران: حوزه شمال غرب/ بەکوشش دکتر مسعود ادرنوش/چاپ نخست
/1383لە86-81


ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1862:
لە سەردەمی ئەبراهام لیکۆلن و جەنگی ناوخۆیی ئەمریکادا شەڕی حەوت رۆژە بەرپا بوو .



سالی 1945:
میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سان فرانسیسکۆ واژۆ کرا .



سالی 1993:
لە وەڵامی هەوڵی تیرۆرکردنی بوشی باوک لە کوێت ، ئەمەریکا بە موشەک هێرشی کردە سەر بارەگای هەواڵگری عیراق لە بەغدا .



سالی 1995:
لە ئەسیوپیا ، حوسنی موبارەکی سەرۆکی پێشووتری میسر رووبەڕووی هەوڵێکی تیرۆرستی بووەوە .



سالی 2006:
کۆماری چیای ڕەش بووە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان .




سالی :2015
لە کوێت هێرشێکی خۆکوژی کرایە سەر مزگەوتی ئیمام سادق و لە ئەنجامدا 27کەس کوژران و 227کەسی دیکەش بریندار بوون .

دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی



شۆڕش خالید نازگەیی

وشەی کۆمەڵگای مەدەنی لە زمانی ئینگلیزی بە مانای civil Society و لە زمانی فەرەنسیش بە مانای Civil Societeوە دێت. وشەی Civis لە زمانی لاتینیەوە هاتووە و لە سەردەمانی کۆندا وەک شوناسێکی سیاسی بۆ تەعبیرکردن لە " کۆمەڵگەی هاوڵاتیان" هو بەکار دەهات.هەردوو چەمکی کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەردەمی تازەدا وەک دوو فاکتەری بەرچاو و کاریگەر لە پێناسەکردنی شوناسی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی سیاسی دەگێڕن.



بەشی دووەم وکۆتایی

جۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
(نەریتگەرا و مۆدێرن)


لەگشت کۆمەڵگا پیشەسازی و گەشەسەندووەکاندا تۆڕێک لە ڕێکخراو و کۆمەڵەی ناحکومی ناڕێکخراو و خێرخوازی پەرش و بڵاوی داکۆکیکار لە مافی هاوڵاتیان بوونیان هەیە کە دەکرێ ناویان بنێین ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەریتگەرا. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەریتگەرا ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەن، بە شێوەیەکی نافەرمی و لەسەر بنەمای کۆمەڵێک نەریت و عورف و سیمبولی کۆمەڵایەتی و نەریتی کۆن دامەزراون و لە ڕێگەی تۆڕێکی نافەرمیەوە لە پەیوەندی و کارلێکی بەردەوامدان لەگەڵ لایەنە دەسەڵاتدارە ڕەسمیەکانی کۆمەڵگەوە. ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوە نافەرمیانە خاوەنی پێکهاتە و سروشت و ستراکتۆرێکی تایبەت بە خۆیانن و لەسەر بنەمای نەریت و تێگەیشتن و باوەڕە کۆمەڵایەتی و ئایینی و جڤاکیە کۆنەکانەوە کار دەکەن و ئامانجیان خزمەتی گشتی و جڤاکی و خێرخوازیە. ئەم جۆرە کۆمەڵە و ڕێکخراوانە لە حاڵەتی بێهێزی و دەستەوەستان و پەککەوتەیی حکومەت و لایەنە سیاسیەکانەوە، چالاکی زیاتر بە خۆیانەوە دەبین و ڕووبەری جوڵە و جالاکیەکانیان بەرفراوانتر دەکەن و دەکرێ بە سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم بدرێن.بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی نەریتگەرا، کۆمەڵگەی مەدەنی مۆدێرن لە لایەن بڕیارسازە سیاسیەکانی وڵاتە دێموکراسیەکانەوە (پەرلەمانی هەڵبژێردراو) یاسا و ڕێوشوێنی کارکردنیان بۆ دیاری دەکرێ بەڵام بەهیچ شێوەیک ئاستەنگ ناخرێتە بەردەم کار و چالاکیەکانیانەوە.

ئامادەیی ئەم جۆرە کۆمەڵە و ڕێکخراوە ناحکومیانە لە کۆمەڵگە دێموکراسیەکاندا لە خۆیدا دەبێتە هۆکاری سەرخستنی بەشداری ڕاستەوخۆی هاوڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیدا و گێڕانی ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان لە چۆنیەتی چارسەری ئەو پرسانەی پەیوەندی بە ژیان و گوزەران و داهاتووی هاونیشتیمانیان و وڵاتەوە هەیە.ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بە پێچەوانەی لایەنە سیاسیەکان و کۆمپانیا بازرگانیەکان بە دوای سوود و قازانجی تایبەتی و شەخسیەوە نین. سیاسیەکان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیش بۆ دابینکردنی زۆرترین سوود و قازانجی ئابووری و مادیەوە، لە جەمسەری بەرامبەر ڕێکخراوە ناحکومەیەکاندا هەمیشە لە کێبەرکێ و کارلێکی دوو لایەنەدان. لە هەموو حکومەتەکان دەستەبژێری سیاسی هەمیشە لە هەوڵی گرتنە دەستی حوکم و گرتنە دەستی دەسەڵاتدان و کارو چالاکیە سیاسیەکانیشیان هەر لەم چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە. دەسەڵاتدارانی وڵات لە ڕێگەی دەرکردنی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییە گشتیەکانی تایبەت بە باج و دەرامەت و خەرجیە گشتیەکانی کۆمەڵگە، دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کەرتی گشتیدا پیادە دەکەن و بەردەوام لەگەڵ یەکتر لە مڵملانێدان.لە کاتێکدا ئاراستەی کارو چالاکیەکانی سەرمایەداران و بەڕێوەبەرانی کەرتی تایبەت سوود وەرگرتنە لەو کەش و هەوا و زەمینە گونجاوەی حکومەت بۆیان دەڕەخسێنی بە مەبەستی بەدەست خستنی زۆرترین سەرمایە و سوود و قازانجی دارایی و کەڵەکەکردنی سەرمایەوە. لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەشدا ڕێکخراو و کۆمەڵە ناحکومی و سەندیکاکانی کۆمەڵگە دێن کەوا ئاراستەی کار و چالاکیەکانیان پاراستن و بەرگری و داکۆکی کردنە لە مافی کرێکار و کارمەند و کارگوزار و کارکەرانی کەرتەکانی گشتی و تایبەتەوە. بەکورتی دەتوانین کار و ئەرکی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی **کۆمەڵگەی مەدەنی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت کەینەوە:**

۸ - گوشار هێنان بۆ سەر حکومەت و کەرتی تایبەت، لە پێناو وەڵامدانەوەی داواکاری و دابین کردنی مافە گشتیەکان داواکاری هاوڵاتیانەوە.

۹- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان لە پێناوی بەشداری کردنی کارا و چالاک لە کاوروبارەکانی پەیوەست بە ژیان و گوزەرانیانەوە.

بەمجۆرە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە وڵاتە دێموکراسیەکان ئەم ڕێکخراو و کۆمەڵانە لە خۆ دەگرێ:
ڕێکخراوەکانی پشتیوان و داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ، هاوپەیمانیە خۆجێیەکان، زانکۆکان، ئەنجومەنی یاسادانان (پارلەمان)، ڕێکخراوە ناحکومیەکان، ڕێکخراوە خۆجێیەکان، یەکێتیەکانی تایبەت بە ئافرەتان، بزووتنەوە لۆکالیەکان، ڕێکخراوە ئایینیەکان، فدراسیۆنەکانی لاوان، یەکێتیەکانی تایبەت بە بازرگانی و بەکاربەر، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیسراو و بینراو و نووسراوی سەربەخۆ، ژووری بازرگانیەکان، دامەزراوە و سەنتەرەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە سەربەخۆکان، گرووپ و دەستە ئەدەبی و هونەریەکان و ....هتد.تەوەری سەرەکی ڕێکخراو و کۆمەڵە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گشت وڵاتە دێموکراسیەکاندا، خزمەتی هاوڵاتیانە نەک گیرفان و بەرژەوەندیە شەخسی و تایبەتیەکانەوە. هاوڵاتی و بەرژەوەندیە گشتیە زیاریەکان، هەمیشە چەقی کار و چالاکی و گرینگی پێدان و بەرگری و داکۆکی کردنە لە مافە بنەڕەتی و گشتیەکانی و بە ئامانج گەیاندن و سەرخستنی چەمکی ڕاستەقینەی مافی هاوڵاتی بوونە، دوورلە بەرزکردنەوەی دروشمی قەبە و باق و بریقەدار و لە خشتەبردن و سەرگەرم کردن بە دروشمی وەهمی و سیاسەتبازیەوە.



کاریکاتێر

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/6/26 ژمارە (5776)

مانشێت



سکای نیوز:
سەرۆکی ئەمەریکا داوای لەو ولاتانە کرد کە نەوت لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکڕن ، کەشتیەکانیان بپارێزن .



رۆژنامەی ئەلحەیات:
لە کۆنگۆ بەهۆی پەتای ئیبۆلا تا ئێستا 1500کەس گیانیان لەدەست داوە .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکوومەتی تورکیا رایگەیاند کە دووڕخستنەوەی لە کڕینی فڕۆکەی ئێف 35کارێکی نایاساییە .



ئەی ئێف پی:
ئێران دووپاتی کردەوە کە سزا تازەکانی ئەمەریکا هەموو ڕێگا دیبلۆماسیەکانی داخست .



فرانس 24:
بۆریس جۆنسۆنی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی بەریتانیا رایگەیاند ئەگەر ولاتەکەی بەبێ ڕێککەوتن لە یەکێتی ئەورووپا بچێتە دەر ، ئەو کاتە پێویستی بە یارمەتی ئەو یەکێتیە دەبێ .



کەنالی ئار تی:
بە تۆمەتی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی کوودەتا ، دادگای ڤێتنام سزای 12سال بەندکردنی بەسەر هاوڵاتیەکی ئەمەریکیدا سەپاند .

ئەنگێلا مێرکڵ

ئێمە نەوەی پۆست سایکس-پیکۆین





د.محەمەد خدر مەولود
کاتێک کورد و کوردستانیان بەخواست و ویستی خۆیان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ، ریفراندۆمی سەربەخۆییان ئەنجام دا، پرسیان بە کەس نەکرد و کە لە ئەنجامدانیشیدا سەرکەوتن ، هەڵەی مێژووی سەد ساڵەی بە زۆر و ستەم دابەشکاری و پێوەلکانی بێ خواست و ویستیان بەو ولاتە سەیر و سەمەرەی عێراقی ناوە راستکردەوە و ئاشتییانەش بەجیهانیان راگەیاند (ئێمە نەوەی دوای سایکس پیکۆین) .

ڕەتکردنەوەی عێراقێک بەوجۆرەی کە هەبوو ، پێشێلی دەستوور و پێکەوەژیانی هاوبەش بکات . پرۆسەیەکی بوێر و ئازایانە بوو ، لادانیش نەبوو لە پرسەکانی ماف و جارنامەی ماڤەکانی مرۆڤ و پرنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان . بەپێچەوانەوە ، بەڵکو پرۆسەکردنی مافێکی سروشتی بوو ، بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بەشێوەیەکیدا ئاشتیانە بۆ هێنانەدی مافەکانی مرۆڤ و نەتەوە و ئیتنی ڕەنگ و دەنگ و شێوە و زمان و کەلتور و مۆرالْ جیاواز .
خاتوو ئەنگێلا ..
ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ، ڕەتکردنەوەی بەزۆر پێکەوەژیان بوو لەگەڵ عێراقێک بەس خەڵکەکەی دەزانێت چ دۆزەخێکی پێکەوەژیانە ، بۆ ئاینز و ئاینزا و نەتەوە جیاوازەکان سەرباری ئەو پێشێلکارییە بەردەوامەی مافەکانی گەلی کوردستان کە لە دەستوور چەسپاو بوون . گەر ریفراندۆم لە لایەن زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان بە شاری کەرکووکیشەوە جیهانی بەلایەکدا سەرسام کردبێ ، بەلایەکەی دیکەیدا و لەناوخۆی کوردستانیشدا بە بەرنامە و نەخشە و ڕابەرایەتی سەرۆک و پیاوی بوێری مێژوو سەرۆک مسعود بارزانی بەڕێوەچوو . ئەو پیاوە ، ئەو سەرۆک و ڕابەرە مێژو کردە لەبەردەم نەتەوە ملیۆنییەکەیدا گوتی: با هەر بڵێین ، خەڵکی چی دەڵێ بابڵێ، من مسعود بارزانی : (خۆم شەرمەزاری خوا و نەتەوە وخەڵکە تێکۆشەرەکەم ناکەم)،جارنامەی مافی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیێنم.ئەو ساتەی ئێمەی کوردستانیان ڕوومان لە سندوقەکانی دەنگدان کرد ، دەنگی بوێر و شەرەفمەندانەمان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان دا تازە لە گەورەترین و مەترسیدارترین جەنگدا ،هەر بە پشتیوانی و سەرۆکایەتی سەرۆک و ڕابەر و پێشمەرگە (مسعود بارزانی) میدالیای سەرکەوتنی مەزنمان بەسەر داعشدا بە بەرۆکی مرۆڤایەتی وەکردبوو. هێشتا قوربانییەکانی خوێنی ڕژاوی پێشمەرگە قارەمانەکانی ئێمە، لە بەرەکانی شەڕدا بۆ تێکشکاندنی (تەلیسمی داعشی) وشک نەببۆوە ، میدالیایەکی دیکەی شەرەفمەندیمان پێ بەخشرا کە میدالیای (ریفراندۆمی سەربەخۆیی) بوو .
ئەرێ بۆ لە سەربەخۆیی دەترسن خاتوو ئەنگێلا.. ؟
خۆ بەرێزیشتان سەرۆک و ڕاوێژکاری ئەو ولاتە پان وپۆڕەی ئەلمانیای دوای ڕووخانی دیواری بەرلین و ئازاد بوون و سەربەخۆبونی مرۆڤی ئەلمانی نین .وانییە ..؟ مەگەر ئەو کورسییە سەرۆکایەتی و ڕاوێژکارییەی حوسێن و عەلی کیمیایی بەچی گەیشت ..؟ ئەوە خۆ برا و کەس و کار و نەوەی عومەری خاوەر و مندالانی ئەنفالی گەرمیان و بارزانیانی قوشتەپە و هەرێر و شەهیدانی دۆڵی بالیسان و شێخوسانان و ڕووباری ڕوویێ شیێن و بادینان بوون دەنگیان بە ریفراندۆمی سەربەخۆیی دا.
ئەرێ .. خاتوو ئەنگێلا..
ئەوە چ ویژدانێکە وا بەو سینگە فرەوانەوە دەڵێی : من لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان دانیم..؟ دەزانی بەو قسەیەت کزەت لە جەرگی هەزاران دایک و خێزانی شەهیدی داعش هێنا ..؟ وا مندالانیان لە بەرامبەرتان چاو ئەبڵەق وەستاوە و فرمێسک لەچاوانییان قەتیس ماوە .
ئەنگێلا .. خاتوونەکەی ئەلمانیای میلانۆ و لەسەری دانیشتوون هەرتەنیا هی دیوێکی ئەلمانییەکان بێ.. ؟ئەرێ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ،بۆ مرۆڤی ئێوەی ئەلمانی دۆڕاوی گەورەترین شەڕی جیهانی ڕەوا بێ ئازا و سەربەخۆ بێ ، کەچی بۆ مرۆڤی کوردی باشووری بڕاوەی گەورەترین و دڕندەترین جەنگی تیرۆری داعش ناڕەوابێ..؟ ناڕەوابێ سەربەخۆیی و ئازاد بێ ، ڕۆژانەش مافە دەستوورییەکانی پێشێل کرێ و ملیۆنان ئاوارەش لە نەوە و ئاین جیاواز بحەوێنێتەوە و بۆ لەگەڵ عێراقێکدا بژێت مووچە و بودجەی بڕیێ و هەر بۆشی بلوێ ئەنفالی بکاتەوە و جینۆسایدو و کیما بارانی بکات. ئەرێ بەراست دەنگ و باسی کۆمپانیاکانی ئەلمانیای سەردەمی دوو بلۆکەکە لەگەڵ عێراقی سەدام پشتیوانی پێشمەرگە لە شەڕی داعش .ئێمە دوێنێ و پێرێ و بەسترپێرێی خۆمان و جیهان و دەر و دراسێوی خۆشمان باش لەبیرە تۆ خۆت خاتون و سەرۆکی ولاتێکی جوانی دوای فاشیەتی ئەلمانی و ڕووخانی دیواری بەرلینی ، ولاتەکەت مارانگەستەی دەستی فاشیەتە ، هیوادارم لە دیدگای پرسەکانی مافی گەلانەوە ، لەچەمکی یەکگرتنەوەی هەردوو بەرەی ئەلمانییەوە ، لە پرەنسیپەکانی ئازادی و سەربەخۆیی گەلانەوە سەیری ئەو قوربانیی و مەزنیەی گەلی کوردستانیش بکەی ، ئەو قوربانییە زۆر و مەزنەی ئەو گەلە داویەتی ، نەک بۆ سەربەخۆیی ولاتێک ، بەڵکو بۆ سەربەخۆیی و ئازادی چوار ولات دەشێت .

بۆ یەکەمین جارە ئەمەریکا پەردە لەسەر وردەکاریی لایەنی ئابووری سەفقەی سەدە ڕادەمالێت



ئا: خالید گەردی
لەگەڵ بوونی بەسەرۆکی ئەمریکا ، دۆنالد ترامب چەندین جار پێشنیاری بۆ چارەسەرکردنێکی ریشەییانەی ململانێی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل خستۆتەڕوو ، کە دواتر هەوڵەکانی بە سەفقەی سەدە ناونرا، ئەگەرچی تا ئێستا ڕوالەتی سەفقەکە تەماوییەو ڕوون نییە ، بەڵام هەندێ پێیان وایە دەستپێکی سەفقەکە بە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی نێوان ولاتانی عەرەب و ئیسرائیل دەست پێ دەکات.ئیدارەی ئەمریکا بۆ یەکەمین جار زانیاریی لەسەر وردەکاریی لایەنی ئابووری "سەفقەی سەدە" خستەڕوو ڕایگەیاند:

هەوڵ دەدات وەبەرهێنان بە زیاتر لە (50)ملیار دۆلار بۆ بەرژەوەندی فەلەستینییەکان فەراهەم بکات، لە ماوەی (10) ساڵی داهاتووشدا، داهاتی نێوخۆی فەلەستینییەکان بۆ دوو هێندە زیاتر بکات.ئیدارەی دۆنالد ترەمپ ئاشکرای کرد دەستپێشخەرییەکەی ئەمریکا هەوڵێکە بۆ چاککردن و بەرەو پێش بردنی کەرتی ئابووری فەلەستینی هەروەها بەستنەوەی بە ولاتە دراوسێکانی، تا زیاتر سەرنجی وەبەرهێنەرە نێودەوڵەتییەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت.کۆنگرەی مەنامە لە بەحرێن، کە بریار وایە هەفتەی داهاتوو بەسەرۆکایەتی گارید کوشنەری زاواو ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمریکا بەڕێوە بچێت، هەڵێک دەبێت بۆ خستنەڕووی پلانەکەی ئەمریکا کە ماوەیەکی درێژە چاوەڕێ دەکرێت، بە پێی وتەی هەندێ لە بەرپرسان دواتر باس لەسەر لایەنە سیاسییەکەشی دەکرێت.کۆشکی سپی پلانەکە بە پلانێکی مێژوویی ناودەبات، کە دواتر وردەکارییەکانی لەگەڵ بەرپرسە دارایییەکانی ولاتانی کەندا و لە بەحرێن باس دەکات. هەروەک کۆشکی سپی باسی لێوە دەکات، پلانەکە بە شێوەیەکی ریشەییانە کەرتی ڕۆژئاوا غەزە دەگۆڕێت و قۆناغێکی نوێ لە مێژووی فەلەستینی دەست پێ دەکات، پلانەکە زیاتر لە ملیۆن هەلی کاریش بۆ فەلەستینییەکان دابین دەکات. بەمەبەستی سەرلەنوێ نووسینگەی خۆی لە رامەللا کارنامەی کۆنگرەی بەحرێنی ئەمریکا ڕوونی کردەوە لە پێناو دوور خستنەوەی گەندەڵکاران لە پارەکە، بانکی گەشەپێدانی نێودەوڵەتیی پرۆژەکە بەڕێوە دەبات.
مەحمود عەباس سەرلەنوێ ڕەتی دەکاتەوە
هەر کەمێ دوای ڕاگەیاندنی وردەکاریی لایەنی ئابووری پلانی یەکلاکردنەوەی ململانێکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست مەحمود عەباسی سەرۆکی فەلەستین لە نووسینگەی خۆی لە رامەللا کارنامەی کۆنگرەی بەحرێنی ڕەتکردەوەو گوتی: ناکرێت بەتەنها باس لە ڕەوشی ئابووری بکرێت و لایەنە سیاسییەکەی فەرامۆش بکرێت، کە باس لە ڕەوشە سیاسییەکەی نەکرێت، ئێمەش ڕەفتار لەگەڵ ڕەوشە ئابووریەکە بەتەنیا ناکەین.لای خۆشیەوە ئەحمەد حافزی وتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەوە میسر بە ئاژانسەکانی هەواڵی فەرەنسای ڕاگەیاند، میسر بەشداری لە کارنامەی کۆنگرەکە لەژێر ناونیشانی (ئاشتی لەپێناو گەشەپێدان) کەوا بڕیارە لە ڕۆژانی (25و26ی مانگی حوزەیران) بەڕێوەبچێت دەکات، بەڵام بەشداری کردنمان لەسەر ئاستی ناردنی شاندێک لە وەزارەتی دارایی بەسەرۆکایەتی جێگری وەزیری دارایی دەبێت.
وەزارەتی دەرەوەی ئەردەنیش ڕایگەیاند، ولاتەکەی بەشداری لە کۆنگرەی بەحرێن دەکات، بەڵام چارەسەرکردنی کێشەکە، پێویستە لەسەر بنەمای دامەزراندنی دوو دەوڵەتی فەلەستینی و ئیسرائیلی بێت.

سەرچاوە: فرانس /24 ف پ

ئایا لە ئایندەدا ژمارەی گەشتیاران بەردەوام زیاد دەکات؟



زۆربەی گەشتیاران ئارەزووی بینینی شوێنی نوێ و خزمەتگوزاری نوێ دەکەن، کاتێ گۆڕانکاری و پێشکەوتن نەبوو گەشتیار بە دووایی ولاّت و شاری نوێ ئەگەرێت. لە چەند ساڵی رابردوو بەردەوام ژمارەی گەشتیاران زیادی کردووە، بەردەوام کەرتی گەشتیاری لە پێشکەوتن دابووە، لە 80%بۆ 90%گەشتیارەکان لە ناوەوەی عێراق بوونە، زۆربەی گەشتیارانیش چەند جارێک گەشتی دووبارەیان بۆ هەرێمی کوردستان کردووە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە بپرسین ئایا زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران بەردەوام دەبێت؟

بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەک هاوڵاتی بۆچوونی خۆی دەربڕیوە:

شۆرش ئیسماعیل: بارودۆخ وا بروات ژمارەی گەشتیاران کەم دەکات، چونکە شوێنی گەشتیاری گەورەمان نییە ، هیوادارم چەند پڕۆژەیەکی وەکو چاڤیلاند و کۆڕک یان پێشکەوتوو تر و جوانتر لەسەر ڕووبارەکان دروست بکرێن یان لەناوچەکانی ڕەواندز یان ئاکرێ یان هەر شوێنێک ئاوی لێبێت.

عەبدوڵڵا سەلام: کوردستان شوێنێکی دڵگیرە، گەشتیاران ڕووی تێدەکەن، بەردەوامیش ڕێژەی گەشتیاران لە زیاد بوون دە بێ، پێویستە شوێنە گەشتیارییە کان زیاتر پەرەی پێبدرێت و ڕێگای باش و سەلامەتیان بۆبچێت و زیاتر گرنگی بە ڕیکلام کردن بدرێت، تاوەکو ئێستا بێجگە لە گەشتیاری عێراقی گەشتیاری بیانینمان نەبینیوە. کاروان عەزیز ئاغا: ئەگەر بێتو بارودۆخی ئێران و تورکیا بەم شێوەیە بێت ژمارەی گەشتیاران لەم دۆخە دەوەستێت. بەڵام ئەگەر هاتوو دراوی تومەن و لیرە نرخی لە بۆرسە بەرز بێتەوە گەشتیار ڕێژەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. مەبەستمە بڵێم تادراوی دراوسێمان وا بشکێت گەشتیار کەمتر دێت. پێویستە بە دوای ئەو هۆکارانە بگەڕێین کە دڵی گەشتیار خۆش ئەکات. بەڕای من هەول دەین گەشتیاری ئەوروپی ڕابکێشین ئەویش هۆکاری هەیە لە وەرزی زستان هەول دەین ناوچە گەرمەکان بۆیان بەکار بێنین.

ئەبی ئەحمەد: هۆیەکی سەرەکی لە زیاد بوون و کەم بوونەوەی ژمارەی گەشتیار بەستراوە بە فاکتەری ڕامیاریەوە، لە حاڵەتی ناسەقامگیری ئەم دۆخە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر کەمبوونەوەی ژمارەکە و بە پێچەوانەش ڕاستە کە لە حاڵەتی ئاسایی و بەرزبوونەوەی ژمارەکە خۆی دەبینێتەوە، بە ئومێدی ئەوەی ساڵانی داهاتوو سەقامگیری سیاسی باڵ بەسەر هەرێمدا بکێشێت.

ئازاد گەردی لە گروپی شاخەوانی هەڵۆی پایتەخت: ئەگەر کەرتی گەشتیاری پەرەی پێ بدرێ بێ گومان زیاد دەکات بەڵام لەئێستادا بێ سەروبەری پێوەدیارە، زۆربەی شوێنە گەشتیاریەکان بەدەست کەرتی تایبەتە، ئەوانیش بێ پلان کاردەکەن، ئاساییە بەدەست کەرتی تایبەتەوە بێت، بەڵام پێویستە زیاتر بدرێت بە کۆمپانیاکانی گەشتیاری و حکومەت سەرپەرشتی جدی بکات و کەسانی بیانی بێنێ بۆ دیزاین کردنی شوێنە گەشتیاریەکان. بۆ نموونە ئەوکەپرانەی لە گەلی عەلی بەگ دروست کراون زۆر شتێکی ناشیرین و ناشارستانین و بۆ خێزان ناشێن. ئەگەر بێت و کەرتی گەشتیاری پەرەی پێ بدرێ کوردستان هیچی کەمتر نیە لەوڵاتانی دەوروبەر.

کاوە ڕەشید: ئەگەر وابروات بێگومان ژمارەی گەشتیاران کەم دەبن، چونکە شوێنە گەشتیارەکان زیاتر پێویستیان بە فراوان کردن و پاک ڕاگرتنیان هەیە.

سەعید بابان دەرچووی گەشتوگوزار: پێموایە ئەگەر کەرتی گەشتوگوزاری هەرێم لەم ئاستدا بمێنێتەوە ژمارەی گەشتیاران بەرەو کەمی دەچێت، چونکە کەم گەشتیار حەزدەکات دووبارە بچێتەوە شوێنک کە بینیویەتی، حەز بەشوێنی تازە و خەزمەتگوزاری جیاواز تر دەکات. شوێنی جوگرافی هەرێم و ئاو وهەوا و خاکەکەی هەموو جۆرە گەشتوگوزارێکی لێ دروست دەکرێت، بۆ هاتن و مانەوەی زیاتری گەشتیار دەبێت خزمەتگوزاری زیاتر هەبێت.

گەشتوگوزاری ئاوی

سروشتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەرزو نزمی زۆرە کە چەندان لوتکەچیاو دۆڵی درێژی هەیە، لە زستان بەفروبارانی لێ دەبارێت، ڕووباری بچوک و کانیاوی زۆرە، زێی گەورەو بچوک کە دوو سەرچاوەی ڕووباری دیجلەن لە عێراق بە ناو خاکی کوردستان دەڕۆن، کانیاوی زۆر لە ناوچە شاخاویەکان هەیە، زیاتر لە 20 تاقگەی جۆراوجۆری وەک گەلی عەلی بەگ و بێخاڵ و ئەحمەدئاواو شەرانش و سولاف و بەستێ هەیە، ژمارەیەک بەنداو دەریاچە و گۆماو لە بەرزایی چیاکان هەیە ، وەک بەنداوی (دووکان، دەربەندیخان، دهۆک و باوەشاسوار، گۆماوەکانی بناری هەڵگۆرد و سیدەکان). لە شارەکانی سلێمانی و دهۆک و هەولێر ، ژمارەیەک مەڵەوانگەی کراوەو داخراو دروست کراوە. ژمارەیەک شاری یاری ئاو (ئەکوا پارک) لە شارەکان بەرووی گەشتیاران کراونەتەوە، ڕووبارەکانی دوکان و چۆمان و سۆران و کەڵەک و بارزان و شیلادزە شوێنی بەڵەمەوانی و یاری ئاوین. سەرجەم ئەم بنەمایانە بواری گەشتوگوزاری ئاوی بۆ گەشتیاران دەڕەخسێنن، بە تایبەت ئەنجامدانی یارییە ئاوییەکان ، جیگای بایەخە کە سەرچاوە ئاوەکانی کوردستان ئاوەکەیان لە جۆری شیرینەو ئاوێکی پاک و سازگارە، زیاتر لە 16جۆر کانی دەرمانەاوی جۆراوجۆر بۆ چارەسەری نەخۆشی جۆراوجۆر لە خزمەت هاوڵاتیان و گەشتیاران دان. واتە گەشتیاران دەتوانن بە چەندان جۆر سوود لە ئاوەکانی کوردستان وەربگرن.

فۆتۆ/ هێمن ڕانیەیی



سەیرانگای وەرتێ- پارێزگای هەولێر

بۆچی قوربانیەکانی خنکان لە گەشت و سەیران زۆر ئەبن؟

سروشتی کوردستان بە کانی و ڕووبار و تاقگەی جوان و گۆماو و دەریاچە ڕازاوەتەوە، وەک یەکێک لە بنەماکانی گەشتیاری کاتبەسەربردن گەشتیاران لە هاوین زیاتر ڕوو لە چەم و ڕووبارەکان و گۆماوەکان ئەکەن، بە هۆی نەشارەزایی و بە هۆی نەبوونی ئەزموونی مەڵەوانی و بە هۆی کەمتەرخەمی و گرنگینەدان بە مەترسی شوێنەکان و بگرە هەندێکجار بە هۆی نەبوونی مەڵەوان و فریادڕەس زۆرجار لیرە و لەوێ هەوالی خنکانی هاوڵات و گەشتیار بڵاو ئەبێتەوە. ڕوداوی لەم جۆرە گەشت و شادی و خەندە ئەکات بە شین و گریان، کە لەڕاستیدا کاتێکی زۆر سەخت و گرانە. بەڵام بۆ ئەوەی نەگەین بەم کات و ساتە ناخۆشە، پێویستە ڕەچاوی چەند خاڵێک بکەین : (پیویستە هاوڵاتیان پابەندی ڕێنمای نووسینی تابلۆکان بن، ئەگەر تابلۆ نەبوو پێویستە پیش مەڵەکردن لە هەرشوێنێک پسیاری مەڵەوانی ناوچەکە بکەن، ئەگەر دەست نەکەوت پێویستە دوورکەونەوە لەو شوێنەی قوڵە یان ئەو شوێنەی زانیاریتان لە بارەیەوە نییە، پێویستە چاوتان لەسەر منداڵەکانتان بێت و ڕێگە نەدەن لێتان دوور بکەونەوە یان یاری بە ئاوی ڕووبار و شوێنە مەترسیدارەکان بکەن. ئەگەر هەرسوورن لەسەر مەڵەکردن پێویستە گوریسی فریاگوزار لەو کەسە ببەستنەوە ئەوسا ڕێگەی پێبدرێ مەڵە بکات، یاخود پێویستە بەڵای کەمەوە یەلەگی مەڵەوانی بەکار بهێنن. بە هیوای سەلامەتی بۆ هەموان.

بەرلەوەی گەشت بکەیت پێویستە چی بکەیت؟



گەشت و گەران بۆ خۆشی و ئاسوودەی و دەرکردنی هیلاکی میشک و جەستەیە، بۆ ئەوەی گەشتێکی پڕ لە خۆشی بەسەر ببەیت، پێویستە پلان بۆ گەشتەکەت دابنێیت و هەنگاو بە هەنگاو خاڵەکانی پلانەکەت جێبەجێ بکەیت. هەنگاوەکان : (دیاریکردنی خەرجی گەشت، هەڵبژاردنی شوێنی گەشت، هەڵبژاردنی تیمی گەشت، کاتی دەرچوون و ماوەی مانەوە و کاتی گەڕانەوە، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شوێنی گەشت، وەک نەخشە، وێنە، سروشت و دووری و لایەنی کۆمەڵایەتی دانیشتوان.

ئامادەکردنی پێداویستی گەشت، وە هاتووچۆ، جۆری خواردن و ژەمەکان، پێداویستی پۆشین و مانەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێک ئەگەر دابنێ و هەندێک کەلوپەلی زیادە لەگەڵ خۆت ببە وەک دەرمانی سەرتای و ڕوناکی و جلی زیادە و ئەگەر شوێنەکە دووربوو لە ئاوەدانی ئەوە پێلاوی زیادە و خواردنی وشکراو لەگەڵ خۆت ببە.

ئەم شوێنە بناسە

گۆمی بێکۆدیان





گۆمی بێکۆدیان بەرزترین و جوانترین گۆمە لە کوردستان و عێراق . ناوی (گۆمی بێکۆدیان) لە ناوی بنەماڵەی بێکۆدیان لە ناحیەی سەرکەپکانی سەربەقەزایی ڕانیەوە هاتوە کە پێشتر وەک هەوارنشینی هاوینان بۆ لەواڕاندنی ئاژەڵەکانیان چونەتە ئەم گۆمە.

گۆمی بێکۆدیان دەکەوێتە پارێزگای هەولێر سنوری بەڵەکایەتی لە قەزایی چۆمان لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە سەر چیای حەساری سەکران، دەکەوێتە نێوان هەردوو لوتکەی پڕخێڵەند و قەرەد ئەو گۆمە (3150)مەتر لە ئاستی ڕوی دەریاوە بەرزە و بەدرێژای ساڵ بەفری لێدەمێنیتەوە لە ئێستا دا هەندێک لە هاوڵاتیان و شاخەوانەکان گەشتی بۆدەکەن. شاخەوانەکانیش گرووپ گرووپ سەردانی دەکەن، لە ڕێگای ناوچەی (پڕژە)ی بەڵەکایەتی نزیکەی 8 بۆ 10کاتژمێر بە پیادە بەناو لوتکاچیاو دێمەنی سیحراوی و هاژەی تاقگە بەفراوەکان دەگەیتە گۆمی بێکۆدیان. پلەی گەرمی لە ناوچەکە 10بۆ 15پلەی سیلیزی تێپەڕ ناکات، تا کۆتایی مانگی هاوین بەفری لێ نابڕێت و کەوتۆتە زۆنی ناشنالپارکی هەڵگورد-سەکران. گەشتیاران شەوێک لەو شوێنە دەمێننەوە و هەندێکیشیان لەناو بەفری بێکۆدیان مەڵەوانی دەکەن و هیلاکی و نەخۆشی لەوێ فڕێ دەدەن.

وێنە: محەمەد مراد ئاکرێی

هەولێر لە نێو یاریگا و هاندەرانی لەگەڵ نەجەف یەکسان بوو



لە: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

لەگەڕی 32مینی خولی نایابی عێراق رۆژی دووشەمە 24/6/2019لەنێو یاریگای نێو دەوڵەتی فرەنستۆ هەریری،هەردوو یانەی هەولێر و نەجەف لەیاریبەکی مامناوەندی دا ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، یاریبەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەبێ گۆڵ کۆتایی هات و یانەی هەولێر بەم ئەنجامە دوای کۆکردنەوەی 40خاڵ لەپلەی دەیەمی ڕیزبەندی خولەکەدا دەبینێت، لەبەرانبەردا یانەی نەجەف دوای کۆکردنەوەی 37خاڵ لەپلەی سێزدەمینی ڕیزبەندی خولەکە جێگیر بووە.

هەریەکەو بەخاڵێکی یاریبەکە ڕازی بوون، ئەگەرچی لەهەردوو گێمی یەکەم ودووەمدا یانەی هەولێر بەئاست و بەتوانا لەیانەی نەجەف باشتر دەبینران، هەرەوها بۆ چەندینجار یاریزانانی هەولێر لەڕێگەی هێڵەکانی ناوەراست و هێڵەکانی پێشەوە چەندین مەترسیان بۆ سەر تیپی میوان دروست کرد بەڵام هەموو هێرشەکانیان بێ سوود و بێ ئامانج بوون، پاشان هەردوو ڕاهێنەری یانەی هەولێر و نەجەف بۆ گۆڕینی ئەنجامی یاریبەکە چەندین ئالۆگۆڕیان لەپێکهاتەی تیپەکە ئەنجام دا، بەڵام هیچ لەئەنجامی یاریبەکە نەگۆڕدرا، ئەوەی جێی هەڵوەستە کردنە یانەی نەجەف هەر لەسەرەتای یاریبەکە تا کۆتایی بۆ یەکسانبوون یاریبان دەکرد، بەتایبەتی تیپی میوان زۆر جاران کاتی یاریبەکەیان بەخۆخستنەوەی خوارەوە و کات کوشت یاریبەکەیان بەسەر دەبرد بەمەبەستی بەدەستهێنانی خاڵێکی یاریبەکە، ئەوەبوو تاکۆتایی یاریبەکە ئەنجامەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەبێ گۆڵ بەکۆتایی هات و یانەی هەولێر بەم ئەنجامە دوای کۆکردنەوەی 40خاڵ لەپلەی دەیەمی ڕیزبەندی خولەکەدا دەبیندرێت، لەبەرانبەردا یانەی نەجەف دوای کۆکردنەوەی 37خاڵ لەپلەی سێزدەمینی ڕیزبەندی خولەکە جێگیر بووە.

ئەنجامی یاریبەکانی دیکەیش بەمشێوەیە بوو:

ئەلحوسێن *0کەرخ 0
دیوانیە *1مینا0
نەفت *1سناعەی کارەباییات 0

کۆڤاسیچ پەیامێک ئاراستەی سێرنا دەکات

کۆڤاسیچی ئەستێرەی کرواتی سوپاسنامەیەک ئاراستەی دارین سێرنای کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی کرواتیا دەکات کە وازهینانی لە یاریکردن هێنا و لەمەودوا ئەرکی یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی شاختار دۆنیستک وەردەگرێت.

کۆڤاسیچ لە تویتێکدا نوسیویەتی: سەرکردەم سێرنا، سوپاس بۆ هەموو شتێک لەناوەوە و دەرەوەی یاریگا، تۆ لە هەوو کاتێکدا هەر سەرکردەی ڕاستەقینەی، من دڵنیام تۆ لە ئەرکی تازەتدا سەرکەوتوو دەبی بەتایبەتیش لە بەرەنگاربوونەوەکانی داهاتوودا.

کچە شەترەنجزانی ئەرمینیا لە دیمانەیەکی خەباتدا

ناری ئاراکیلیان: شەترەنج هانت دەدات کە جاری داهاتوو بەهێزتر دەربکەوێت و زیاتر فێربببی





دیمانە: هاوار مورتکەیی

ناری ئاراکیلیان کچە شەترەنجزانی ئەرمینیا خاوەن ریتینگی 1927ی یەکیتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە، کە لە ئاداری ساڵی 1995لە ئەرمینیا لەدایک بووە، ئێستاش قوتابی ئەندازیاری بیناسازی کۆڵێژی ئابووری زانکۆی ئەو وڵاتەیە و لەهەمان کاتیش یاریزانی شەترەنجە، ئەو لە دیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات باس لە خۆشەویستی خۆی بۆ شەترەنج و دەسکەوتەکانی دەکات لەم بوارەدا.

زۆرترین بەشداری لە ئاستی قوتابخانەکان

ناری دەڵێت: لەڕێگای باوکمەوە فێری شەترەنج بووم کە بەردەوام ئەو لەگەڵ هاوڕێیەکانی ئەو یاریبەیان دەکرد، کاتێکیش فێری ئەو یاریبە بووم تەمەنم 11ساڵان بوو، هەر ئەوکاتیش بەشداری پاڵەوانێتیم کرد بۆ خوار تەمەن 11ساڵی، دواتریش بەشداری پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکانی کارین ئەسەریان، تاون جیرمۆک، کە لە ئاستی کچان پلەی سێیەمم بەدەستهێنا، لە ساڵی 2016بەشداری پاڵەوانێتی شەترەنجم کرد لە سەر ئاستی ئافرەتانی ئەرمینیا توانیم پلەی دووەم بەدەست بهێنم، چوار ساڵ لەسەر یەکتری بەشداری پاڵەوانێتی قوتابخانەکانم کردووە دواجار لە ساڵی 2017لە پاڵەوانێتی قوتابخانەکانی ئەرمینیا بەشداریم کرد و پلەی یەکەمم بەدەستهێنا، بۆ ساڵی دواتر بەشداریم لە هەمان پاڵەوانێتی کرد بەڵام پلەی پێنجەمم بەدەستهێنا، لە ساڵی 2018بەشداری پاڵەوانێتی کراوەی ساغگادزوری ئافرەتانم کرد کە پاڵەوانێتییەکی بەهیز بوو توانیم پلەی دووەم بەدەست بهێنم.

ئەوە دەهێنێ زیاتر فێر ببی

دواتر ئەو خانمە شەترەنجزانەی ئەرمینیا زیاتر دەڵێت: شەترەنج جیایە لە یاریبەکانی دیکە و هەر یاریبەک خەونێکت هەیە، دەتوانم بڵێم هەندێ لە خەونەکانم هاتوونەتە دی بەڵام خەونی گەورەشم ماوە و بۆ ئەمەش تا ئێستا لەسەر ڕاهێنان و بەشداریکردن بەردەوامم، شەترەنج بەڵای منەوە گەشتیکی هزریە، سەربەستیت پێدەدات و فێرە ئارامگرتنت دەکات، زانستە و فێری زۆر شتت دەکات لە ژیان، شەترەنج سەرسەختی خۆشی پێبەخشیوم، هەمیشە هانت دەدات کە جاری داهاتوو پیبوستە بەهێزتر دەربکەوی، شەترەنج ئەوە دەهێنێ کە زیاتر فێربببی و خۆتی لەسەر ماندوو بکەی.

بارزان

خولێکی تۆپی پێ بەڕێوەچوو

مسلم دۆلەمەری ۆ بارزان

ناوەندی چالاکی وپێگەیاندنی لاوانی بەرۆژی سەربەناوەندی بالای بارزان لەدرێژەی کاروچالاکییەکانی خۆیدا بەئامادەبونی ژمارەیەک لە بەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی وریکخراوەیی ووەرزش دۆستان لە یاریگای فریزی دەستکردی بەرۆژ کۆتای بەخولێکی تۆپی پێ هێنا , شایانی باسە ئەم خولە بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز لەلایەن ناوەندی ناوبراو بۆ 14تیمی سنوری خۆی ئامادەکردبو کەلەئەنجامدا هەردووتیپی ڕێبازو یەعقوب گەیشتنە یاری کۆتایی وتیپی یەعقوب توانی بە 5گۆڵ بەرامبەر بە 3 گۆڵ سەرکەوێت وببێتە پاڵەوانی خولەکە ,لەکۆتاییشدا خەلات بەسەر سەرکەوتوانی خولەکەدا دابەشکرا.

ئەمڕۆ لە سلێمانی پاڵەوانیەتی یانە پلە نایابەکانی شەترەنجی کوردستان بەڕێوەدەچێت

لە ژێر چاودێر و سەرپەرشتی لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، یەکێتی شەترەنجی کوردستان پاڵەوانیەتی یانە پلە نایابەکانی کوردستان ئەنجامدەدات لە پاریزگای سلێمانی، ئەمڕۆ چوارشەممە ڕێکەوتی 26/6/2019کاتژمێر پێنج و نیوی ئێوارە لە هۆڵی سیتی سینما لە سەرچنار، ئەو پاڵەوانیەتیە لە 7گەڕ پێکدێت و چوار ڕۆژ دەخایەنێت.

لەو پاڵەوانیەتەدا ڕیزبەندی یانەکانی کوردستان دیار دەکرێت و چاوەڕواندەکرێت 12یانەی وەرزشی تێدا بەشدار بێت، شایانی ئاماژەیە ئەو پاڵەوانیەتیە تۆمارکراوە لە لایان یەکێتی شەترەنجی جیهانی (فیدا).

هۆگتۆن: ڕۆژانە ڕاهێنانم لەسەر ئەو گۆڵە دەکرد گە لە کامیرۆنم تۆمار کرد



ستیڤ هۆگتۆنی خانەبە یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا خۆشحاڵی خۆی بە سەرکەوتنیان بۆ بۆ قۆناغی 8ی پاڵەوانێتی جامی جیهانی ئافرەتانی 2019دوای بردنەوەیان بەسەر هەڵبژاردەی کامیرۆن 0-3گۆڵ.

هۆگتۆن دەڵێت: سەبارەت بەو گۆڵەی تۆمارم کرد، گەردیکی بچووکم بینی و هەوڵمدا توانای خۆم بەکاربهێنم، کە ڕۆژانە ڕاهێنانم لەسەر ئەو گۆڵە دەکرد، ئەوەبوو لە ڕاهێنانەکەم سەرکەوتوو بووم.

جیی باسە ستیڤان هۆگتۆن کە گۆڵی یەکەمی بۆ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا تۆمار کرد، لەو یاریبەدا بەباشترین یاریزان دەستنیشان کرا.

فۆنسیکا گەیشتە ڕۆما

پاولۆ فۆنسیکای پورتوگالی گەیشتە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا بۆ وەرگرتنی ئەرکە تازەکەی وەک ڕاهێنەری یانەی ڕۆما.

یانەی ڕۆما لە پەیجی فەرمی خۆی ساتە وەختی گەیشتنی فۆنسیکای ڕاهێنەری پێشووی شاختاری ئۆکرانی بەوێنەوە بڵاوکردەوە، کە لەپێشوزایاندا ژمارەیەک لە دەستەی کارگێڕی و یاریزانان و هەوادارانی ئامادەبوون.



ئەمڕۆ لە جامی نەتەوەکانی ئەفریقا

نایجیریا- غینیا 5:30ئێوارە
ئۆغەندا- زیمبابوێ 8:00
میسر- کۆنگۆ 11:00

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 26. Jun. 2019 No: (5776)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

سلێمانی.. ڕێوڕەسمێک بۆ یەک لە قوتابییە یەکەمەکانی سەر ئاستی هەرێم ئەنجامدرا

دالیا هاشم: پێشبینی ئەوەم نەدەکرد لە قوتابییە یەکەمەکان بم



لە شاری سلێمانی ڕێوڕەسمێکی ڕێزلێنان بۆ یەک لە قوتابییە یەکەمەکانی سەر ئاستی هەرێم لە قۆناغی 12ی ئامادەیی لە بەشی زانستی ئەنجامدرا، ئەو قوتابییەش باس لە شێوازی کۆششکردن و بەدەستهێنانی ئەو نمرەیە و کاردانەوەی دەکات. دالیا هاشم عارف قوتابی خوێندنگەی گەشەیە لە شاری سلێمانی و بە بەدەستهێنانی 98.86توانی لەسەر ئاستی شەشەمی زانستی سێیەمی هەرێم بێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئەمڕۆ لەناو خوێندنگەکەیدا ڕێوڕەسمێکی ڕێزلێنانی بۆ سازکرا. دالیا لە گوتەیەکدا سەرەتا سوپاسی خودای کرد لەسەر ئەو نمرەیەی لە تاقیکردنەوەکاندا بەدەستی هێناوە، هەروەها سوپاسی خێزانەکەی بە تایبەتی دایک و باوکی کرد کە هەمیشە هاوکاری بوون و بەردەوام لە مالەوە بوون تاوەک ژینگەیەکی لەبار بۆ دابین بکەن بۆ تێکۆشانی زیاتر و خوێندنەوەی وانەکانی، سوپاسی خوێندنگە و مامۆستایانیشی کرد کە هاوکاری تەواویان کردووە . دالیا گوتی: "پڕلی شەشەم زیاتر هیلاکییە و زیرەکی نییە، من خۆم لە کۆتاییدا هێندە خۆم هیلاک کرد تا ئەو نمرەیەم بەدەستهێنا، بۆیە ئامۆژگاری قوتابیانی پڕلی شەشەم بۆ ساڵانی داهاتوو دەکەم کە لە کۆتایی و کاتی تاقیکردنەوەکاندا زیاتر هەوڵ بدەن و هیلاکتر بن تا لە کۆتایی و وەرگرتنەوەی ئەنجامەکاندا ئەنجامەکەی وەربگرنەوە". دالیا باس لەوە دەکات، لەسەرەتاوە زۆر هەوڵی نەداوە و زۆر ماندوو نەبووە تا کاتی دەستپێکردنی وەرزی نوێی خوێندن، لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن دەستی بە هەوڵ و کۆشش کردووە لە وانەکاندا بەتایبەت وانە زانستییەکان کە باشتر شارەزایی هەبووە تێیاندا، بەڵام لە وانە زمانەوانییەکاندا کەمتر هەوڵی داوە، ئەوەش لە کۆتاییدا بەخراپ بەسەر ئەودا شکاوەتەوە و نمرەیەکی کەمتری لەو وانانەدا بەدەستهێناوە، بۆیە ئێستا پەشیمانە. دالیا ئاماژە بەوەش دەکات، لە تاقیکردنەوەی وانە زمانەوانییەکاندا زۆر باش نەبووە و پێی وابووە نمرەیەکی کەمتر دەهێنێت کە لە سەروو کۆ نمرەی 90وە بێت، بەڵام پێشبینی ئەوەی نەکردووە لە ریزی یەکەمەکان بێت و لە کاتی ئاشکراکردنی ئەنجامەکان و دەرکەوتنی ئەنجامەکەی زۆر خۆشحاڵ بووە.



سلێمانی.. یادی ڕۆژی جیهانی یۆگا کرایەوە

شەهریار

بەرهەمە نوێیەکەی بڵاوکردەوە



بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی لاوی دەنگخۆش شەهریار حەسەن دوای ماوەیەک لە لەژیانی دوورە وڵاتی گۆرانییەکی نوێی بەناوی (دونیا) بڵاوکردەوە و کلیپێکی جوانی لەدەوەی وڵات بۆ کردوە، شەهریار دەربارەی ئەم کارە نوێیەی بەخەباتی گوت: گۆرانی دونیا تێکستی براو شاعیری خۆشەویست کاکە ڕەنج سەنگاوییە و میلۆدی خۆمە و ئارانگمینت شادمهیر نامۆ و ڤۆلین جەمال چەلەبانی و گوتارباس شەهریڤان موسا و قوینا ئامینگ هیتاسی وکامێرا و دیرکتۆر (ڕێکان، سەیدا، ئۆفیسالّ، پرۆدۆستۆن ماناگیر مەنسور –متل و ئەکتەر ئەلیگسەر ئاڤیس و میکیاج تاوار شاهۆی کۆلۆر گاردنگ دیاری مەهدی. شەهریار لەدوماهیدا گوتی، سوپاس بۆ سەرجەم ئەوکەسانەی هاوکارم بوون و هیوادارم ئەم بەرهەمە بەدڵی هەواداراتم بێت وخزمەتێکی بچوکم بەهونەری کوردی کردبێت.



لەپێناو ئینسایکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر

عەبدولڕەحمان مەعرووف

گومان لەوەدا نییە لە زۆربەی وڵاتان کار لەسەر بواری ئینسایکلۆپیدیا کراوە، چونکە بەشێکە لە کولتووری گەلان، کەوایە ئێمەش دەبێ لە تەواوی بوار و بابەتەکان مشووری بۆ بخۆین و قۆڵی لێ هەڵماڵین. ئەوەی لێرەدا من دەمەوێ باسی بکەم 10ساڵە کار لەسەر (ئینسایکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر و دانیشتووی هەولێر) دەکەم، کاتی خۆشی بەشێکی ئەمەم بە پەلە لەسەر داوای لیژنەی (ئینسایکلۆپیدیای هەولێر) ئامادە و بڵاوکردەوە، ئەمە وەک هەنگاوی یەکەم، ئەگەر تەمەنیش بە بەریەوە بمێنێ هی شارە خۆشەویستەکانی دیکە و پارچەکانی دیکەش لە پلان و بەرنامەم دایە.

پرۆژەکەشم کارێکی گشتگیر و فراوانە، لە نووسەرانی هەولێر و دانیشتووی هەولێر، کە خاوەن کتێب و چاپکراون دەگرێتە خۆی، دەبێ ئامارژە بەو خاڵەش بکەم، کە من پرۆژەکەم لە ساڵی 2014تەواوکرد، بەڵام بە هۆی تەنگژەی دارایی و بارودۆخی هەرێم ڕێک نەکەوت چاپ ببێ، تا بە ئەمڕۆ گەیشتین و ڕۆژ بە ڕۆژ کارەکە بەرفراوانتر و دەوڵەمەندتر و نووسەرەکانیش زیاتر بوون، کە گەیشتۆتە 2000 لاپەڕە و 4 بەرگ.لە دوا دەرفەتیش مەبەستمە بیڵێم بژێەوەی لە دوای چاپبوونی پرۆژەکە کەس گلەییم لێ نەکا و لە دڵەوەش پەرۆشم و حەزناکەم خاوەن کتێبێک جێ بمێنێ و ناوی تیا نەبێ لەوانەی چاپکراویان هەیە تا ڕێکەوتی: (1/8/2019) گەورەمان بکەن و (CV)سیڤییەکانیان بۆ ئەم ئیمەیلە:
(abdulrahman. m.rasul@gmail.com) یان لە ڕێگای مەسەنجەری فەیسبووکەکەمەوە (https://www.facebook.com/awrahman.marif) بنێرن.

گۆرانییبێژی میللی شیروان عبدوڵڵا گۆرانییەکی نوێی بڵاوکردەوە



توانا زرار: شیروان عەبدوڵڵا یەکێکە لەو هونەرمەند و گۆرانییبێژە میللییانەی خاوەن دەنگ و گۆێگرێکی تایبەت بەخۆیەتی. شیروان عەبدوڵڵا نوێترین کاری هونەری خۆی بەناوی "جەژن" وەکو دیاری جەژنانە پێشکەشی هەواداراکانیکرد.جەژن" نوێترین کاری هونەری گۆرانییبێژ شیروان عەبدوڵڵا بوو. هۆنراوەی عەلی ئیدیایە، مەریوانی برای کاری موزیکی بۆ کردووە. شیروان عەبدوڵڵا لە هەژماری خۆی لە فەیسبووک ئەم گۆرانییەی بڵاوکردووەتەوە و وەکو دیاری جەژن پێشکەشی هەواداراکانی کردووە. شیروان عەبدوڵڵا ساڵی ١٩٧٥ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٩٢ لە بواری گۆرانی وتندا دەرکەوتووە و چەندین ئەلبوومی گۆرانی بڵاوکراوەی هەیە و یەکێکە لە گۆرانییبێژە میللییە دیارەکان و هەواداریکی زۆری هەیە، جگە لە ئەلبووم و گۆرانییەکانی لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا گۆرانی دەڵێت، ساڵی ڕابردوو چووەتە دەرەوەی وڵات و ئێستا لە ئەڵمانیا دەژیێت.